زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست

(١١)

# چۆنێتی

# حەجکردنی پێغەمبەر ﷺ

**بە و شێوەیەی کە جابر رضي الله عنه لێیەوە دەیگێڕێتەوە**

نووسینی

شێخ : ( محمد ناصر الدين الألباني )

- بەرەحمەت بێت -

وەرگێڕانی

مامۆستا : عدنان بارام

**چاپی یەکەم**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی وەرگێڕ :

**إن الحَمد للهِ نحمده ونستعِينه ونستغفِره ونعوذُ بِاللهِ مِن شرورِ أنفُسِنا ومِن سيئاتِ أعمالِنا من يهدِهِ اللهُ فَلا مضِل له ومن يضلِلْ فَلا هادِي له ...**

**وأشهد أنْ لا إله إلاّ اللهُ وحده لا شرِيك له ...**

**وأشهد أن محمداً عبده ورسوله ...**

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ [سورة آل عمران : ١٠٢ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [سورة النساء : ١] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [سورة الأحزاب :٧٠ ـ ٧١] .

**أما بعد : فَإن أصدق الحَدِيثِ كِتاب اللهِ وخير الهَدي هدي محمدٍ ﷺ وشر الأمورِ محدثَاتها وكُل محدثَةٍ بِدعةٌ وكُل بِدعةٍ ضلالَةٌ وكُل ضلالَةٍ فِي النارِ .**

شوکر و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهانیان کە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندم جارێکی تر و لە پەرستشێکی تردا خزمەت بە ئایینە پیرۆزەکەم بکەم ، ئەوەش دوای لە چاپدان و بڵاو بوونەوەی هەردوو کتێبی وەرگێڕاوی :

✍ ( **چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ لە تەکبیرەی ئیحرامەوە تاکو سەلامدانەوە هەروەکو چۆن لەپێش چاوتدا بێت** ) لە نووسینی : شێخ

(محمد ناصر الدين الألبانــي) .

✍ وە ( **چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەمەزاندا** ) لە نووسینی : هەردوو شێخی بەڕێز **(سليم بن عيد الهلالي ، وعلي حسن بن علي بن عبدالحميد الحلبي الأثري) .**

ئەم جارەیان لـە شـاکارێکی تـری زانـای پایـە بـەرز و فەرموودەناسـی سـەردەم **( محمد ناصر الدين الألبانــي )** ـ بـە ڕەحمـەت بێـت ـ بـە نـاوی : (**چۆنێتی حەجکردنی پێغەمبەر ﷺ بە و شێوەیەی کـە جـابر رضي الله عنه لێیـەوە دەیگێڕێتـەوە**) ، کـە داواکـارم لـە پـەروەردگاری میهرەبـانم مـن و ئـەو بەڕێزەش لە ژێر بەیداخی پێغەمبەری ئیسلام ( **محمد** ) دا ﷺ حەشر بکات ، و لە بەهەشتی بەرینیشدا بە دیداری پێغەمبەرەکـەی شـادمان بکـات ، و قەڵـەمی بەزەیی و عەفو و میهرەبانی خۆی بهێنێـت بـە سـەر هەڵـە و تاوانـەکانمان ، هـەر ئەوە بە توانا بە سەر ئەو کارە ، و مەبەستیش هەر ئەوە .

**برای موسڵمان ، و حاجیانیماڵی خوا :** ئەوە بزانە کـە تێـر و تەسـەلی تـەواوی وەرگرتنـی پەرستشـەکان بەسـتراوە : بـەوەی کـە تـا چ ڕادەیـەك پەرستشەکە لە سوونەتی پێغەمبەری خواوە ﷺ نزیکـە ، وە تـا چ ڕادەیـەك لە تازەگەری و بیدعەکانەوە دوورە .

بۆیە پێغەمبەری خـوا ﷺ دەیفـەرموو : **" يا أيها الناس خذوا عني مناسككم ... "**[1] ، واتـە : ئـەی خەڵکینـە ئـاداب و کردارەکـانی حـەجم لێـوە فێـر بـن ، و وەرگرن .

چونکە حەجەکەت بۆ ئەوەی وەربگیرێت ، پێویستە شوێنکەوتەی ئـەو

---

[1] صححه العلامة الألبانــي في صحيح الجامع ، حديث رقم : (٧٨٨٢) .

بی تێیدا ، ئەگەر نە دەرئەنجامی پێچەوانە دەبێتەوە .

هەروەها فەرموویەتی : **"من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه ، فهو رد"** [٢].

واتە : هەر کەسێك تازەگەری و بیدعەیەك لەم ئایینەی ئێمەدا دابهێنێت ، و لەو نەبێت ، ئەوا بە ڕووی خاوەنەکەیدا ڕەت دەکرێتەوە .

**جا برای حاجیم :** ئەگەر ئەتەوێت حەجەکەت لە سەر سوننەتی پێغەمبەری خـوا بێـت ﷺ – إن شـاء الله - و وەربگـیرێ نـەك ڕەت بکرێتـەوە ، و هـەموو کۆششێکت بە فیڕۆدا نەڕوات ، وە بۆ ئـەوەی – إن شـاء الله - ئـەم فەرموودەیـە بتگرێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێدا فەرمویەتی : **" من حج فلـم يرفـث ولم يفسق ، رجع من ذنوبه كيوم ولدته أمه "** [٣].

هـەوڵی ئـەوە بـدە کـە ئـەم کتێبـە بـە ووردی بخوێنیتـەوە ، و لـە کـاتی ئەنجامدانی حەجەکەشت دا پیادەی بکەی ... چونکە ئـەو بابـەت و لێکۆڵینـەوە وردانەی کە لەم شاکارەدا دەیبینیت ، لە شوێنی تردا دەستت ناکەون .

داواکارم لە خـوای پـەروەردگار و میهرەبـان بـۆ خـاتری نـاوە پـیرۆز و سیفەتە جوانەکانی ئەم کردارە و هەموو کردارەکـانی تریشـمان بـە لوتـف و کەرەمی خۆی وەرگرێت ، و لە ترازووی چاکەکانماندا بێـت ، و لـە ڕۆژێکـدا پاداشتمان بداتەوە : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ [سورة الشعراء : ٨٨ ـ ٨٩] ، و لە هەموو هەڵەکانیشمان ببوورێت .

وە داواکریشم لە خوێنەری بەڕێز ئەگەر هەر هەڵەیەکی بەرچاو کەوت ، بـەو چاوەوە تەماشای بکات کە وەرگێڕان و نووسینەکەش ، مرۆڤ کردە ، و مـرۆڤیش هەروەکو پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : **" كل بني آدم خطاء وخير الخطائين**

---

[٢] متفق عليه .

[٣] أخرجه الشيخان .

**التوابون "**[٤].

وە کاردانەوەشت بەرامبەر بە هەڵەکان ئاوێنە ئاسا بێت هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **المؤمن مرآة المؤمن ...** " [٥] .

**ئاشکراشە کە ئاوێنەش :**

١ / شتەکان وەك خۆی و بێ گەورەکردنەوە پیشان دەدات .

٢ / تەنها ئەوە بەر چاو دەخات کە ئامۆژگاری پێویستە ، بێ زیاد خستنە سەر .

٣ / بە بێ دەنگی ، و بێ هات و هاوار و تووڕە بوون شتەکە دەخاتە ڕوو .

٤ / شوێنی هەڵەکە تێ ناپەڕێت لە کاتی ئامۆژگاریەکەیدا .

٥ / مەبەستی لا بردنی ئەو شتە نامۆ ، و ناڕێکەیە کە لە ڕوومەت یان هەر شوێنێکی تری ئەو کەسەی کە لە ئاوێنەکە دەرکەوتووە .

یان چەندەها سیفەتی تر کە لە ئاوێنەدا هەن ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بڕوادارانی لە ئامۆژگاریدا بۆ یەك شوبهاندووە بە ئاوێنە ، بەڵام بەداخەوە لە هەموو سەردەمێکدا کەسانێکی دەروون بە زیو هەبوون ، و هەن کە چاویان بەوە هەڵنایەت سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە ناو خەڵکدا بڵاو بێتەوە ، شەمشەمە ئاساخۆشیان بە هەڵهاتنی خۆردا نایە !!! و هەڵەکان ـ دوور لە ڕەووشتی ئاوێنە ـ زیاد لە قەبارەی خۆیان گەورە دەکەنەوە ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە وەسفیاندا فەرموویەتی : " **يبصر أحـدكم**

---

[٤] حسنه الألباني في : صحيح الجامع ، حديث رقم : (٤٥١٥) .

[٥] حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : (٢ / ٥٩٦) ، برقم : (٩٢٦) .

**الفذاة** في **عين أخيه ، وينسى الجذع ـ أو الجذل ـ** في **عينه معترضا "** [٦] .

وە ئەوەش بزانە ئەمە سیفەتی ئەهلی بیدعە هەروەکو (الشيخ عبد اللطيف آل الشيخ) فەرموویـەتی : ((ومن عادة أهل البدع : إذا أفلسـوا مـن الـ ـحجة ، وضاقت بـهم السبل ، تروجوا بعيب أهل السنة وذمهم ومدح أنفسهم)) .

واتە : داب و عادەتی ئەهلی بیدعە ئەوەیە کە ئەگەر ئیفلاسیان کرد لە بەڵگە هێنانەوە ، و هیچ دەربازیەکیان نەبوو ، لەوکاتـەدا پـەنا دەبەنـە بـەر عەیبدار کردنی ئەهلی سوننە ، لە گەڵ مەدحکردنی خۆیان .

وە مەبەستی فاجرو خراپە کاران لە باسی عەیبی براکانیان لـە ووتـەی (فُضيل بن عياض) دا دەردەکەوێت کە فەرموویەتی : (( المؤمن يستر وينصح ، والفاجر يهتك ويعير )) .

واتـە : بـڕوادار عـەیبی بـرای موسـڵمانی دادەپۆشـێت ، و ئامۆژگـاری دڵسۆزانەی دەکات ، بەڵام مرۆڤی فاجر و خراپەکار پـەردە لـە سـەر عـەیبی موسڵمانان لادەدات ، و عەیبداریان دەکات ، و ڕەخنەیان لێ دەگرێت .

هــەروەها ســەبارەت بــە مەبســتی موســڵمان لــە ئامۆژگاریەکانیــدا فەرموویـەتی : (( الناصح غرضه بالنصح إزالة عيب أخيه المؤمن الذي وقع فيه ، واجتنابه له ، والفاجر غرضه مجرد إشاعة العيب في أخيه ، وهتكـك عرضـه ، وإظهار مساويه للناس ليتنقص أخوه ويدخل عليه الضرر في الدنيا )) .

واتە : ئامۆژگـاری کـار مەبەسـتی بـە ئامۆژگاریەکـەی نەهێشـتن و لابردنـی عەیبی برای بڕواداریەتی کە تێی کـەوتووە ، بـۆ ئـەوەی لێی دوور بکەوێتـەوە ، بەڵام کەسانی فاجر و تاوان بار مەبەستی تەنها بڵاو بوونەوەی عەیبی براکەیـەتی

---

[٦] صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : (١ / ٧٤) ، برقم : (٣٣) .

، لە هەتککردنی عیرچ و نامووسی براکەی ، و دەرخستنی عەیبەکانی بۆ خەڵك ، بۆ ئەوەی بشکێتەوە لە ناو خەڵکدا ، و بە هۆیەوە زیانی پێبگات لە دونیادا .

بۆیە نابێت خوێنەری بەڕێز ، بەو چاوەوە سەیری هیچ نووسین و کتێبێك بکات ، بەڵکو دەبێت بە ئامۆژگاری هەوڵی ئەوە بێت کە هەموو کارێکی کەم و کوڕی دار بگەیەنێت بە تەواوەتی ، کەماڵی مرۆڤکردانە .

ئەوەشمان لە یاد نەچێت خوای پەروەردگار لە مرۆڤدا عیصمەتی تەنها بۆ پێغەمبەران داناوە - علیهم السلام - نەك بۆ خەڵکانی تر ، جا برام ئەگەر هەر هەڵەیەکت بەر چاو کەوت ئەوا بزانە لە من و نەفسی تاوانبار و شەیتانەوەیە ، وە ئەگەر هەر ڕەواییەکەت بینی بزانە تەنها کەرەم و بەخششی خوای پەروەردگارە ، و دەرگاری ئامۆژگاریش والا و کراوەیە ، و وەرگێڕیش بە دڵ و سنگێکی فراوانەوە ـ لەم بابەتە بێت یان لە هەر بابەتێکی تر ، وەرگێڕان بێت یان نووسین ـ ئامۆژگاریەکان وەریدەگرێت ، و پێشەواشی ( **عمر** ) ی کوڕی ( **خطاب** ) ە رضي الله عنه کە فەرموویەتی : (( **رحم الله امرأ أهدى** لي **عيوبي** )) .

جا برای خوێنەر لە ئامۆژگاریەکانت بێ بەشمان مەکە ، چونکە ئایین ئامۆژگاریە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **الـدين النصـيحة ، الدين النصيحة ، الدين النصيحة ، ....** " (رواه مسلم) .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**وەرگێڕ**

**کەلار ـ کوردستان ـ العراق**

**١٥ ی / شوال / ١٤٢٧ ك**



## کورتەی پێشەکی نووسەر :

**إن الحَمد للهِ نحمده ونستعِينه ونستغفِره ونعوذُ باللهِ مِن شرورِ أنفُسِنا ومِن سيئاتِ أعمالِنا من يهدِهِ اللهُ فَلا مضِل لَه ومن يضلِلْ فَلا هادِيَ لَه ... وأشهد أنْ لا إله إلاّ اللهُ وحده لا شريك لَه ... وأشهد أن محمداً عبده ورسولُه ... أما بعد :**

ئەمە چاپی دووەمی ئەم پەرتوکەمانە کە ناوی (( **حجة النبي ﷺ كما رواها جابر** رضي الله عنه )) هـەولی ئـەوەمان داوە کـە چـاپی دووەمـی بکـەین دوای ئەوەی کەچاپی یەکەمی نەماوە و داواکاری زوری لەسەر دەکریت لە ولاتانی ئیسلامەوە ، بۆیە چاوم پیا خشاندەوە و هەندێك رستـەم بـۆ زیـاد کـردووە لەچەند سەر چاوەیەکەوە کە پێشتر چاپ نەکرابون وەك : (**موارد الظمآن إلى زوائد ابن حبان**) ، و (**المنتقى ، لابن الجارود**) ، و (**طبقات ابن سعد**) ، سـەرەرای لە گەڵ ئەوەشدا چـەندەها تعلـیقم بـو زیـادکردووە کـە چـەندەها سـوودیان تێدایە ، پاشان پاشکۆیەکم بۆ کردووە تێیدا زۆر لەو تازەگـەری و بیدعانـەم کۆکردۆتەوە کە حاجیان تێی دەکەون هەر لە سەرەتای دەرچونیان تاکاتی گەرانەوەیان .

وە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەنـدیك ئامۆژگـاریم هەیـە بـو خوێنـەرانی بەرێز و حاجیانی ماڵی خـوا ، بـەڵکو ببێتـە مایـەی سـود مەنـدی ئـەوان ، و خـوای پـەروەردگاریش پاداشـتی ئـەو ئاموژگارییانـەم بـو بنوسـێت ، هــەر ئەویشە کە بەسەر هەموو شتێکدا وبەتوانایە وەلامی بەندەکانی دەداتەوە :

❑ **یەکەم :** زۆر لە برا حاجیەکانمان کە ئیحرامی حـەج دادەپۆشـن وا نـازانن ئـەو پۆشـینە چـەندەها شـتیان لـە سـەر پێویسـت دەکـات ، لـە دوورکەوتنەوەیان لە تاوان ، و سەرپێچیەکان ، یـان کـە حـەج دەکـەن و لێ

دەبنەوە هیچ لە ڕەووشتە خراپەکانیانی پـێش حـەجکردنیان نـەگۆڕاوە !!
کە ئەوەش بەڵگەیە لە سەر ناتەواوی حەجەکەیان ، ئەگەر نـەڵێین لـە سـەر بەتاڵی حەجەکەیان ، بۆیە دەبێت حاجیان ئەم خاڵە ڕەچـاو بکـەن ، خـوای پـەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ ﴾ ( سورة البقرة : ١٩٧ ) .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" من حج فلم يرفث ولم يفسـق رجع من ذنوبه كيوم ولدته أمه "** ( أخرجه الشـيخان ) ، والرفـث : جـووت بوون دەگرێتەوە .

بـە پـێی ووتـەی زانایـانیش تـاوان ، و سەرپێچـی یـان حـەج بـەتاڵ دەکاتەوە ، یان لە پاداشتەکەی کـەم دەکاتـەوە و تاوانبـاری دەکـات ، جـا بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاگاداری حاجیان بکەمەوە لە چەندەها سەرپێچـی ، و تاوان کە حاجیـان بەتایبـەت ، و خـەڵکیش بـە گشـتی تووشـی دەبـن ، ئەوەش : یان لـە بـەر نـەزانینیان ، یـان بـە هـۆی زاڵبـوونی بـێ ئاگـایی بـە سەریاندا ، یان بە هۆی لاسایی کوێرانەیان بۆ باوك ، و باپیرانیان :

**١ / شەریك قەراردان بۆ خوای پەروەردگار :**

بێ گومـان نـەزانین ، و نەشـارەزایی موسـڵمانان بـە شـیرك یکێکـە لـە گـەورەترین موسـیبەتەکان کـە تووشمـان بـووە ، کـە گـەورەترینی تاوانـە گەورەکانـە ، و یەکێکـە لـەو کردارانـەی کـە هـەموو کردەوەکـانی لـە گەڵـدا پووچـەڵ دەبێتـەوە ، خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ﴾ ( سورة الزمر : ٦٥ ) ، کەچـی بەداخـەوە حاجیانمـان لـە ماڵی خوادا ، یان لە مزگەوتی پێغەمبەرەکەیدا شـەریك و هـاوەڵ بـۆ خـوای

پـــەروەردگار قـــەرار دەدەن !!! و واز دەهێـــنن لـــە هاوارکردنـــە خـــوای پـــەروەردگار هـــاوار دەکەنـــە پێغەمبـــەران ، و پیاوچـــاکان !!! ســـوێندیان پێـدەخۆن ، خـوای پــەروەردگار فەرموویــەتی : ﴿ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴾ (سورة فاطر : ١٤) ، ئەمە و چەندەها ئایەتیتر هەن سەبارەت بەم بابەتە ، بەڵام تەنها ئەم ئایەتە بەسە بۆ کەسێك کە دڵی کردبێتەوە بـۆ هیدایەت وەرگرتن .

**جا برای حاجیم :** ئەمەی کە تۆ ئەنجامی دەدەی هاوەڵ بڕیاردانـە بـۆ خوای تاك و تەنها ، بە هەر ناوێکەوە بێت : **(( توسل ، و شفاعة ، و واسطة ..... هتد ))** یان هەر ناوێکی تر هـەمووی هـاوەڵ بڕیاردانـە ، و هاوشـێوەی کار و کرداری موشریك ، و هاوەڵ بڕیاردەرانی کۆنە کـە خـوای پـەروەردگار سەبارەت بەوان فەرموویەتی : ﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى ﴾ ( سورة الزمر : ٣ ) .

جا نازانم چاوەڕێی چ سوودێك دەکەیت لە ئەنجامـدانی حەجەکـەت ؟! جا برای حاجیم پێش ڕۆشتنت بۆ ئەنجام دانی حەج هەوڵی ئەوە بدە شـیرك ، و هاوەڵبڕیـاردان بناسـی لـە ڕوانگـەی قورئـانی پـیرۆز ، و سـونەتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ ، چونکە ئەو کەسەی دەستیان پێوە بگرێت سەرکەوتوو دەبێت ، ئەوەش لێیان لا بدات سەرگەردان و گومڕا دەبێت .

**٢ / خۆڕازاندنەوە بە تاشینی ڕیش :**

ئەم تاوانەیان لە هەموو تاوانەکانی تـر بـەربڵاوترە لـە نێـو موسـڵمانان لـەم سەردەمەدا ، بە هۆی دەستگرتنی بێ باوەڕان بە سەر زۆرینەی وڵاتانیاندا ، و لە

گـەڵ گواسـتنەوەی ئـەم تاوانـە بـۆ ناویـان ، و لاسـایی موسـڵمانانیش بۆیـان ، سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کـردووە ، و فەرموویـەتی : **" خالفوا المشركين احفوا الشوارب ووفروا اللحى"** ( رواه شيخان ) .

**ئەم تـاوانە نـاشرینەش چەندەها پێچەوانە بوونەوەیی تێدایە :**

١ ـ پێچەوانەی فرمانی بە ڕاشکاوی پێغەمبەری خوایـە ﷺ کـە فرمـانی بە دانانی کردووە .

٢ ـ خۆشبهاندنە بە بێ باوەڕان .

٣ ـ گـۆڕینی خـەڵق ، و درووسـتکراوەکانی خـوای پـەروەردگارە ، و گوێڕایەڵیە بۆ شەیتان ، هەروەکو خوای پەروەردگار لێیەوە بۆمان دەگێڕێتـەوە کە ووتوویەتی : ﴿ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ ﴾ ( سورة النساء : ١١٩ ) .

٤ ـ خۆشـوبهاندن بـە ئافرەتـان ، و پێغەمبـەری خـواش ﷺ نـەفرینی کردووە لەو کەسانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان ، بە ئەنجام دانـی ئەو کردارە ، **بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە بڕوانە ( آداب الزفاف في السـنة المطهرة : لاپەڕەی : ١٢٦ بۆ لاپەڕەی : ١٣١ )** .

بۆیە جـێی داخـە حاجیانمـان دوای کردنـەوە ، و داکەنـدنی پۆشـاکی ئیحرام ، لە جیاتی تاشینی پرچیان کە سوننەتە بتاشرێت ، دەست دەکـەن بە تاشینی ڕیشیان ! ! ! لە کاتێکدا تا ئـەو کاتـەی پۆشـاکی ئیحرامیـان لـە بەردا بێت ڕیش دەهێڵنەوە ، و **( إنا لله وإنا إليه راجعون )** .

**٣ / لە دەستکردنی ئەنگوستیلەی زێڕ ( ئـاڵتوون ) بۆ پیـاوان :**

زۆرێك لە حاجیان دەبینـی خۆیـان ڕازاندووەتـەوە بـە لـە دەسـتکردنی ئەنگوستیلەی زێڕ ، وە کە ووتووێژمان لە گەڵیاندا دەکـرد دەردەکـەوت کـە

سێ جۆرە کەسن :

**یەکەم :** هەندێکیان بێ ئاگا بوون لە حەرامێتی ، بۆیە زووبەزوو لە دەستی دایدەکەند ، و ئێمەش هەندێك فەرموودەمان پێ ڕادەگەیاندن ، وەك فەرموودەی : " **ى رسول الله ﷺ عن خاتم الذهب** " ( متفق عليه ) .

یان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : " **يعمد أحدكم إلى جمرة من نار ، فيجعلها في يده !!** " ( رواه مسلم ) .

**دووەم :** هەندێکی تریان زانا و بە ئاگا بوون بە حەرامێتی ، بەڵام شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیان بوون ، ئەم جۆرەیان هیچ دەسەڵاتێکی ئێمەی نەبوو ، جگە لەوە نەبێت کە لە خوا بپاڕێینەوە کە خوای پەروەردگار هیدایەتیان بدات .

**سێیەم :** هەندەکەی تریان دانیان دەنا بە حەرامێتی بەڵام بیانوویان دەهێنایەوە لە تاوانەکەیان ناشرینتر بوو ( واتە : **العذر أقبح من الفعل** ) .

بۆ نموونە دەیانووت : ئەنگوستیلەی مارە بڕینەکەمە !! هەژارە نەیدەزانی ئەو کارەی دوو سەرپێچی تێدایە :

سەرپێچی نەهی ئاشکرا ، و ڕاشکاوی پێغەمبەر ﷺ دەکات ، هەروەکو لە پێشدا ئاماژەمان پێدان .

لە گەڵ خۆشوبهاندن بە بێباوەڕان ، لە گاور و خاچ پەرستان .

**بۆ زیاتر زانینی ئەم باسە بڕوانە ( آداب الزفاف في السنة المطهرة : لاپەڕەی : ١٣١ بۆ لاپەڕەی : ١٣٨ )** کە تێیدا باسی ئەوەشم کردووە کە قەدەغەکردنەکەش ئافرەتانیش دەگرێتەوە .

❑ **دووەم :** ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە نیازی

حەجکردنیان هەیە ئاداب و کردارەکانی حەج بخوێنن لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ ، پێش ئەوەی دەست بکەن بە ئەنجامدانی کردارەکانی حەج ، بۆ ئەوەی حەجێکی تێروتەسەل ، و تەواو بێت ، و خوای پەروەردگار لێیانی وەرگرێت .

چونکە لە حەجیشدا جیاوازی درووست بووە ، لە سەرچاوە شەرعیەکان ، **بۆیە دەڵێم :** با فێربوونەکەیان لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ بێت .

❑ **سێیەم :** وە ئاگادار بە وازنەهێنیت لە مانەوەی شەو لە مینا ( **المنى** ) لە شەوی عەرەفەدا ، و هەروەها مانەوەی شەو لە موزدەلیفە ( **المزدلفة** ) لە شەوی قوربانادا ، چونکە ئەوە ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەرەکەتە ﷺ ، بە تایبەت مانەوەی شەو لە موزدەلیفە لە شەوی قوربانندا تاکو کاتی بەیانی ، چونکە ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی حەج لە سەر ووتەی هەڵبژاردەی زانایان ، و گوێ مەدە بەو کەسانەی کە هەر هەڵپەی ئەوەیانە پارە وەربگرن !!! بێ باك لەوەی کە حەجی تۆ تەواوە یان ناتەواوە !!! شوێنکەوتەی سوننەت بیت یان نە !!!

❑ **چوارەم :** وە ئاگاداری ئەوە بە کە بە پێش نوێژی نوێژگەراندا بڕۆیت لە مزگەوتی کەعبەدا ( **المسجد الحرام** ) بێت یان لە هەر مزگەوتێکی تردا بێت ، لە بەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : " **لو يعلم المار بين يدي المصلي ماذا عليه ، لكان أن يقف أربعين خيرا له من أن يمر بين يديه " . قال الراوي : لا أدري قال : أربعين يوما أو شهرا أو سنة** ( رواه الشيخان في ( صحيحيهما ) ) .

هـەروەکو ئەمـەت بـۆ ڕەوا نـیـە ، ئەوەشـت بـۆ ڕەوا نـیـە کـە بـەبێ سوترە نوێژ ئەنجام بدەی ، کە ڕێگر بێت لە بـە پێشـدا تێپـەڕ بوونـت ، جـا ئەگەر یەکێك ویستی بە پێش نوێژەکەتـدا تێپـەر ببێـت ، وە ئەگـەر یـەکێك ویسـتی بــە پــێش نوێژەکەتــدا تێپــەڕ ببێــت ، ڕێی لێ بگــرە ، چــەندەها فەرموودەی ( **صحیح** ) ، و ( **أثر** ) یش لەو بارەیەوە هاتووە :

١ ـ " **إذا وضع أحدكم** بين **يديه مثل مؤخرة الرحل ، فليصل ولا** يبـالي **من مر من وراء ذلك** " ( صحيح ) .

٢ ـ " **إذا صلى أحدكم** إلى **شيء ، يستره من الناس ، فأراد أحد أن** يجتاز بين **يديه ، فليدفع** في نحره **وليدرأ ما استطاع ، فإن** أبى **فليقاتله فإنما هو شيطان** " ( صحيح ) .

٣ ـ ( **یحیی** ) فەرموویـەتی : " **رأيت أنس بن مالك دخل المسجد الحرام فركز شيئا أو هيأ شيئا يصلي إليه** " ( رواه ابن سعد ( ١٨/٧ ) بسند صحيح ) .

٤ ـ لە ( **صالح** )ەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویـەتی : " **رأيت ابـن عمـر يصلي** في **الكعبة ولا يدع أحدا** يمر **بين يديه** " ( رواه أبو زرعة الرازي في ( تاريخ دمشق ) ( ١/٩١ ) ( ٢ ) وكذا ابن عساكر في ( تاريخ دمشق ) ( ٢/١٠٦/٨ ) بسند صحيح ) .

**یەکەمیان** بەڵگەیە لە سـەر واجبێتـی دانـانی سـوترە ، و ئەگـەر ئـەو کارەت ئەنجامدا هیچ زیانێکت پێناگات ئەگەر بە ودیوی سوترەکەدا بڕۆن .

وە **دووەمیشیان** بەڵگەیە لە سەر واجبێتـی ڕێگـرتن لـەو کەسـانەی کـە ئەیانـەوێت بـە پـێش دەسـتی نوێژگـەردا بـڕۆن ، ئەگـەر نوێژەکـەی ڕوو لـە سوترەیەك بێت ، لە گەڵ حەرامێتی ڕۆشتن بە ئەنقەسـت ، و ئـەو کەسـەش ئەوە ئەنجام بدات شەیتانە .

ئـەم دوو فەرموودەیـەش گشـتین ، و تایبـەت نـین بـە مزگـەوتێك جگـە لـە

مزگەوتێکی تر ، یان بە شوێنێك جگە لە شوێنێکی تر ، بۆیە مزگەوتی کەعبـەش دەگرنەوە ، و مزگەوتی پێغەمبەریش ئەولاترە کە بیگرنەوە ... ئەوەش کە زیاتر پاڵپشتی ئەم ووتەیە بێت ( **أثر** ) ی سێیەم و چوارەمە ، بە پێچـەوانەی ئەوانـەی کە دەڵێن : ئەو دوو مزگەوتە ناگرێتەوە **! ! !**

❑ **پێنجەم :** پێویستە لە سەر زانایان و کەسانی شارەزا بە ئایین ، و بەڕێزان ، هەوڵی ئەوە بدەن هەلی چاوپێکەوتن لە گەڵ حاجیان بـەکار بێـنن بـۆ فێرکردنـی ئـاداب و کردارەکـانی حـەج ، بـەڵام بـێ ئـەوەی ئـەوە وایـان لێبکات بێ ئاگا بن و باسی یەکخوا پەرستی ( **التوحيد** ) و لـە بـیری بکـەن ، چونکە خوای پەروەردگار پێغەمبـەرانی نـاردووە ، و کتێبـەکانی دابەزانـدووە بـۆ ئەو مەبەستە ، وە لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵکی بێ ئاگان لەو باسە .

هـەروەها بـێ ئاگاشـن لـە پێویسـتی کـارکردن بـە قورئـانی پـیرۆز و فەرمووده ئەگەر سەلمێنران ، لە بیروباوەڕ و ئەحکام و موعامەلات وڕەوشت و سیاسەت و ئابوریشدا ، و هەموو بوارەکانی ژیانی تر .

خوای پەروەردگار ئێمە و موسڵمانانیش سـەرکەوتوکات بـۆ سـوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، و شوێنکەوتنی ڕێگەو ڕێبازەکەی .

## هیچی لە سەر نییە :

## ( لا حرج )

**ئەمەش کۆمەڵە بابەت و کردارێکن هیچی تێدا نیـیە ئەگـەر حاجیـان ئە نجامی بدەن ، و بۆشیان ڕەوان :**

**یەکەم :** خۆشۆردن بە بێ لەشگران بوون ، و دەست خستنە سەر ئـەوەش لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە لە ( **ابن عباس** ) ەوە لە ( **صحيحين** ) دا دەیگێڕنەوە.

**دووەم :** خوراندنی سەر بـا برێـك مـووی سـەریش بکەوێتـە خـوارەوە ، فەرموودەکەی ( **أبو أيوب الأنصاري** ) یش کە لە پێشدا باسکرا ، بەڵگەیە بـۆ ئەم ووتەیە ، وە شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) ش فەرموویـەتی : (( **وله أن يحك بدنه إذا حكه وكذلك إذا اغتسل وسقط شيء مـن شـعره بذلك** لم **يضره** )) ( ا موعة الكبرى : ٢ / ٣٦٨ ) .

**سێیەم :** کەڵەشاخ کردن با پێویستیش بکات موی ئەو شوێنەش بتاشریت ، لە بەر فەرموودەی ( **بحينة** ) کە فەرموویەتی : " **احتجم النبي** ﷺ **وهو محرم بـ ( لحي جمل ) ـ موضع بطريق مكة ـ** في **وسط رأسه** " ( متفق عليه ) ، وە شـێخی پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) ش فەرموویەتی : ((**وله أن يحك بدنه إذا حكـه ويحتجم** فى **رأسه وغير رأسه** )) ( مناسك الحج : ٢ : ٣٣٨ ) .

**چوارەم :** بۆنکردنی ڕەیحانە ، و لابردنی نینۆك ، ( **ابن عباس** ) فەرموویەتی : (( **المحرم يدخل الحمام ، وي ع ضرسه ، ويشم الريحان ، وإذا انكسر ظفره طرحه ، ويقول : أميطوا عنكم الأذى فإن الله** - عز وجل - **لا يصنع بأذاكم شيئا** )) ( رواه البيهقي بسند صحيح ( ٥ : ٦٢ ـ ٦٣ ) ) .

**پێنجەم :** خۆدانە سێبەر : خەیمە بێت یان چەتر ، یان لە ناو ئۆتۆمۆبیـل ، چونکە بە ( **صحيح** ) ی پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە خەیمەیەکی بۆ هەڵبدرێت لە ( **نمرة** ) ، و پاشـان چـوەتە نـاو ئـەو خەیمەیـەوە ، هەروەکو لە خاڵی ( ٥٧ ) و ( ٥٨ ) ی ئەم کتێبەدا باس دەکرێت .

**شەشەم :** بۆشی هەیە کەمەر بەند لە پشت ببەسـتی لـە سـەر ئیزارەکـەی ، وە بۆشـی هەیـە هەرکـە پێویسـتی کـرد بیشـیکاتەوە ، هـەروەها بـۆی هەیـە

ئەنگوستیلە ، و سەعاتیش لە دەست بکات ، و چاویلکەش لە چاو بکات ، لە بەر نەبوونی هیچ نەهیـیەك لـەو کردارانـە بگـرە چـەندەها (**آثـار**) مـان پێگەیشـتوە بەڵگەن لە سەر ڕەوایە هەندێك لەوانە .

لە (**عائشة**) ەوە دەگێڕنەوە کە پرسیاری لێ کرا سەبارەت بـە (**الهیمـان** ، واتە : ئەوەی دەبەسترێت بە ناوقەدەوە ) بۆ کەسی کە ئیحرامـی پۆشـی بێـت ؟ فەرموویەتی : **(( ولا بأس ؟ ليستوثق من نفقته ))** ( سنده صحيح ) .

وە لە ( **عطاء** ) ەوە دەگێڕنەوە کـە فەرموویـەتی : **(( يتختم – يعني المحرم – ويلبس الهيمان ))** ( رواه البخاري تعليقا ) .

**منیش دەڵێم :** شاراوەش نیـیە کە سەعات ، و چـاویلکە هاوشـێوە و واتـای ئەنگوستیلەن ، و کەمەر بەندیش دەگرنـەوە ، لـە گـەڵ نـەبوون و نـەهاتنی هـیچ نەهیەك لێیان ، و ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ ( سورة مريم : ٦٤ ).

وە فەرموویەتی : ﴿ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (سورة البقر:١٨٥).

**دمشق لە ١٥ ی شوال ١٣٨٤ ك**

محمد ناصر الدين الألباني

**ئەمەش خشتەیەکە تێیدا ئاماژە دەکرێت**

**بەو کورتکراوانەی کە لە کتێبەکەدا هاتووە :**

| ناوی تەواو | کورت کراوە |
| --- | --- |
| البخاري | خ |
| ومسلم | م |
| وأبو داود | د |

والنسائي ...................................................... ن
والترمذي ..................................................... ت
والدارمي ...................................................... مي
وابن ماجه ..................................................... مج
ومالك في ( الموطأ ) ........................................... ما
والشافعي في مسنده وفي سننه بواسطة ( بدائع المنن )............. شا
وابن سعد ...................................................... سع
والطحاوي في ( شرح المعاني ) .................................. طح
والطحاوي في ( مشكل الآثار ) .................................. طش
والطبراني في ( الصغير ) ....................................... طص
وابن خزيمة في صحيحه ......................................... خز
والدارقطني ..................................................... قط
وابن حبان ..................................................... حب
وابن الجارود .................................................. جا
والحاكم ....................................................... حا
والبيهقي ...................................................... هق
والطيالسي ..................................................... طي
وأحمد ......................................................... حم
وأبو نعيم في ( المستخرج ) ..................................... تخ

بسم الله الرحمن الرحيم

## سەرەتای فەرموودەکەی جابر رضي الله عنه :

جابر رضي الله عنه فەرموویەتی :

**١ ـ إن رسولَ اللهِ ﷺ مكَثَ [ بِالمَدينةِ : ن شا جا حم ] تسع سنينٍ لَـم**

**يحج** [١] **.**

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نۆ ساڵ لە مەدینە مایەوە بێ ئەوەی حەج بكات .

**٢ ـ ثُم أذنَ في الناسِ في العاشِرةِ : أن رسولَ اللهِ ﷺ حاج [ هذَا العام : ن جا حم ] .**

واتە : پاشان لە ساڵی دەیەمدا بانگی بە ناو خەڵك دا جاڕ دا : كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ساڵ نیازی حەج كردنی هەیە .

**٣ ـ فَقَدِم المَدِينةَ بشركَثْير ( وفي رواية : فَلَم يبق أحد يقْدِر أنْ يأتِي راكِباً أو راجِلاً إلا قَدِم : ي ن ) [ تدارك الناس** [٢] **لِيخرجوا معه : ن شا ] كُلهم يلْتمِس أنْ يأتم بِرسول اللهِ ﷺ ويعمل مِثْلَ عملِهِ .**

---

[١] زانایان كۆڕان لە سەر ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ دوای كۆچكردنی بۆ مەدینە جگە لە یەك حەج نەبێت حەجی تری نەكردووە ، كە ئەویش (**حجة الوداع**) ە ، وە لە سەر ئەوەش كۆڕان كە ئەو حەجە لە ساڵی دەیەمی كۆچیدا بوو ، بەڵام جیاوازن سەبارەت بە سەرەتای فەرز بوونی كە لە چ ساڵێكدا بووە ، و چەند بۆچونێكیان هەیە ، نزیكترینیان لە ڕاستیەوە ئەوەیانە كە دەڵێت : نۆیەم یان دەیەمی هیجری بووە ، ئەوەش بۆچونی زۆرێكە لە پێشین ، و پێشەوا (**ابن القیم**) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چەندەها بەڵگەی لە (**زاد المعاد**) دا لە سەر هێناوەتەوە ، جا ئەو كەسەی كە دەیەوێت ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی ، وە بەم پێیەش ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە پێغەمبەری خوا ﷺ بە زوویی و ڕاستەو خۆ هەوڵی داوە ئەنجامی بدات ، بە بێ دواكەوتن ، بە پێچەوانەی ووتەكانی ترەوە ، بۆیە ئەمەش ئەوە پێویست دەكات بەپێچەوانەی ووتەكانی تر كە پاساو دێننەوە بۆ دواخستنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەنجامدانی فەرزی حەج ، هیچ پێویستێكمان بەو پاساودانەوەیە نییە .

[٢] واتە : یەك لە دوای یەك گەشتن .

واتە : دوا بە دوبی بانگەوازەکە خەڵکێکی زۆر گەشتنە شاری مەدینە (لە ڕیوایەتێك دا هاتوە : هیچ کەسێك نەمایەوە کە توانای سواری هەبی ، یان ڕێکردن ، ئیللا خۆی گەیاندە شاری مەدینە) خەڵکەکە بەدوای یەکدا دەهاتن بۆ ئەوەی لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بڕۆن بۆ حەج هەمووشیان مەبەستی چاولێکردنی پێغەمبەری خوایان بوو ﷺ و دەیانویست ئەو کردارانە ئەنجام بدەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دەدات .

**٤ـ [ وقَالَ جابر رضي الله عنه : سمِعت ـ قَالَ الراوي : أحسِبه رفَع إلى النبي ﷺ ( وفي رِوايةٍ قَالَ : خطَبنا رسولُ اللهِ ﷺ : مج ) [٣] فقَالَ : ( مهل أهل المَدِينةِ مِن ذِي الحُلَيفَةِ [٤] ، و[ مهل أهل ] الطريق الآخر الجُحفَةُ [٥] ،**

---

[٣] ئەم ڕیوایەتە لە سەنەدەکەیدا (**ضعف**) هەیە ، بەڵام فەرموودەیکی زۆر لە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە ﷺ هەن پاڵپشتی دەکەن ، لەوانەش ( **عبدالله** ) ی کوڕی ( **عمر** ) ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت ـ وە لە فەرموودەکەیدا هاتووە کە ئەو کردارە لە مزگەوتی پێغەمبەردا بوو ﷺ ، کە پێشەوایان بوخاری و موسلم ، و جگە لەوانیش دەیگێڕنەوە ، وە لە ڕوایەتی پێشەوا ئەحمەد دا هاتووە " ئەو کردارە لە سەر ئەم مینبەرە بوو " ، وا دەردەکەوێت کە ئەم کردارە پێش دەرچوونی بووە ﷺ ، ئەوەش بۆ فێرکردنی خەڵك بووە بۆ کردارەکانی حەج .

[٤] شوێنێکە کە نزیکەی شەش میل لە مەدینەوە دوورە ، هەروەکو لە (**القاموس**) دا هاتووە ، و پێشەوا (**الحافظ ابن کثیر**) لە (**البدایة** / ٥ : ١١٤) دا فەرموویەتی : " نزیکەی سێ میلە " ، و پێشەوا (**ابن القیم**) لە (**الزاد** / ٢ : ١٧٨) دا فەرموویەتی : " میلێك یان نزیك لە میلێك " ئەمەش جیاوازیەکی زۆر دوور لە یەکن .

[٥] شوێنێکە دووری لە مەککەوە نزیکەی سێ قۆناغە (**مراحل**) ، شێخی پایە بەرزی ئیسلام (**ابن تیمیة**)یە لە (**مناسك الحج** / ٢ : ٣٥٦ ) لە (**مجموعة الرسائل الکبری**) دەفەرمووێت

**ومهل أهل العِراق مِن ذاتِ عِرقٍ** (٦) **، ومهل أهل نجدٍ مِن قَرنٍ ، ومهل أهل**

---

: " لادێیەکە لە کۆندا ئاوەدان بووە ، و پێی دەووترا ( **مهیعة** ) ، بەڵام ئێستە کەسی تێدا نیشتەجێ نییە ، بۆیە خەڵکی ئێستا پێش گەشتن پێی جلی ئیحرام دەپۆشن ، لەو شوێنەی کە پێی دەووترێت ( **رابغ** ) ئەمەش میقات و شوێنی ئیحرام داپۆشینە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لای خۆرئاواوە بۆ حەج دێن ، وەکو خەڵکی شام و میسر و هەموو مەغارییەکان ، ئەگەر لە مەدینەی مونەوەرە تێپەڕ بوون ، هەروەکو ئەوەی کە لەم کاتەدا دەکرێت ، ئەوا لە میقات و شوێنی خەڵکی مەدینەوە جلی ئیحرام دادەپۆشن ، وە ئەمەشە سوننەت بۆیان بە کۆڕای زانایان ، بەڵام ئەگەر هەر جلی ئیحرامیان دانەپۆشی و دوایان خست تا گەشتنە ( **الجحفة** ) ئەوا زانایان جیاوازن تێیدا " .

دەڵێم ( واتە : شێخی ئەلبانی ) : گونجاوترینیشیان ئەوەیە بووترێت : کە جل داپۆشینی ئیحرامەکەیان ڕەوایە ، لە بەر ئەم فەرموودەیە .

(٦) شوێنێکە لە دەشت ( **البادیة** ) دا ، و جوداکاری نێوان ( **نجد** ) ، و ( **تهامة** ) ەیە ، هەروەکو لە ( **القاموس** ) ، و ( **معجم البلدان** ) دا هاتووە ، مەودای نێوان ئەو ، و مەککەش چل و دوو میلە ، هەروەکو لە ( **الفتح** ) دا هاتووە .

**واعلم أن هذه الفقرة من حديث جابر** رضي الله عنه **قد طعن** في **صحتها بعض العلماء من جهـة سـندها ، ومتنها . أما السند فلأنه** لم يجزم **برفعه** إلى النبي ﷺ **لقول الراوي : " أحسبه "** وفي **رواية** لمسلم **" أراه " وهذا معناه الشك وعدم** الجزم **، وأما** المتن **فإن العراق** لم **تكن فتحت يومئذ .**

**والجواب عن الأول من جهتين :**

أ **ـ أن الشك قد زال** بجزم **الراوي برفع** الحديث **إلى النبي** ﷺ في **رواية ابن ماجه المشـار إليهـا** في **الأعلى ، وهي وإن كانت ضعيفة كما سبق ، فقد ثبت الجزم** في **رواية أخرى أخرجها الإمام** أحمد **، وهي وإن كان فيها ابن لهيعة ، وهو موصوف بسوء الحفظ ، فإن من روا ا عنه عبد الله بن وهب عند الإمام** البيهقي ( ٥ / ٢٧ ) **ومثل هذه الرواية صحيحة عند** المحققين **من الأئمة ، لأن رواية العبادلة عن ابن لهيعـة عندهم صحيحة ، وهم عبد الله بن المبارك وعبد الله بن يزيد المقري وعبد الله بن وهب ، هذا وقد بسط القول** في **ذلك العلامة ابن القيم** في ( إعلام الموقعين : ٣ / ١٣- ١٤ ) **فليراجعه من شاء البسط .**

الْيمن مِن يلَملَمٍ ) (٧) : نخ مج شا طي هق حم ] .

واته : جابر رضي الله عنه دەفەموێت : بیستم ـ ڕاوی دەفەرمووێت : وا دەزانم جابر رضي الله عنه ووتەکانی دەدا پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ ، ( لە ڕیوایەتێك دا

---

ب ـ هب أن الشك لم يزل بذلك ، فإن للحديث شواهد كثيرة عن جماعة من الصحابة يقوي حديث جابر ، كما جزم بذلك الحافظ ابن حجر ، وغيره وقد ساق الشواهد المشار إليها في " التلخيص " وكذلك سافهما الزيلعي في ( نصب الراية : ٢ / ١٢ – ١٥ ) وابن كثير كما في ( الجوهر النقي : ٥ / ٢٨ ) ، ولا يتحمل هذا التعليق ذكر تلك الشواهد ، فليراجعها من شاء في بعض المصادر المذكورة ، ولكن لا بد هنا من ذكر شاهد واحد فات أولئك المخرجين جميعا ، وهو ما أخرجه الطحاوي ( ١ / ٣٦٠ ) وأبو نعيم في ( الحلية : ٤ / ٩٤ ) بسند صحيح عن ابن عمر أنه قال عقب حديثه المشار إليه في المواقيت : " وحدثني أصحابنا أن رسول الله ﷺ وقت لأهل العراق ذات عرق " وقال أبو نعيم :

" هذا حديث صحيح ثابت " .

قلت : ففي هذا رد على من ضعف الحديث مطلقا ، وعلى من قواه موع طرقه لا لذاته ، ولا ينافي صحة الحديث ما في صحيح البخاري أن عمر بن الخطاب رضي الله عنه هو الذي وقت ذات عرق لأهل العراق ، لإمكان أن يكون ذلك من جملة الموافقات التي وافق عمر الشرع فيها .

وأما الجواب عن إعلاله ، وهو أن العراق لم تكن فتحت يومئذ فهو :

أن ذلك صدر منه ﷺ وصدر التعليم لأمة الإسلام إلى يوم القيامة ، فليس من الضروري أن تكون قد فتحت يومئذ فهي في هذا كبلاد الشام سواء ، فلم تكن قد فتحت أيضا كما هو معلوم ، ولذلك قال الحافظ ابن عبر البر: (هذه غفلة من قائل هذا القول لأنه ـ عليه السلام ـ هو الذي وقت لأهل العراق ذات عرق كما وقت لأهل الشام الجحفة والشام يومئذ دار كفر كالعراق ، فوقت المواقيت لأهل النواحي لأنه علم أن الله سيفتح على أمته الشام والعراق وغيرهما ولم يفتح الشام والعراق إلا على عهد عمر بلا خلاف وقد قال عليه السلام : " منعت العراق درهما وقفيزها . الحديث معناه عند أهل العلم ستمتنع) .

نقله ابن التركماني في ( الجوهر : ٥ / ٢٨ - ٢٩ ) ووقع فيه " ودرهمها " بدل " وقفيزها " وصححه من ( صحيح مسلم : ٨ / ١٧٥ ) .

(٧) شوێنێکە دوری لە مەککەوە دوو قۆناغە ، و دووری نێوانیان سی میلە .

فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ ووتاری بۆ خوێندینەوە ) و فەرمووی :

**" مهل أهل المَدِينةِ مِن ذِي الحُلَيفَةِ ، و[ مهل أهـل ] الطرِيـق الآخـر الجَحفَةُ ، ومهل أهل العِراق مِن ذَاتِ عِرقٍ ، ومهل أهل نجدٍ مِن قَرنٍ ، ومهل أهل اليمنِ مِن يلَملَمٍ .**

واتە : شوێنی تەلبیەی ( **واتە : ئەو شوێنەی کە تێدا دەووترێت : لبیك اللهم** ... **دەکرێت ، و جلی ئحرامی تێدا دادەپۆشرێت** ) دانیشتوانی مەدینە لە ( **ذو الحلیفة** ) ەوەیە ، وە شوێنی تەلبیە ی دانیشتوانی ڕێگەکەی تر لە (**الجحفة**) ەوەیە ، شوێنی تەلبیەی دانیشتوانی عیراق لە ( **ذات العرق** ) ەوەیە ، و شوێنی تەلبیەی دانیشتوانی نەجد لە ( **قرن** ) ەوەیە ، و شوێنی تەلبیەی دانیشتوانی یەمەن لە ( **یلملم** ) ەوەیە .

**٥ ـ [ قَالَ : فَخرج رسولُ اللهِ ﷺ : د ت مج هق حم ] [ لِخمسٍ بقِين مِن ذِي القِعدةِ أو أربعٍ : ن جا هق ]** [٨] **.**

واتە : فەرمووی پاش ئەوەی پێنج ڕۆژ یان چوار ڕۆژ لە مانگی ( **ذي القعدة** ) مایەوە پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە ڕێ و دەرچوو لە مەدینەوە بەرەو مەککە .

**٦ ـ [ وساق هدياً : ن ]** [٩] **.**

---

[٨] ئەوەش دوای ئەوەی کە پرچی دادا ، وڕۆنی لێدا ، وپۆشاکەکانی لەبەر کرد ، وعاباکەشی دا بە سەرشانیدا ، خۆی و هاوەڵانی ﭫ ، پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ جۆرە پۆشاك ، وعابایەکی لێ قەدەغە نەکردن ، جگە لە جلی (**المزعفر**) نەبێت ، هەروەکە پێشەوا (**البخاري**) بۆمان دەگێڕێتەوە لە (**ابن عباس**)ەوە ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوکیشی بێت ـ و (**المزعفر**) یش بریتییە لەو پۆشاکەی کە بە ڕەنگی زەرد ڕەنگ کرا بێت ، وەکو زەعفەران .

[٩] واتە : لە ( **ذي الحليفة** ) هەروەکو لە (**صحيح**)ی ( **البخاري ومسلم** ) دا هاتووە ، لە

فەرموودەی ( **ابن عمر** ) ەوە رضي الله عنه ، وە پێشەوا ( **الحافظ ابن حجر** ) یش لە واژەکردنیدا فەرموویەتی : (( **وفيه الندب إلى سوق الهدي من المواقيت ومن الأماكن البعيدة وهي من السنن التي أغفلها كثير من الناس** )) .

وا دەفەرموێت ، بەڵام ووتەکەی جێی تاوتوێکردنە ، چونکە بەرێکردنی حەیوانی دیاری (الـهدي) لە گەڵ خۆدا تا ئەو کاتە سوننەتی پێغەمبەری خوای ﷺ لە سەر جێگیر نەبوو بوو ، بەڵکو تا ئەو کاتە هانی موسڵمانانی لە سەر دەدا ، هەروەکو لە خاڵی (٤١) : " **ولو استقبلت من أمري ما استدبرت ، لم أسق الهدي ، فحلوا** " هاتووە .

**بۆیە ئەم ووتەیە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەڵگەیە بۆ دوو شتی گرنگ کە ئەمانەن :**

**یەکەم :** لە سەر ئەوەی کە ئەنجامدانی عومرە و داکەندنی جلی ئیحرام لە نێوان ئەو حەج و پاشان ئەنجامدانی حەج باشترە ، باشترە لە بەرێخستنی حەیوانی دیاری (الـهدي) لە گەڵ خۆدا وتەلبیەکردن بە عومرە ، وحەج لە گەڵ یەکدا ، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەفسوزی بۆ ئەوە بوو کە ئەوەی ئەنجام نەدا ، ئەوەش ـ واتە : ئەفسوز ـ ناکرێت بۆ شتێك نەبێت کە ئاشکرا باشترە ، کەواتە چاکترەکە ئەوەیە کە حەیوانی دیاری (الـهدي) لە گەڵ خۆدا نەبەیت .

**دووەم :** ئەوەیە کە هەموو ئەو حاجیانەی کە حەیوانی دیاری (الـهدي)یان لە گەڵ خۆدا بە رێ نەکردبێت ، تەلبیەیان بە حەج ، یان بە عومرە وحەج کردبێت ، پێویستە لە سەریان لەو تەلبیە خۆیان بکەنەوە بە تەواکردنی عومرەکەیان ، پاشان لە ڕۆژی (**التروية**) دا تەلبە بکاتەوە بە حەج ، لە بەر فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بە کردارە ، هەروەکو لە باسەکانی تردا باسی لێوە دەکەین ، بەڵکو بگرە لە فەرموودەی ( **صحيح** ) دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تووڕە بوو لەوانەی کە دەست بەجێ نەبوون لە جێبەجێ کردنی فرمانەکەی بە خۆکردنەوەیان لەو تەلبیەی کە کردوویانە ، ئەوەشی زیاتر دوویات کردۆتەوە ﷺ بەو ووتەیەی کە فەرموویەتی : " **دخلت العمرة في الحـج إلى يوم القيامة** " هەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەشە لە سەر ئەوەی کە عومرە بەشێکە

واتە : حەیوانی دیاری (الـهدي) لە گەڵ خۆیدا بەڕێ کرد .

**٧ـ فَخرجنا معه [ معنا النساءُ والْولْدانُ : م نخ ] (١٠) .**

واتە: ئێمەش لەگەڵیدا دەرچووین ئافرەت و منداڵانیشمان لە گەڵ دا بوو .

**٨ـ حتى أتينا ذَا الحُلَيفَةِ فَولَدت أسماءُ بنت عميس محمد ابن أبي بكْر .**

واتە : تاکو گەشتینە ( **ذو الحليفة** ) لەوێدا ( **أسماء** ) ی کچی ( **عُميس** ) محمد ی کوڕی ( **أبو بكر** ) ی بوو .

---

و جیانابێتەوە لە حەجکردن ، بۆیە هەموو کەسێك کە ڕۆشتبێت بۆ حەج پێویستە لە گەڵ حەجەکەیدا عومرەیەکیش بکات ، یان بە بێ ئەوەی خۆی بکاتەوە لە جلی ئیحرام ، ئەوەش لە کاتێکدا دەبێت کە حەیوانی دیاری (الـهدي) لە گەڵ خۆدا بردبێت ، وە یان بەوەی کە خۆی بکاتەوە لە جلی ئیحرام ، ئەوش لە کاتێکدایە کە قوربانی لە گەڵ خۆدا بەڕێ نەکردبێت ، ئەوەش بۆچوونی : ( **ابن حزم** ) ، و ( **عطاء** ) ، و ( **ابن عباس** ) ، و ( **مجاهد** ) ، و ( **عطاء** ) ، و ( **إسحاق بن راهوية** ) ، و جگە لەوانیش ، پێشەوا ( **ابن القيم** ) یش هەمان بۆچوونی سەرخستووە لە ( **زاد المعاد** ) دا ، سەرخستنێکی توند ، ئەو کەسەش کە دەیەوێت زیاتر لەو بابەتە بزانێت با بگەڕێتەوە بۆی .

(١٠) **وأما الزيادة التي عند ابن ماجه وغيره عن جابر بلفظ : " ... فلبينا عن النساء ، ورمينا عن الصبيان " فلا يصح إسنادها ، وقد رواها الترمذي** - أيضا - **بلفظ : " فكنا نلبي عن النساء ، ونرمي عن الصبيان ". وقال : " حديث غريب ، لا نعرفه إلا من هذا الوجه ".**

**قلت : وفيه علتان : عنعنة أبي الزبير وضعف أشعث بن يسار فلا يغتر بسكوت من سكت عن الحديث من الفقهاء قديما وحديثا كالشيخ ابن قدامة وغيره . لكن في المغني ( ٣ / ٢٥٤ ) ما نصه :**

**" قال ابن المنذر : كل من حفظت عنه من أهل العلم يرى الرمي عن الصبي الذي لا يقدر على الرمي كان ابن عمر يفعل ذلك وبه قال عطاء والزهري ومالك والشافعي وإسحاق " .**

**فإن كانت المسألة مما لا خلاف فيها ، ففيه مقنع وإلا فقد عرفت حال الحديث وأما التلبية عن النساء فقد قال الترمذي عقبه : " وقد أجمع أهل العلم على أن المرأة لا يلبي عنها غيرها ، وهي تلبي عن نفسها ، ويكره لها رفع الصوت بالتلبية " .**

**٩ـ فَأرسلت إلى رسول الله ﷺ : كيف أصنع ؟**

واتە : کە سێکی نارد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە چی بکەم ؟

**١٠ـ [ فَـ ] قَالَ : اغْتسِلي واستثْفِري (١١) بِثَوبٍ وأحرِمي .**

واتە : ئەویش پێی فەرموو : " **اغْتسِلي واستثْفِري بِثَوبٍ وأحرِمي** " ، واتە : خۆت بشۆ ، وپاشان خۆت توند بە پارچەیەك ببەستە ، وپاشان ئیحرام بپۆشە .

**١١ـ فَصلى رسولُ الله ﷺ في المسجِدِ [ وهو صامت : ن ] (١٢) .**

واتە : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لە مزگەوتدا کرد بێ ئەوەی تەلبیە بکات .

# ئیحرام پۆشین (١٣)

**١٢ـ ثُم ركِبَ القَصواءَ (١٤) حتى إذَا استوت بِهِ ناقته على البيداءِ [أهل**

---

(١١) فرمانی داخوازییە لە ووشەی ( **الإستثفار** ) ، ( **ابـن الأثـير** ) یـش لـە ( **النهايـة** ) فەرموویەتی : (( **وهو أن تشد فرجها بخرقة عريضة بعد أن تحتشى قطنا ، وتوثق طرفيهـا في شـيء تشده على وسطها ، فتمنع بذلك سيل الدم** )) .

واتە : بە پاچە پەڕۆیەکی پان پێشەوەی خۆی توند دەبەستێت ، پاش ئـەوەی کـە هەندێك لۆکە دەخاتە شوێنی دەرچوونی خوێنەوە ، ئـەوەش بـە بەسـتنەوەی هـەردوو سەری پەڕۆ پانەکە بە پەتێکەوە کە بە ناوقەدی خۆیەوە بەستوویەتی ، بـەو کارەشـی ڕێ دەگرێك لە هاتنە خوارەوەی خوێن .

(١٢) واتە : تـاکو ئـەو کاتـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ تەلبیـەی نـەکردبوو ، بـەڵام لـەو کاتەی بەسەر ووشترەکەیەوە بوو ، و ووشترەکەی ڕاست بووەوە تەلبیەی کرد .

(١٣) وە دایکـە ( **عائشـة** ) ـ ڕەزای خـوای لێ بێـت ـ بـە باشـترین بـۆن بۆنخۆشـی کردبوو ، پێش ئەوەی کە جلی ئیحرام داپۆشی ، بۆیە تاکو سـێ ڕۆژیـش دوای ئیحـرام کردنی شوێنەواری بۆنەکەی پێوە دیا بوو ، هەروەکو لە ( **الصحيح** ) دا هاتووە .

**(١٥) بِالحج ( وفي رواية : أفْرد الْحج : مج سع ) هو وأصحابه : مج ] .**

---

(١٤) بـه ( **فـتح** ) ی پیتـی قـاف ، وه بـه ( **مـد** ) کـراوی ، نـاوی ووشـترەکەی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، و چەند ناوێکی تریشی هەیە ، وەك : ( **العضباء** ) ، و (**الجدعاء**) . وه ووتراوه کە ئەو ناوانە ناوی ووشترەکانی تری پێغەمبەر بـن ﷺ ، بڕوانـه : " **شـرح مسلم للنووي** " .

(١٥) لە ( **إهلال** )ەوە وەرگیراوە ، و بریتی‌یە لە بەرزکردنەوەی دەنـگ بـه تەلبیـه ، دەووترێت : ( **أهل المحرم بـالحج يهـل إهـلالا** ) : ئەگـەر تەلبیـه بکـات و دەنگـی تێـدا بڵنـد بکاتەوە . بەوشێوە هاتووە لە ( **النهاية** ) .

**وفي الحديث أنه ﷺ حرم بالحج وحده ، لكن في حديث أنس وغيره في الصحيحين ، وغيرهما أنه ﷺ أهل بالحج والعمرة معا وهو الصحيح ، كما بينه ابن القيم في " زاد المعاد " وساق فيه نحو عشرين حديثا عن نحو عشرين صحابيا ، أن النبي ﷺ حج قارنا ، فليراجعه من شاء التوسع في التحقيق ، وقد قاله قول عائشة : " يا رسول الله أتنطلقون بحج وعمرة وأنطلق بحج " وهو عند البخاري ، وأحمد مـن حـديث جابر نفسه رضي الله عنه ، وهو نص في المسألة . انظر الفقرة الآتية (١١١) .**

**وعليه فجابر رضي الله عنه على علم بأن النبي ﷺ كان قارنا فكيف يخبر عنه أنه أهل بالحج وحده وأفرده ، والجواب من وجهين :**

**الأول : أن يحمل على أول الإحرام . وقبل نزوله ﷺ في وادي العقيق الذي أمر فيه بالقران ، كما أخبر عمر رضي الله عنه قال : سمعت رسول الله ﷺ بوادي العقيق : عمرة في (وفي رواية : و ) حجـة " . رواه البخاري وغيره .**

**وفي هذا بعد عندي لأن جابرا رضي الله عنه لم يتفرد برواية الإفراد عنه ﷺ بل تابعه عليها جماعـة مـن الأصحاب كالسيدة عائشة - رضـي الله عنهـا - في الصحيحين وغيرهما وفي رواية لمسلم و " الموطـأ " وابن سعد عنها بلفظ جابر الصريح : " أفرد الحج " ومن الصعب حينئذ الحمل المذكور لما فيه من نسبة عدم العلم إلى الأصحاب . ولذلك اختار الوجه الأول جماعة من العلماء كابن المنذر وابن حـزم والقاضـي عياض ورجحه الحافظ في " الفتح " . فمن شاء التوسع في التحقيق فليرجع إليه .**

**وأما إعلال ( ابن القيم ) لرواية جابر هذه الصريحة بتفرد الداوردي بها ، فيرده أنه تابعه عبد العزيز بن أبي حازم عليها . أخرجها ابن سعد في ( الطبقات : ٢ / ١ / ١٧٩ ) .**

واتــە : پاشــان هەســتاو ســواری ( **القَصْـوَاء** ) بــوو ، تــاکو ئــەو کاتــەی گەشتە دەشت و چۆڵیەك و تەلبییەی حەجی فەرموو ، ( لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە : تەلبیەی حەجی بەتەنها فەرموو ) ئەو و هاوەڵانیشی ﵃ .

**١٣ـ [ قَالَ جابر : د مج هق ] : فَنظَرت إِلى مد بصري [ مِن : دمي مج جا ] بين يديهِ مِن راكِبٍ وماشٍ (١٦) وعن يمينِهِ مِثْلُ ذَلك ، وعن يسارِهِ مِثْلُ**

---

(١٦) پێشــەوا ( **النــووي** ) فەرموویــەتی کــە ئەمــە کورتــەی ووتەکەیــەتی : (( لــەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جائز و ڕەوایە بە سواری و بەپێش حەج بکرێت ، ئەمەش زانایان کۆڕان لە سەری ، بەڵام جیاوازی هەیە لەوەی کـە کامـەیان باشـترە ، زۆرینەی زانایان ( **جمهور العلماء** ) لـەو بارەیـەوە فەرموویانـە : سـواری باشـترە چـونکە شوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ ، یارمەتی دەرییێکی زیاتریشە بـۆ جێبـەجێ کردنـی کـار و کردەوەکانی حەج ، و لەبەر ئەوەی خەرجی زیـاترە ، وە ( **داود** ) فەرموویـەتی : **ماشیا أفضل لمشقته وهذا فاسد لأن المشقة ليست** " .

وە لەمەوە دەزانیت کە جائز و ڕێپێدراوە ، بەڵکو سوننەتە حەج ئەنجام بدرێت بـە سواری و لە فڕۆکەدا ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێچەوانەکەی وا بێت ، بەڵام سەبارەت بەو فەرموودەیەی کە تێیدا هاتووە : " **إن للحاج الراكب بكل خطوة تخطوها راحلتـه سبعين حسنة ، والماشي بكل خطوة يخطوها سـبعمائة حسـنة** " ئـەوا فەرموودەیـەکی (**ضعيف**)ـە ، وناباێت بە بەڵگە بۆیان ، وە بە گۆی " **للماشـي أجـر سـبعين حجـة ، وللراكب أجر ثلاثين حجة** " یش هاتووە ، بەڵام لە یەکەمینەیان ( **ضعيف** ) تـرە ، هـەر کەسێکیش ئەیەوێ با بڕوانێتە کتێبمان ( **سلسلة الأحاديث الضعيفة : رقم ٤٩٦ – ٤٩٧** ) ، لـە گەڵ ئەوەشدا شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ( **مناسك الحج** ) دا فەرموویەتی : (( **أن الحكمة في هذه المسألة تختلف باختلاف الناس ، فمنهم من يكون حجه راكبا أفضل ، ومنهم من يكون حجه ماشيا أفضل** )) واتـە : حیکمـەت لـەم

**ذَلِكَ ، وَمِن خَلْفِهِ مِثْلُ ذَلِكَ وَرَسُولُ اللهِ ﷺ بَينَ أَظْهُرِنا ، وعلَيهِ يَنزِلُ القُرآنُ وَهُوَ يَعرِفُ تَأويلَه ، وما عَمِلَ بِهِ مِن شَيءٍ عَمِلْنا بِهِ (١٧) .**

واتـە : جـابر رضي الله عنه فـەرمووی : تـاكو چـاوەكانم بڕیـان دەكـرد ڕوانیمـە بەردەسـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بینـیم سـوار و پیـادە هـەن ، وە لـە لای ڕاستیشدا بە هەمان شـێوە هـەن ، وە لـە لای چەپیشـەوە بەهـەمان شـێوە

---

بابەتەدا دەگۆڕێت بە جیاوازی خەڵك ، هەندێكیان حـەجكردنی بـە سـواری باشـترە ، و هەندێكی تریان بە پیادە حەجكردنەكەی باشترە .

دەڵێم ( واتە : **الألباني** ) : ڕەنگە ئەمە نزیكترین ووتە بێت لە ڕاستیەوە .

(١٧) فيه إشارة لطيفة إلى أن النبي ﷺ هو الذي يبين للصحابة ما نزل عليه من القرآن وأنه هو وحده الذي يعرف تأويله وتفسيره حق المعرفة وأن غيره - حتى من الصحابة - لا يمكنه الاسـتغناء عن بيانه ﷺ ولذلك كان الصحابة رضي الله عنهم في هذه الحجة - كغيرها من العبادات - يتتبعون خطاه فما عمل به من شيء عملوا به ففيه رد ظاهر على فريقين من الناس :

أ - الصوفية الذين يستغني أحدهم عن سنة النبي صلى الله عليه وآله وسلم وهديه وبيانـه بمـا يزعمونه من العلم اللدني يرمز إليه بعضهم بقوله : " حدثني قلبي عن ربي " بل زعم الشـعراني في " الطبقات الكبرى " أن أحد شيوخه ( **المجذوبين** ) والذين يترضى هو عنهم كان يقرأ قرآنا غير قرآننا ويهدي ثواب تلاوته لأموات المسلمين .

ب - طائفة يسمون أنفسهم ب " القرآنيين " والقرآن منهم بريء يزعمون أن لا حاجة لهـم لفهم القرآن إلى سنة النبي عليه الصلاة والسلام ويكفي في ذلك المعرفة باللغة العربية وآدابها . مع أن هذا لم يكف جابرا وأصحابه ما عرفت لا سيما وهم عرب أقحاح نزل القرآن بلغتهم بينـما هـذه الطائفة كلهم أو جلهم من الأعاجم وكان من نتيجة زعمهم المذكور أن خرجـوا عـن الإسـلام وجاؤوا بدين جديد فصلاتهم غير صلاتنا وحجهم غير حجنا وصومهم غير صومنا ولا أدري لعـل توحيدهم غير توحيدنا وقد نبغ هؤلاء في الهند ثم سرت فتنتهم إلى مصر وسوريا وكنت قرأت لهـم كتابا باسم " الدين " ليس عليه اسم مؤلفه من قرأه عرف منه ضلالهم وخروجهم من الدين كفـى الله المسلمين شر الفريقين .

هەن ، وە لە پاشەوەشی بە هەمان شێوە هەن ، لەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ناوماندا بوو قورئانی بەسەردا دەهاتە خوارێ و ڕاڤەکەشی دەزانی ، و هیچ کردارێکی ئەنجام نەدەدا ئیللا ئێمەش بە دوایدا ئەنجامان دەدا .

**١٤ ـ فَأَهل بِالتوحِيدِ : لَبيك اللهم لَبيك ، لَبيك لا شريك لَك لَبيك ، إن الْحمد والنعمةَ لَك والْملْك لا شريك لَك .**

واتە : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ تەلبیەی کرد بە یەکخوا پەرستی و دەیفەرموو : " **لَبيك اللهم لَبيك ، لَبيك لا شريك لَك لَبيك ، إن الْحمد والنعمةَ لَك والْملْك لا شريك لَك** " .

**١٥ ـ وأَهل الناس بِهذَا الذِي يهلونَ بِهِ ( وفي رِوايةٍ : ولَبى الناس [ والناس يزيدونَ : ذا المعارج ] : ذا هوق حم ) [ لَبيك ذَا الْمعارِجِ لَبيك ذَا الفَواضِلِ : د حم هق ] ، فَلَم يرد رسولُ اللهِ ﷺ علَيهِم شيئاً مِنه [18] .**

واتە : خەڵکەکەش هەمان تەلبیەیان دووبارە دەکردەوە ( لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە : خەڵکیش تەلبیەیان دەکرد و زیادەشیان دەخستەسەر زیادەکەش : **لَبيك ذَا الْمعارِجِ لَبيك ذَا الفَواضِلِ** ، پێغەمبەری خواش ﷺ هیچ لەو زیادانەی ڕەت نەدەکردەوە .

---

(١٨) هذا يدل على جواز الزيادة على التلبية النبوية لإقراره ﷺ لهم لها وبه قال مالك والشافعي : وقد روى أحمد عن ابن عباس أنه قال : " انته إليها فإ ا تلبية رسول الله ﷺ " . وصحح سنده بعض المعاصرين وفيه من كان اختلط . وقد صح عن أبي هريرة أنه كان من تلبيته عليه السلام : لبيك إله الحق . رواه النسائي وغيره . والتلبية هي إجابة دعوة الله تعالى لخلقه حين دعاهم إلى حج بيته على لسان خليله والملبي هو المستسلم المنقاد لغيره كما ينقاد الذي لبب وأخذ بلبته والمعنى : أنا مجيبك لدعوتك مستسلم لحكمك مطيع لأمرك مرة بعد مرة لا أزال على ذلك . ذكره شيخ الإسلام رحمه الله تعالى .

**١٦ـ ولَزِم رسولُ اللهِ ﷺ تلْبِيته .**

واتە : بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان تەلبیەی خۆی دووبارە دەکردوە .

**١٧ـ قَالَ جابِر [ ونحن نقُولُ [ لَبيك اللهم : خ ] لَبيك ِبالْحج : م مج ] [ نصرخ صراخاً : م ] لَسنا نعرِف الْعمرةَ : جا ) (١٩) وفي أخرى : أهلَلْنا أصحاب النِبي ﷺ ِبالْحج خالِصاً لَيس معه غَيره خالِصاً وحده سع ) .**

واتە : جابر رضي الله عنه دەفەرمووێت : ئێمەش دەمانووت : [ **لَبيك اللهم لَبيك ِبالْحج** ] بەدەنگی بەرز دەمانقیڕاند نیەتی هیچمان نەبوو جگە لە حەج نەبێ لەگەڵ حەجەکەماندا نیەتی عومرەکردنمان نەبوو ( وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : تاکو ئەو کاتە عومرە کردنمان نەدەزانی ) وە لە ڕیوایەتێکی تردا : ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ تەلبیەی حەجمان بەتەنهیی ووت ، بێ ئەوەی هیچی تری لەگەڵدا بێ ، بە تاك و تەنهایی ) .

---

(١٩) دەڵێم ( واتە : **الألباني** ) : ئەم شتە لە سەرەتای ئەم حەجدا بوو ، وە پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فێری ئەوەیان بکات کە دەتوانن لە مانگەکانی حەجکردندا عومرە بکەن ، لەو بارەشەوە چەندەها فەرموودە هاتوون ، یەکێك لەوانە فەرموودەکەی دایکە (**عائشة**) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ کە تێدا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت : " **خرجنا مع رسول الله ﷺ ( عام حجة الوداع ) فقال : من أراد منكم أن يهل بحج وعمرة ، فليفعل ، ومن أراد أن يهل بعمرة ، فليهل ، قالت عائشة : ... ، وكنت فيمن أهل بالعمرة** " ( رواه البخاري ومسلم واللفظ له ) .

واتە : لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دەرچووین ـ ساڵی حەجی ماڵ ئاوایی بوو ـ پێی فەرمووین : " ئەو کەسەتان کە دەیەوێت تەلبیەی حەج ، و عومرە لە گەڵ یەکدا بکات ، با بیکات ، ئەوەشتان کە دەیەوێت تەلبیەی تەنها عومرە بکات با بیکات ، (**عائشة**) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی :... ، منیش یەکێك بووم لەوانەی کە تەنها تەلبیەی عومرەمان کرد ".

**١٨ ـ [ قَالَ : وأَقْبلت عائِشةُ بِعمرةٍ حتى إذَا كَانت بِـ ( سرف ) [٢٠] عركت [٢١] : م نخ ] .**

واتە : وە فەرمووی : کەچی عائشە ـ ڕەزای خوای لێ بێ ـ کە دەستی پێکرد بە عەمرە دەستی پێکرد ، بەڵام کە گەشتە ( **سرف** ) تووشی بێ نوێژی بوو ـ واتە : کەوتە حەیزەوە ـ .

# چوونە مەککە و چۆنێتی تەواف کردن

**١٩ـ حتى إذَا أتينا الْبيت معه [ صبح رابِعةٍ مضت مِن ذِي الْحِجةِ : م نخ د مج طح طي سع هق حم ] ( وفِي رِوايةٍ : دخلْنا مكةَ عِند ارتِفَاعِ الضحى ) .**

واتە : ئەو کاتەی کە گەشتینە ماڵی خوا بەرەبەیانی چوارەم ڕۆژی

---

[٢٠] بە ( **کسر** ) ی پیتی ( **راء** ) شوێنێکە نزیکە لە ( **التنعیم** ) ، لە ( **النهایة** ) ەشدا فەرموویەتی : " دووریشی لە شاری مەککەوە نزیکەی دە میلە ، وکەمتر ، وزیاتریش ووتراوە " .

[٢١] واتە : کەوتە بێنوێژییەوە .

تێپەربووی مانگی ( **ذِي الْحِجةِ** ) بوو ، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : کە ڕۆشتینە مەککەوە کاتی چێشتەنگا بوو .

**٢٠ ـ أتى النبي ﷺ باب المسجِدِ فَأناخ راحِلته ، ثُم دخلَ المسجِدِ فـ : خز حا هق ) .**

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ کە گەشتە بەردەرگای مزگەوتی ماڵی خوا ، ووشترەکەی یخ دا و ڕۆشتە ژوورەوە .

**٢١ ـ استلم الركْن (٢٢) ( وفي رِوايةٍ : الحجر الأسود : حم جا ) (٢٣) .**

---

(٢٢) واتە : دەستی پیا هێنا لە هەموو تەوافێکدا ، ئەمەش ووتەی پێشەوا ( **النووي** ) یە لە ( **شرح مسلم** ) دا .

(٢٣) هەروەها لەم تەوافەیدا دەستی دا بە ڕوکنی یەمانیەوە ، هەروەکو لە فەرموودەی ( **ابن عمر** ) رضي الله عنه دا هاتووە ، بێ ئەوەی ماچی بکات ، بەڵکو ماچی بەردە ڕەشەکەی کرد ، ئەوەش لە هەموو تەوافێکدا .

**دەڵێم** ( واتە : **الألباني** ): سوننەت لە بەردە ڕەشەکە ئەوەیە ئەگەر توانی ماچی بکات ، ئەگینا ئەگەر نەیتوانی دەستی پێدا دەهێنێت ، و دەستی ماچ دەکات ، ئەگەر ئەوەش نەتوانرا ئەوا بە هاوشێوە گاڵۆکێکی پێدا دەهێنێت ، و ماچی دەکات ، ئەگەر هەر نەبوو ئەوا تەنها ئاماژەی بۆ دەکات .

وە هیچ یەکێکیش لەمانە لە ڕوکنەکانی تردا ئەنجام نادرێت ، جگە لە ڕوکنی یەمانی نەبێت کە تەنها دەست پێدا هێنانی ڕەوایە .

وە سوننەتیشە ﴿ الله أكبر ﴾ لە لای بەردە ڕەشەکە ، و لە هەموو تەوافێکدا بکات ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە ( **ابن عباس** ) رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە کە **"طاف النبي ﷺ بالبيت على بعيره ، كلما أتى الركن أشار إليه بشيء كان عنده ، وكبر"** (رواه البخاري) .

واتە : دەستی هێنا بە ڕوکندا ( لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : دەستی هێنا بە بەردە ڕەشە کەدا ) .

**٢٢ـ [ ثُم مضى عن يمينِهِ : م ن جا هق ] .**

واتە : پاشان بە لای ڕاستیدا ڕۆشت ـ واتە : دەستی بە تەوافکردن کرد ـ .

**٢٣ ــ فَرملَ (٢٤) [ حتى عاد إليه : حـ ـم ] ثَلاثاً ومشى أربعاً [ علَى هِينتِهِ : طح ] (٢٥) .**

---

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ بە سەر ووشترەکەیەوە تەوافی بە دەوری کەعبەدا کرد ، هەرکە دەگەشت بە بەردە ڕەشەکە ئاماژەی بۆ دەکرد بە هەر شتێك کە پێی ببایە ، و لە گەڵ ئەوەشدا ﴿ الله أكبر ﴾ ی دەکرد .

بەڵام سەبارەت بە ﴿ بسم الله ﴾ کردن ، ئەوا من لە **هیچ** فەرموودەیەکی ( **مرفوع** ) دا نەمبینیوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵکو ئەوەی کە جێگر و سەلمێنراوە ئەوەیە کە ( **ابن عمر** ) رضي الله عنه ئەگەر دەستی بهێنایە بە بەردە ڕەشەکەدا دەیفەرموو : " بسم الله أكبر " ( أخرجه البيهقي ( ٥ / ٧٩ ) وغيره بسند صحيح ، كما قال النووي والعسقلاني ، ووهم ابن القيم ـ رحمه الله ـ فذكره من رواية الطبراني مرفوعا .

وإنما رواه موقوفا كالبيهقي ، كما ذكر الحافظ في " **التلخيص** " ، **فوجب التنبيه عليه ؛** حتى **لا يلصق بالسنة الصريحة ما ليس منها** ) .

(٢٤) زانایان فەرموویانە : ( **الرَّمْل** ) بریتییە لە ڕێکردنێك کە لە ڕێکردنێکی ئاسایی خێراتر بێت ، و هەنگاوەکانیش نزیك لە یەك بن ، ( **الخَبَب** ) یشی پێ دەووترێت.( **النووي** ).

(٢٥) پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوازی ( **الإضطباع** ) یش تەوافی کردووە ، هەروەکو لە چەندەها فەرموودەدا هاتووە جگە لەم فەرموودەیە ، ( **الإضطباع** ) یش بریتییە لە ئەوەی کە ئەو پارچەیەی سەرەوە کە ئیحرامی پێ دەکرێت بیپێچێت بە خۆیەوە ، بە شێوەیەك بە ژێر باڵی ڕاستیدا بیبات ، و لاکەی تری بخاتە سەر شانی چەپی ، شانی ڕاستی دەرخات ، و شانی چەپی دا بپۆشێت ، بڕوانە ( **القاموس** ) ، کە کۆتایی هێنا بە

واتە : سێجار تـەوافی بـە ڕێکردنێکـی پەلـە ئەنجامـدا تـا لـە کۆتـایی تەوافەکەیدا دەگەڕایـەوە لای ڕوکـن ، و لـە چـوار جارەکـەی تـری تەوافیـدا ڕێکرنێکی ئاسای ڕێی دەکرد بەشێوەیەکی لە سەرخۆ .

٢٤ ـ **ثُم نفَذَ إِلَى مقَامِ إِبراهِيم** ـ عَلَيْهِ السَّلام ـ **فَقَرأَ** ﴿ وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ﴾ **[ ورفَع صوته يسمِع الناس : ن ] .**

واتە : پاشان ڕۆشت بۆ شوێنەواری وەستانی ئیبراهیم ( **مقام إبـراهيم** ) ـ عَلَيْهِ السَّلام ـ و ئەم ئایەتەی دەخوێنـدەوە : ﴿ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ﴾ ( البقـــرة : ١٢٥ ) ، دەنگیشــی لــە کـاتی خوێندنــەوەیدا بــەرز دەکردەوە و دەیدا بە گوێی خەڵکەکەدا .

٢٥ ـ **فَجعلَ الْمقَام بينه وبين الْبيتِ [ فَصلى ركْعتين : هق حم ] .**

واتە : پاشان بەشێوەیەك وەستا شوێنەواری ئیبراهیم ( **مقام إبـراهيم** ) ی خستە بەینی خۆی و کەعبەوە و دوو ڕکات نوێژی ئەنجامدا .

٢٦ ــ **[ قَالَ : ن ت ] : فَكَانَ يقْرأُ فِي الــركْعتين :** ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ ( الإخلاص : ١ ) **، و** ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ ( الكافرون : ١ ) **، ( وفِي رِوايةٍ :** ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ ( الكافرون : ١ ) **، و**﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ ( الإخلاص :١ ) .

واتە : جابر رضي الله عنه دەفەرموویت : پێغەمبەری خوا ﷺ لە و دوو ڕکاتــەدا : ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ ( الإخلاص : ١ ) و ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ ( الكافرون : ١ ) ی دەخوێندەوە ، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ (

---

تەوافەکانی پۆشاکەکەی چاك دەکاتەوە ، ( **الأثرم** ) فەرموویـەتی : " **يسويه إذا فــرغ من الأشواط التي يرمــل فيهــا** " ، بـەڵام ووتـەی یەکـەم ئـەولاترە ، لـە بـەر ڕواڵـەتی فەرموودەکە ، هەروەکو ( **ابن قدامة** ) لە ( **المغني** ) دا فەرموویەتی .

الكافرون : ١ ) و ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ ( الإخلاص : ١ ) ی دەخویندەوە ) .

**٢٧ ـ [ ثُم ذَهب إلَى زمزمٍ ، فَشرب مِنها ، وصب علَى رأسِهِ : حم ] .**

واتـە : پاشـان ڕۆشـت بـۆ لای ئـاوی زەمـزەم ، و لێێ خـواردەوە ، و لێشی کرد بە سەریدا .

**٢٨ ـ ثُم رجع إلَى الركْن فَاستلَمه .**

واتە : پاشان گەڕایەوە بۆ لای ڕۆکن و جارێکیتر دەستی پیاهێنایەوە .

# وەستان لە سەر دوو کێوی
# سەفا ( الصفا ) و مەڕوە ( المروة )

**٢٩ ـ ثُم خرج مِن الْبابِ ( وفِي رِوايةٍ : بابِ الصفَا : طص ) إلَى الصفَا فَلَما دنا مِن الصفَا قَرأَ** : ﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ ﴾ ( البقـرة : ١٥٨ ) **أَبدأُ ( وفِي رِوايةٍ : نبدأُ : د ن ت مي ما جا هق حم طص )** [٢٦] **بِما**

---

[٢٦] **وأما الرواية الأخرى بلفظ : " إبدؤوا " بصيغة الأمر التي عند الدارقطني ، وغيره فهي شاذة ، ولذلك رغبت عنها ، قال العلامة ابن دقيق العيد في " الإلمام " ( ق ٦ / ٢ ) بعـد أن**

بدأ اللهُ بِهِ ، فَبدأ بالصفا فَرقى عليهِ حتى رأى البيت .

واتە : پاشان لە دەرگاکەوە ( لە ڕیوایەتێکدا : لە دەرگای سەفاوە ) درچوو و ڕۆشت بۆ کێوی سەفا ، لەو کاتەی کە لە سەفا نزیک بووەوە ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّـهِ ﴾ ( البقرة : ١٥٨ ) فەرمووی : دەست پێدەکەم ( لە ڕیوایەتێکی تردا : دەست پێ دەکەین ) بەوەی کە خوای پەروەردگار دەستی پێکردووە ، بەو شێوەیە بە سەفاوە دەستی پێکرد و ڕۆشتە سەر ئەم کێوە ، تاکو کەعبەی لێ ئاشکرا بوو .

٣٠ ـ فَاستقْبلَ الْقِبلَةَ فَوحد اللهَ وكَبره [ ثَلاثاً : ن هق حم ] و [ حمِده : ن مج ] وقَالَ : لا إِلَه إِلا اللهُ وحده لا شرِيك لَه ، لَه الْملْك ولَه الْحمـد [ يحيِي ويمِيت : د ن مي مج هق ] وهو علَى كُل شيءٍ قَـدِير لا إِلَـه إِلا اللهُ وحده [ لا شرِيك لَه : مج ] أَنجز وعده ونصر عبده ، وهزم الأَحزاب وحده [٢٧] ، ثُم دعا بين ذَلِك ، قَالَ مِثْلُ هذَا ثَلاثَ مراتٍ .

واتە : ڕووی لە قیبلە کرد و یەکتاپەرستی خوای پەروەردگاری

---

ذكر الرواية الأولى : " أبدأ " والثانية : " نبدأ " :

" والأكثرون في الرواية على هذا ، والمخرج للحديث واحد " ونقله عنه الحافظ ابن حجـر في " التلخيص " ( ٢١٤ ) ، كما يأتي :

" مخرج الحديث واحد ، وقد اجتمع مالك وسفيان ويحيى بن سعيد القطان على رواية " نبدأ " بالنون التي للجمع " قال الحافظ : " وهم أحفظ من الباقين " .

(٢٧) واتاکەی ئەوەیە کە : سەرکەوت بە سەریاندا بە بێ ئەوەی مرۆڤ بەشدار بێت لە شەڕەکەیان ، یان بە هۆی هۆکارێکەوە کە لە لایەن ئەوانەوە بێت ، مەبەستیش پێی ( واتە : **الأحزاب** )ە ، ئەوانەی کە لە شەڕی خەندەقدا دژ بە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆ بوونەوە . ( **النووي** ) .

ڕاگەیاند ، و سێجاریش تەکبیرەی کرد و پاشان شوکر و ستایشی خوای پەروەردگاری کرد و فەرمووی : **" لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد [ يحيي ويميت ] وهو على كل شيء قدير لا إله إلا الله وحده [ لا شريك له : مج ] أنجز وعده ونصر عبده وهزم الأحزاب وحده "** ، پاشان لە نێوان ئەو زیکرانەدا دەپاڕایەوە و دوعای دەکرد ، ئەم زیکرەشی سێجار دووبارە کردەوە .

**٣١ ـ ثم نزلَ [ ماشياً : ن ] [٢٨] إلى المروة حتى إذا انصبت قدماه في بطن الوادي سعى حتى إذا صعدتا [ يعني : مج ] [ قدماه : مج ما ن ] [ الشق الآخر : حم ] مشى حتى أتى المروةَ [ فرقى عليها حتى نظر إلى البيت : ن حم ] .**

واتە : پاشان بە ڕێ کردن دابەزی بەرەو کێوی مەڕوە ، تاکو گەشتە ناو دۆڵی نێوان سەفا و مەڕوە و پێی جێگیر بوو تیایدا ، لەو کاتەدا دەستی بە ڕاکردن کرد ، تاکو گەشتە ئەو دیوی دۆڵەکە جارێکی تر دەستی

---

[٢٨] ئەم فەرموودەیە ڕوون ، و ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوو چۆکردنەکەی بەرێکردن بووە ، وە لە فەرموودەیەکی تری جابر رضي الله عنه هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ :

**" طاف بين الصفا والمروة على بعير ، ليراه الناس ، وليشرف وليسألوه ، فإن الناس غشوه "** ( رواه مسلم وغيره ) .

**وسيأتي في الكتاب فقرة (١٠٥) أنه ﷺ لم يطف بعد طواف الصدر بين الصفا والمروة ، وفي رواية عنه : أنه لم يطف بينها إلا مرة واحدة ، فتعين أن طوافه بينهما راكبا كان بعد طواف القدوم ، فالجمع أنه طاف أولا ماشيا ثم طاف راكبا لما غشيه الناس ، وازدحموا عليه ، ويؤيده حديث لابن عباس صرح فيه بأنه مشى أولا فلما كثر عليه الناس ركب . ( أخرجه مسلم وغيره ) وذكر هذا ابن القيم في ( الزاد ) واستحسنه .**

بە ڕێ کردن کردەوە ، تاکو گەشتە سەر کێوی مەڕوە و چوە سەری ، تاکو کەعبەی لێ ئاشکربوو و ڕوانیە کەعبە .

**٣٢ ـ فَفَعلَ على المروةِ كما فَعلَ على الصفَا .**

واتە : وە لە سەر کێوی مەڕوەش هەمان شتی ئەنجام دا کە پێشتر لە سەر کێوی سەفا ئەنجامی دابوو .

## فەرمان کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بە گۆڕینی تەلبیەی حەج بۆ عەمرە

**٣٣ ـ حتى إذَا كانَ آخِر طَوافِهِ (وفي روايةٍ : كانَ السابِع : جا حم)[٢٩] على**

---

[٢٩] بەرپەرچدانەوەیەکی ئاشکرای تێدایە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن : پێغەمبەری خوا ﷺ چواردە جار هات و چۆی کردوە لە نێوان سەفا و مەروەدا ، و هەموو هات و چۆیەکی بە یەك دانە دادەنا ، پێشەوا ( **ابن القيم** ) لە ( **زاد المعاد** ) دا فەرموویەتی : ((ئەمە یەکێکە لەو هەڵانەی کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر ﷺ ، هیچ یەکێك لێوە نەیگێڕاوەتەوە ، و هیچ یەکێکیش لەو پێشەوایانەی کە ووتەکانیان ناسراوە لە ناو

**المروةِ فَقَالَ: [يا أيها الناس : حم] لَو أني استقْبلْت مِن أمري ما استدبرت لَم أسق الْهدي و [ لـَ : د جا هق حم ] جعلْتها عمرةً ، فَمن كَانَ مِنكُم لَيس معه هدي ، فَلْيحِلَ ولْيجعلها عمرةً (وفي رِوايةٍ : فَقَالَ : أَحِلوا مِن إِحـرامِكُم ، فَطُوفُوا بِالْبيتِ وبين الصفَا والْمروة وقَصروا[٣٠] وأَقِيموا حلالاً، حتى إِذَا كَانَ**

---

موسڵمانان نەیان ووتووە ، باهەندێك لە ( **المتأخرين** ) لەوانەی کە نیسبەت دەدرێنە پاڵ ئـەو پێشـەوايانە ، ئـەوەش کـە زیـاتر پووچـەڵی ئـەم ووتەیـە دەربخـات ئەوەیـە کـە پێغەمبەری خوا ﷺ ، زانایان جیاوازیان لەوەدا نی‌یە کـە کۆتـایی هـات و چـۆکردنەکەی لە نێوان سەفا و مەروەی بە مەروە کۆتایی پێهێنا ، جا ئەگەر هـەموو هـات و چـوویەك بە یەك دانە دابنرایە دەبوایە کۆتای‌یەکەی بە سەفا ببایە )) .

دەڵێم ( واتـە : **الألبـاني** ) : لـەم باسـەدا ووتـەی حەنـەفی مەزهەبـەکان ووتـەی ڕاسـت و ڕەوایە ، و لە گەڵ سوننەتدا دەگونجێت ، هەوەکو ( **السمرقندي** ) ئەوەمان بۆ دەردەبڕێت لە ( **تحفة الفقهاء** : ١ / ٢ / ٨٦٦ ) ، بۆیە ووتەکەی تر لاوازە و نابێت لای لیّ بکرێتەوە .

(٣٠) سوننەت ئەمەیە ، چاکتریش بۆ ئەو کەسەی عومرە دەکات پاشان حەج (واتە : **المتمتع**) ئەوەیە کە پرچـی کـورت بکاتـەوە ، و نەیتاشـێت ، بـەڵکو لـە ڕۆژی قوربانـدا دوای تەواوکردنی حەجەکەی پرچی بتاشێت ، هەروەکو شێخی پایە بەرزی ئیسلام (**ابن تيمية**) و جگە لە ویش فەرموویانە ، ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبـەری خـوا ﷺ تێیـدا فەرموویەتی: **"اللهم اغفر للمحلقين ثلاثا وللمقصرين مرة واحدة"** ، وا لێك دەدرێتەوە کـە مەبەستی ئەو کەسە نەبێت کـە عـومرە دەکـات پاشـان حـەج (واتـە : **المتمتـع**) ، وەکـو ئەوەی کە تەلبیەی بە عومرە و حەج لە گەڵ یەکدا کردبێـت ، یـان کەسـێك کـە تـەنها تەلبیەی بە عومرە بە تەنها کردبێت ، کەواتە ئەو ووتەیەی کـە دەڵێـت باشـتر وایـە بـۆ ئەو کەسەی کە عومرە دەکات پاشان حەج ( واتە : **المتمتع** ) کە سەر بتاشـێت لـە دوای تەواو بوونی عومرەکەی ـ کە بۆچوونی ئەبوو حەنیفەیە ـ بەڕەحمەت بێـت ـ ووتەیـەکی ڕەوا نی‌یە ، و نادرووستە .

**يوم التروية**[٣١] **فأهلوا بالحج ، واجعلوا التي قدمتم بها متعةً : خ م)**[٣٢] .

واته : تاکو گەشتە دوایین تەواف ( لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : کە حوتەم تەواف بوو ) لە سەر مەروە . فەرمووی : ئەی خەڵکینە ئەگەر ئەوەی ئەنجامم داوە ئیستا دەستم پێ بکردبایە ئەوا حەیوانی دیاری (**الـهدي**)م نەدەهێنا و بێ گومان حەجەکەمم دەکرد بە عومرە ، جا ئەوەتان قوربانی لە گەڵ خۆیدا نەهێناوە ، با ئیحرام بکاتەوە ، و بیکات بە عومرە ( لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : فەرمووی : ئیحرام بکەنەوە دوای ئەوەی تەوافتان کرد بە دەوری کەعبەدا و لە نێوان دوو کێوی سەفاو مەروە ، وە پرچیشتان کورت کەنەوە ، و بە حەڵاڵی بمێننەوە تاکو ڕۆژی تەرویە (**التروية**) جارێکی تر تەلبیەی حەج بکەنەوە ، ئەوەیش کە لە پێشدا کردبووتان و ئەنجامتان دابوو بکەن بە عومرە .

**٣٤ ـ فقام سراقةُ بن مالك بن جعشم (وهو في أسفل المروة : جا حم) فقالَ : يا رسولَ اللهِ [أرأيت عمرتنا (وفي لفظٍ : متعتنا : ن مج هق) هذهِ : ن طح][ أ : نخ مي**

---

[٣١] ئەوەش ڕۆژی هەشتەمی مانگی ( **ذي الحجة** ) ەیە ، بۆیە پێی دەووترێت (**يوم التروية**) ، چونکە خەڵکەکە لەو ڕۆژەدا تینیوتی خۆیان دەشکاند ـ واتە : ئاویان دەخواردەوە و دەدا بە خەڵك ـ بۆ ڕۆژانی پاش ئەوە . بڕوانە : ( **النهاية** ) .

[٣٢] واتە : ئەو حەجەی کە بە تەنها تەلبیەتان بۆ کردووە ، بکەن بە عومرە ، ئیحرامی دەکەنەوە ، و دەبن بە ( **المتمتع** : واتە ئەو کەسەی کە عومرە دەکات جلی ئیحرام دەکاتەوە ، پاشان حەج دەکات ) ، بۆیە لێرەدا لە بابی مەجازدایە بەکار هێنانی ووشەی ( **المتمتع** ) بۆ کەسێك کە عومرە بکات ، پەیوەندیش لە نێوانیاندا ئاشکرایە ، بڕوانە : ( **الفتح** ) .

**مج جا هق حم ] لِعامِنا هذَا أم لأبد ؟ [الأبد : مج] ؟ [قَالَ : مج] فَشبك رسولُ اللهِ ﷺ أصابعه واحِدةً فِي الأخرى ، وقَالَ : دخلتِ العمرةُ فِي الحج [ إلى يومِ القِيامةِ : جا حم ] [٣٣] لا بلْ لأبد أبد [لا بلْ لأبد أبد : د مي هق] [ ثَلاثَ مراتٍ : جا ].**

---

[٣٣] پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی : " معناه عند الجمهور : أن العمرة يجوز فعلها في أشهر الحج إبطالا لما كان عليه أهل الجاهلية ، وقيل معناه جواز القران أي دخلت أفعـال العمرة في أفعال الحج ، وقيل : معناه : سقط وجوب العمرة ، وهذا ضعيف ، لأنه يقتضـي النسخ بغير دليل ، وقيل معناه : جواز فسخ الحج إلى العمرة . قال : وهو ضعيف " .

واتە : واتای لە لای زۆرینەی زانایان ئەوەیە : کە دەتوانرێت عومرە لـە مانگـەکانی حەجدا ئەنجام بدرێت ، ئـەوەش بـۆ بەتاڵکردنـەوەی ئـەوەی کـە خـەڵکانی سـەردەمی نەفامی لە سەری بوون ، وە ووتراوە واتـای بریتـی‌یـە لـەوەی کـە بووترێـت : ( **قـران** ) ڕەوایە ، واتە : کردارەکانی عـومرە چـووتە نـاو کردارەکـانی حەجـەوە ، وە ووتـراوە : واجبێتی عومرەمان لە سەر کەوت ، بـەڵام ئـەم بۆچـوونە بۆچـوونێکی لاوازە ، چـونکە نەسخ بـووون دەگەیـەنێت بـەبێ بەڵگـە ، وە ووتـراوە : ڕەوایـی گـۆڕینی نیـەتی حـەج دەگەیەنێت بۆ عومرە ، فەرمووی : ئەمە بۆچونێکی لاوازە .

ئەمەی فەرمووە ، بەڵام پێشەوا ( **الحافظ** ) لە ( **الفتح** ) دا بەرپـەرچی داوەتـەوە ، و فەرموویەتی : (( وتعقب بأن سياق السؤال يقوي هذا التأويل بالظاهر أن السؤال وقع عن الفسخ والجواب وقع عما هو أعم من ذلك حتى يتناول التأويلات المذكورة إلا الثالث . والله أعلم )) .

**منـیش دەڵـێم :** وقد روى عنه ﷺ الأمر بفسخ الحج إلى العمرة أربعة عشر مـن أصـحابه ، وأحاديثهم كلها صحاح ، وقد ساقها ابن القيم في الزاد ( ١ : ٢٨٢ - ٢٨٦ ) ، وذكر أنه قـول ابن عباس ومذهب أحمد وأهل الحديث . وهو الحق الذي لا ريب فيه عندنا . وقد أجاب ابن القيم عن شبهات المخالفين فراجعه ( ١ : ٢٨٦ - ٣٠٣ ) .

وە ئەوەش بزانە کـە ئـەم فەرموودەیـەی ( **سـراقة** ) بەڵگەیـەکی یـەك لا کەرەوەیـە لەسەر پووچەڵی ئەو فەرموودەیەی کە ( **أبـو داود** ) ، و جگـە لـەویش گێڕاویانەتـەوە لـە

واتە : ( **سراقة** ) ی کوڕی ( **مالك** ) ی کوڕی ( **جعشم** ) رضي الله عنه ( کە لە دامێنەی کێوی مەروەدا بوو ) هەستاو ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئەوەی کە سەبارەت بە ئەم عومرەیەمان دەیفەرمووی ، ئایا هەتاهەتا وادەبی یان تەنها ئەم ساڵ وایە ؟ دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ پەنجەکانی هەردوو دەستی یەك بەیەك کرد بەناو یەکداو فەرمووی : عومرە لە گەڵ حەجدا تێکەڵ بوو تاکو ڕۆژی دوایی ، نەخێر ، بەڵکو بۆ هەتاهەتا ، نەخێر ، بەڵکو بۆ هەتاهەتا ، سێجار .

**٣٥ ـ [ قَالَ : يا رسولَ اللهِ بين لنا دِيننا كأنا خلِقْنا الآن فِيمـا الْعمـلُ ؟ أَفِيما جفت بِهِ الأَقْلام وجرت بِهِ الْمقَادِير أو فِيما نستقْبِلُ ؟ قَالَ : لا بلْ فِيما جفت بِهِ الأَقْلام وجرت بِهِ الْمقَادِير . قَالَ : فَفِيم الْعملُ [ إِذَنْ : حم ] ؟ قَالَ**

---

( **الحارث** ) ی کوڕی ( **بلال** ) لە باوکیەوە کە فەرموویەتی : " قلت يا رسول الله فسخ الحج لنا خاصة أم للناس عامة ؟ قال : بل لنا خاصة " .

چونکە چۆن دەبێت ئەمە جێگیر و سەلمێنراو بێت ، لە گەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " دخلت العمرة الحج إلى يوم القيامة لا بل لأبـد أبـد ... " لە کاتێکدا لە وەڵامی پرسیارێك وەك پرسیاری بیلال هاتووە کە لە پێشدا باسکرا : " متعتنا هذا أو لأبد الأبد ؟ " .

**لە گەڵ ئەوەشدا :** أن حديث الحارث هذا معلول من جهة إسناده أيضا وهي جهالة الحارث ولذلك ضعف حديثه جماعة من الأئمة كأحمد وابن حزم وابن القيم وقد فصلت القول في ذلك في ( **سلسلة الأحاديث الضعيفة ، رقم بعد ١٠٠٠** ) .

وأما ما رواه مسلم وغيره عن أبي ذر أن المتعة في الحج كانت لهم خاصة . فهو مع كونه موقوفا معـارض للحديث المرفوع فإن ظاهره ما لا يقول به أحد لاتفاق العلماء جميعا - فيما علمنا - على جواز التمتـع في الحج كيف لا وهي في كتاب الله تعالى : ﴿فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ .

: اعملُوا فَكُل ميسرٍ : طي حم ] (لِما خلِق له : حم ] [٣٤] .

واته : ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاینەکەمان بۆ ڕوون کەرەوە هەروەکو بڵێی ئیستا دروسکراوین ، ئایا کردەوەمان بەپێی چیە ؟ ئایا بەپێی ئەوەیە کە لە چارەنووسمان نووسراوە ، و بەپێی قەدەری خوای پەروەردگار ڕوودەدات ؟ یان بەپێی ئەوەیە کە ڕووی نەداوەو ڕوودەدات ؟ نەخێر بەپێی ئەوەیە کە لە چارەنووسمان نووسراوە ، و بەپێی قەدەری خوای پەروەردگار ڕوودەدات . فەرمووی : جا ئەگەر وایە ئەی بۆچی کردەوە بکەین ؟ فەرمووی : کردەوە بکەن ، چونکە چاکەکار کردەوەی چاکەکاران دەکات ، خراپەکاریش کردەوەی خراپەکارن ئەنجام دەدەن ، واتە : هەرکەس و بەپێی کردەوەکانی هیدایەت دەدرێت لە لایەن خوای پەروەردگارەوە .

٣٦ ـ ( قَالَ جابر : فَأمرنا إِذَا حللْنا أَنْ نهدِي [٣٥] ويجتمِع النفَر مِنـا فِـي

---

[٣٤] وە لە فەرموودەیەکی تردا لەوە زیاتر هاتووە : " **أما أهل السعادة فييسـرون لعمل أهل السعادة ، وأما أهل الشقاوة فييسرون لعمل أهل الشقاوة ،** ثم **فرأ :** ﴿ فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى﴾ ( رواه البخاري وغيره ) " .

[٣٥] لە (**الهدي**)ەوە وەرگیراوە بە (**التشديد**) ، و بە (**التخفيف**)یش ، بریتییە لەو حەیوانەی کە دەکرێت بە دیاری بۆ حەرەمی مەککی و سەردەبڕێت، بڕوانە : (**النهاية**).

﴿ **سوودێك** : بۆ زیاتر تێگەیشن لەم جۆرە حەیوان سەربڕینە کە پێی دەوترێت (دیاری مەککە : **الـهدي**) بە پێویستی دەزانم کەوا ئەم چەند پێناسەیە بخەمە بەر چاوی خوێنەر ، بۆیە دەڵێم :

١ ـ (راغب)ی (ئەصفەهانی) فەرموویەتی : (**الـهَدْيُ** : مختص بـما يهدى إلـى البيـت)

**الْهديةِ : م طي حم ] [ كُل سبعةٍ مِنا فِي بدنةٍ : طي حم ] [ فَمن لَم يكُـن معـه هدي ، فَلْيصم ثَلاثَةَ أَيامٍ وسبعةٍ إِذَا رجع إِلى أَهلِهِ : ما هق ] .**

واتە : جابر رضي الله عنه فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردین ئەگەر پۆشاکی ئیحرامی عەمرەمان کردەوە ، حەیوانی دیاری (**الـهدي**) سەرببڕین ، چەند کەسێکیشمان لە دیاری (**الـ ـهدي**)یەکدا کۆببینـەوە ، هـەر حـەوت کـەس و لـە ووشـترێك ( **بدنـة** ) دا ، ئـەو کەسـەشمان کـە حـەیوانی دیـاری (**الـهدي**) پێنییە ، با سـێ ڕۆژ بـەڕۆژوو بێـت لـە حەجـدا و حـەوتیش کـە گەڕایەوە بۆ ناو ئەهل و کەس و کاری .

**٣٧ ـ [ قَالَ : فَقُلْنا : حِل ماذَا ؟ قَالَ : الْحِل كُـله : م نخ طح طي حم**

---

"مفردات ألفاظ القرآن" ص : (٨٣٩) .

واتە : (**الـهَدْيُ**) : تایبەتە بەو حەیوانەی کە دەکرێتە دیاری بۆ ماڵی خوا .

٢ ـ وە (الفيروزآبادي)ش لە "القاموس الـمحيط"دا فەرموویەتی : (ما أُهدِي إلـى مكـة) ص : (١٣٤٥) .

واتە : (**الـهَدْيُ**) : بریتییە لەو حەیوانەی کە دەکرێتە دیاری بۆ مەککە .

٣ ـ هەروەها لە فەرهەنگی (الـمعجم الوسيط)شدا هاتووە: (**الـهَدْيُ** : ما يهدى إلى الـحرم من النعم ، فـي التنـزيل العزيز : ﴿**وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ**﴾) ص : (٩٧٨) .

واتە : (**الـهَدْيُ**) : بریتییە لەو حەیوانەی (ووشتر و گا و مەڕ و بـزن) کـە دەکرێتـە دیاری بۆ حەرەم ، لـە قورئانـدا هـاتووە : سـەرتان مەتاشـن تـاوەکو حـەیوانی دیـاری (**الـهَدْيُ**) سەردەبڕن لە جێگای خۆیدا .

وە ئەوەش بزانە کـەوا ئـەم حـەیوان کردنـە بـە دیـاری بـۆ حـەرەم فـەرزە لـە سـەر ئـەو کەسانەی کەوا حەجی بە ئیسراحەتی لە دوای عـومرە (حج التمتع) ئـەنجام دەدەن و جیـاوازە لە حەیوانی قۆچ و قوربانی﴾ وەرگێڕ .

.[(٣٦)] ]

واتە : دەفەرمووێت : ووتمان : چی حەلاڵ بوو ؟ فەرمووی : هەموو حەلاڵێك.

**٣٨ـ [ قَالَ : فَكَبر ذَلِك علَينا وضاقَت بِهِ صدورنا : ن حم ] .**

واتە : دەفەرمووێت : ئەو شتەمان زۆر لەسەر گەورە بوو ، سنگیشمانی پێ تەنگ بوو .

## دابەزین بۆ ( البطحاء )

**٣٩ـ [ قَالَ : فَخرجنا إِلى البطْحاءِ [(٣٧)] قَالَ : فَجعلَ الرجـلُ يقُـولُ :**

---

[(٣٦)] واتە : ئەوەی کە حەرام و قەدەغەیە ، لە سەر ئەو کەسەی کە جلی ئیحرام دەپۆشی . پێشەوا ( **الحافظ** ) فەرموویەتی :

(( هەر وەکو بڵێی ئەوەی کە لە لایان زانراو بوو دوو حەلاڵ بوون هەیە لە حەجکردندا ، بۆیە دەیانویست ئەوەیان بۆ ئاشکرا بێ ، ئەویش ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە کە ئەوان حەلاڵیەکی تەواو دەبن ، چونکە عومرە تەنها یەك حەلاڵ بوونی هەیە )) .

[(٣٧)] مەبەستی سەیلاوی مەککەیە ( **بطحاء مكة** ) ، (**الأبطح**) یشی پێدەووترێت ، و بریتییە لە سەیلاوێکی زۆر بەر فراوان ، کە تیایدا وورده بەرد کۆ دەبێتەوە ، هەروەکو لە (**القاموس**) ، و جگە لەویشدا هاتووە ، ئەم سەیلاوەش دەکەوێت ڕۆژهەلاتی

**عهدي بأهلي اليوم : حم ]** (٣٨) **.**

واتە : دەفەرمووێت : ئێمەش ڕۆیشتین تاکو گەشتینە سەیلاوی مەککە ( **البَطْحَاء** ) ، و هەندێك لە پیاوان دەیانووت : زۆر دوور نییە گەشتنم بە خێزانم کە ئەو ڕۆیە .

**٤٠ ـ [ قالَ : فتذاكرنا بيننا فقُلْنا : خرجنا حجاجاً لا نريد إلا الْحج ولا ننوي غيره حتى إذَا لَم يكُن بيننا وبين عرفةَ إلا أربع : حم ] ( وفي رواية : خمس [ ليالٍ ] أُمِرنا أنْ نفيض إلى نسائنا ، فنأتي عرفةَ تقْطُر مذَاكِيرنا الْمنِي** (٣٩) **[ مِن النساءِ ] قالَ : يقُولُ جابر بِيدِهِ ( قالَ الراوِي ) : كأَني أنظُر إلى قولِهِ بِيدِهِ يحركُها [ قالُوا : كيف نجعلُها متعةً وقَد سمينا الْحج ؟ : خ م ] .**

واتە : دەفەرمووێت : ئەو شتەمان باس دەکرد لە گەڵ یەکدا دەمانووت : ئێمە کە لە ماڵ دەرچووین جگە لە مەبەستی حەجکردن نەبێت ، هیچ مەبەستێکی ترمان نەبووە ، تاکو ئەو کاتەی کە جگە لە چوار ڕۆژ

---

مەککەوە .

(٣٨) وا دەردەکەوت کە ئەوشتەیان بە دڵ نەبێت ، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە هەندێکیان سەرەڕای ئەوەی کە دوای جێ بەجێ کردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ، بەڵام هەر شتیان لە دڵدا مابوو سەبارەت بەو کارە. بەڵام ئەوانی تر دواکەوتن ، و مانەوە تاکو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ووتاری بۆ خوێندنەوە ، کە لەوە و دوا باس دەکرێت ، کە تێیدا زیاتر جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت تەلبیەکەیان بگۆڕن ، ئەوانیش هەموویان خۆیان کردەوە لە ئیحرامەکەیان ﷿ .

(٣٩) ئەوەش ئاماژەیە بۆ تازەیی سەرجێگەیی کردنیان لە گەڵ ئافرەتەکانیانە ، بڕوانە ( **النووي** ) .

زیاتر نەمابوو لە نێوان ئێمە و وەستان لە عەرەفەدا ( لە ڕیوایەتێکی تـردا : تاکو ئەو کاتـەی کـە جگـە لـە پێـنج شـەو زیـاتر نـەمابوو ، فـەرمانمان پـێ دەکرێت کە بڕۆینە لای خێزانەکانمان ، پاشان کە ڕۆیشـتینە عەرەفـە ئـاوی شـەهوەت ( **مـەنی** ) مـان لێ بتکێـت ، بـە هـۆی جـووت بوونمـان لـە گـەڵ خێزانەکانمان ، ڕاوی دەڵێـت : سـەیری جـابرم دەکـرد لـە گـەڵ ووتەکانیـدا دەستی دەجوولاندەوە ، ( دەیانووت : چۆن نیـەتی حەججەکـەمان بکەینـە عومرە ، لە کاتێکدا ئێمە ناوی حەججمان لێ ناوە ؟ ) .

**٤١ ـ قَالَ : [ فَبَلَغَ ذَلِكَ النبي ﷺ فَمَا ندري أَشيءٌ بلَغه مِن السـماءِ أَم شيءٌ بلَغه مِن قِبَل الناس : م ] .**

واتە : دەفەرمووێت : ئەو ووتانەمان گەیشت بە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ، جا نازانین پێگەیشتنەکە بە هـۆی سرووشـی ئاسمـانی بـوو ، یـان بـە هـۆی خەڵکەوە .

## ووتاری پێغەمبەری خوا ﷺ ، و جەختکردنی لە سەر گۆڕینی تەلبیەی حەج بۆ عەمرە ، و گوێڕایەڵی هاوەڵانی بۆی

**٤٢ ـ [فَقَام : م نخ ن مج طح] [فَخطَب الناس ، فَحمِد اللهَ وأثنى عليهِ : طح سـع**

**حم] فَقَالَ : [ أَبِاللهِ تعلموني أيها الناس : خا] قَد علمتم أني أتقاكُم للهِ وأصدقُكُم وأبرُكُم [افعلوا ما آمركُم بِهِ فإني : م خ ] لولا هديي لحللت كما تحِلونَ [ولكِن لا يحِلُ مِني حرام**(٤٠) **حتى يبلغَ الهدي محِله : خ]** (٤١) **ولو استقبلت مِن أمري ما استدبرت لم أسق الهدي فَحلوا :م نخ ن مج طح سع هق].**

واته : پاشان ڕاوەستا و دەستی کرد بە ووتار خوێندنەوە بۆ خەڵکەکە ، و شوکر و ستایشی خوای پەروەردگاری کرد ، و فەرمووی : ئەی خەڵکینە ئێوە ئەتانەوێ خوای پەروەردگار بە من بناسێنن ؟! ئێوە باش دەزانن کە من لە خواترسترینتان ، ڕاستگۆترین ، و چاکە کارترینتانم ، جا ئەوەی کە فرمانتان پێدەکەم جێ بە جێی ، ئەگەر لە بەر حەیوانی دیاری (الـهدي) نەبێت کە لە گەڵ خۆمدا هێناومن ، منیش وەکو ئێوە تەلبیەی حەجم دەگۆڕی بە عومرە ، بەڵام من هیچ لە وانەم بۆ حەڵاڵ نابێت ـ کە بە دابەستنی ئیحرام لە سەرم حەرامن ـ تاکو حەیوانی دیاری (الـ ـهدي) دەگاتە شوێنی خۆی ، وە ئەگەر ئەوەی ئەنجامم داوە ئیستا دەستم پێ بکردبایە ئەوا حەیوانی دیاری (الـ ـهدي)م پێش خۆم نەدەخست ، جا تەلبیەی حەج بگۆڕن بە عومرە .

**٤٣ـ [ قَالَ : فَواقعنا النساءَ وتطيبنا بِالطيبِ ولبِسنا ثِيابنا : م نـخ ن حـم ] [ وسمِعنا وأطعنا : م نخ طح ] .**

واتە : فەرمووی : پاش ئەو ووتانە لە گەڵ خێزانەکانماندا جووت بوین

---

(٤٠) واتە: هەموو شتێکی حەرام بوو بە هۆی داپۆشینی ئیحرامەوە ، واژەکەشی ئەوەیە کە هیچ حەرامێکم لە سەر حەڵاڵ نابێت ، بڕوانە : ( **الفتح** ) .

(٤١) واتە : ئەگەر قوربانی کردنەکەی لە ڕۆژی مینادا بوو .

، و خۆشمانمــان بــۆن خــۆش کــرد بــە بــۆنی خــۆش ، و جلەکانیشــمان پۆشیەوە ، و ووتمان گوێبیست و گوێڕایەڵیشین .

**٤٤ ـ[فَحل الناس كُلهم وقَصروا إلا النبي ﷺ ومن كانَ معه هدي:مج طح هق].**

واتــە : هــەموو خەڵکەکــە تەلبیــەی حــەجیان گــۆڕی بــە عــومرە ، پرچیشیان کورت کردەوە ، جگە لە پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ ، و ئەوانەش کە حەیوانی دیاری (الـ هدي)یان لە گەڵ خۆدا هێنا بوو .

**٤٥ ـ[قالَ : وليس مع أحدٍ منهم هدي غَير النبي ﷺ وطَلْحةُ : خ هق حم][٤٢].**

واتە : فەرمووی : جگە لە پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ ، و (**طلحة**) رضي الله عنه ، کەسی تر حەیوانی دیاری (الـ هدي) لە گەڵ خۆدا نەهێنا بوو .

## هاتنی ﴿ علي ﴾ رضي الله عنه لە یەمەنەوە ، و تەلبیەکردنی بە شێوەی تەلبیەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ :

**٤٦ ـ وقَدِم علِي [ من سعيته : م ن شا هق ] [٤٣] من اليمن ببدن النبي ﷺ .**

---

(٤٢) ئەمەی کە جابر رضي الله عنه دەیگێڕێتەوە ئەوەیە کە خۆی بینیویەتی ، هیچیش بەرهەڵستی ناکات لە گەڵ ئەو ووتەیەی کە دایکە (**عائشة**) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەیگێڕێتەوە ، و دەفەرمووێ :"**فكان الهدي مع النبي ﷺ وأبي بكر وعمر وذوي اليسارة**" ، واتە: پێغەمبەر ﷺ و أبوبکر و عمر و دەسترۆیشتووەکان حەیوانی دیاری (**الـ هدي**)یان کە لە حەرمدا سەردەبرێت پێبوو، وە (**أسماء**)ی خوشکیشی ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی :"**وكان مع الزبير هدي فلم يحلل**" (**أخرجهما مسلم / ٤ : ٣٠ ٥٥**) واتە: (**الـ زبير**) حەیوانی دیاری (**الـ هدي**) لە گەڵدا بوو بەڵام ئیحرامەکەی هەڵنەوەشاندەوە ، چونکە ئەو کەسەی کە زانیاریەکی پێیە ووتەی پێش دەخرێت لە ووتەی ئەو کەسەی کە ئەو زانیاریەی پێ نەبێت ، ئەرێش پێش دەخرێت لە نەرێ . وە بڕوانە : (**فتح الباري/٣ : ٤٧٣**) .

واتــە : وە ( **علـي** ) یـش رضي الله عنه ــ کـە کـاری کۆکردنـەوەی زەکـاتی پــێ سپێردرابوو ـ لە یەمەنەوە هات ، و قوربانییـەکانی پێغەمبـەری خواشـی ﷺ لە گەڵ خۆدا هێنابوو .

**٤٧ـ فَوجد فَاطِمَةَ** ـ رضـي الله عنهـا ـ **مِمن حل : [ ترجلت : جـا ] ، ولَبِست ثِيابا صبِيغاً ، واكْتحلت ؛ فَأَنكَر ذَلِك عليها [ وقَالَ : من أمركِ بِهذَا ؟ : د هق ] ، فَقَالَت : إِن أَبِي أمرنِي بِهذَا .**

واتە : بینی ( **فاطمة** ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ یەکێکە لەو کەسانەی کە ئیحرامی حەجی کردۆتەوە ، و پرچی داهێناوە ، و پۆشاکێکی تـری لـە بـەر کردووە ، و چاوەکانیشی ڕەشت ( **کل کرد** ) بوو ، بۆیە کە ( **علي** ) رضي الله عنه بـەو شێوە بینی ، پێی بـاش نـەبوو ، پــێی فـەرموو : ئـەوە کـێ فـەرمانی پــێ کردووی بەوە ؟ ئەویش فەرمووی : باوکم فرمانی پێ کردووم بەوە .

**٤٨ـ قَالَ : فَكَانَ علِي يقُولُ بِالْعِراقِ : فَذَهبت إِلى رسول اللهِ ﷺ محرشاً**

---

(٤٣) واتە : لە کارەکەیەوە کە کۆکردنەوەی زەکات بوو .

بەڵام ئەوەی کە بڕیاری لە سەر دراوە لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز دا کـە ، محمـد ﷺ ، و ئال و بەیتی زەکات لە سەر قەدەغەیە ، بۆیە ئەبێ بووترێت علـی رضي الله عنه و جگـە لەویش لە بەر خوا ئەو کارەیان ئـەنجام دەدا ، یـان لـە بـڕی ئـەو ئیشـەی ڕۆژانـەی بـۆ دادەنرێت بێ ئەوەی لـە زەکاتەکـەی بـدرێتێ ، هـەروەکو ( **القاضي** ) فەرموویـەتی ، و پێشەوا ( **النووي** ) یش بە باشی داناوە ، لە گەڵ ئەوەشدا فەرموویەتی : کە ( **السعاية** ) تایبەت نییە بە کۆکردنەوەی زەکـات ، بـەڵکو بـوارێکی فـراوانتر دەگرێتـەوە ، کـە بـۆ کاربەسـتێتیش بەگشـتی بـەکار دەهێنرێـت ، هەرچـەندە زۆرتـرین بـە کارهێنـانی ئـەم ووشەیە بۆ کۆکردنەوەی زەکات دێت . بڕوانە ( **شرح النووي على مسلم** ) .

(٤٤) **على فَاطِمة لِلذِي صنعت مستفْتِياً لِرسول اللهِ ﷺ فِيما ذَكَـرت عنـه ، فَأخبرته أني أنكَرت ذَلِك عليها [ فَقَالت : أَبِي أمرنِي بِهذَا : د هق ] فَقَـالَ : صدقَت ، صدقَت [ صدقَت : ن جا حم ] [ أنا أمرتها بِهِ : ن جا حم ] .**

واتـه : دەفـەرمووێت : ( **علـي** ) رضي الله عنه لـە کاتێکـدا کـە ڕۆشـتە عێـراق دەیفەرموو : کە ئەوەم بینی ڕۆشتمە لای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئـەوەی بـە ووتـەکانم هەڵێنـەم لـە ( **فاطمـة** ) - رضـي الله عنهـا - لـە بـەر ئـەوەی کـە کردبووی ، لە گەڵ پرسیار کردن لە پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـەبارەت بـەوەی کە لێیەوە دەگێڕرایەوە ، ئەوەشم پێ ڕاگەیاند کە ئەو شتەم ئینکار کردووە لە سەری ، ئەویش فەرمووی : باوکم فەرمانی بەمە پێکردووم ، پێغەمبـەری خواش ﷺ فەرمووی : ڕاست دەکات ، ڕاست دەکـات ، ڕاسـت دەکـات ، مـن فەرمانی ئەوەم پێکردووە .

**٤٩ ـ قَالَ جابر : وقَالَ لِعلِي رضي الله عنه : ما قُلْت حِين فَرضت الْحج ؟ قَالَ : قُلْت : اللهم إِني أُهِلُ بِما أَهل بِهِ رسولُ اللهِ ﷺ .**

واتە : جابر فەرمووی : بە ( **علي** ) رضي الله عنه ووت : ئەی تۆ چیت ووت کـە ئیحرامی حەجت دابەست ؟ فەرمووی : ووتم : من ئیحرامی حەج دادەبەسـتم ، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئیحرامی حەجی دابەستووە .

**٥٠ ـ قَالَ : فَإِن مِعِي الْهدي فَلا تحلْ [ وامكُثْ حراماً كَما أَنت : ن ].**

واتە : فەرمووی : من حەیوانی دیاری (الـ هدي)م پێیە تـۆش ئیحـرام

---

(٤٤) **التحريش** : مەبەست پێی لێرەدا ئەوەیە : کە شـتێك بگێڕێتـەوە ببێتـە هـۆی سەرزنشت کردنی ، ( **النووي** ) .

مەکەوە ، و بە حەرامی بمێنەوە هەر وەکو خۆت .

**٥١ ـ قَالَ : فَكَانَ جماعةُ الْهدي الذِي قَدِم بِهِ عِلِي مِن الْيمن والذِي أتى بِهِ النبي ﷺ [ مِن الْمدِينةِ : د ن مج جا هق ] مِائَةً [ بدنة : مي ] .**

واتــە : دەفــەرمووێت : فــەرمووی : كــۆی هــەموو حــەیوانی دیــاری (الــهدي)یەكان كە (**علي**) ﷛ لە یەمەنەوە هێنـابووی ، لـە گـەڵ ئەوانـەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینەوە هێنابوونی ، سەد ووشتر دەبوون .

**٥٢ ـ قَالَ : فَحل الناس كُلهم [٤٥] وقَصروا إِلا النبي ﷺ ومن كَانَ معه هدي [٤٦] .**

واتە : فەرمووی : هەموو خەڵكەكە ئیحرامیان كردەوە ، و پرچیشـیان كـورت كـردەوە ، جگـە لـە پێغەمبـەری خـوا نـە بێـت ﷺ ، و ئەوانـەی كـە حەیوانی دیاری (الـهدي)یان لە گەڵ خۆدا هێنابوو .

## رِۆیشتن ـ بە ئیحرامەوە ـ بۆ مینا ﴿ الـمنى ﴾ لە رِۆژی هەشتەمدا

**٥٣ ـ فَلما كَانَ يوم الترويةِ [ وجعلْنا مكةَ يظْهر : خ م نـخ ن حـم ]**

---

[٤٥] پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی : " **فيه إطلاق اللفظ العام وإرادة الخصوص ، لأن عائشة لم تحل ، ولم تكن ممن ساق الهدي . والمراد بقوله : حل الناس كلهم ، أي : معظمهم** " .

**قلت : أما أنها لم تحل فهو صريح في أحاديث منها حديث جابر هذا في الفقرة التالية . وأمـا أنها لم تسق الهدي فهو قول عائشة : " فحل من لم يكن ساق الهدي ونساؤه لم يسـقن الهـدي "** (أخرجه مسلم وغيره من حديثها) .

[٤٦] ئەم برِگەیە دووبارە بووەتەوە لە ژمارەی ( ٤٤ ) ، و دووبارە بوویەوەشـە لـە لای هەندێك لەوانەی فەرموودەكەیان گێرِاوەتەوە .

**توجهوا إلى منى (٤٧) فأهلوا بالحج [ من البطحاء : خ م طح هق حم ] .**

واتە : پاشان کە ڕۆژی تەرویە بوو ، بە شێوەك مەککە ئاشکرا بوو ڕۆشتن بۆ مینا ، و لەوێدا تەلبیەی حەجیان کرد ، لەو شوێنەی کە پێی دەووترا ( **البطحاء** ) .

٥٤ ـ **[ قالَ : ثُم دخلَ رسولُ اللهِ ﷺ على عائشـة** ـ رضي الله عنها ـ **فوجدها تبكي ، فقالَ : ما شأنكِ ؟ قالت : شأني أني قد حِضت ، وقد حـل الناس ، ولم أحللْ ولم أطف بالبيتِ ، والناس يذْهبونَ إلى الحج الآنَ فقالَ : إن هذَا أمر كَتبه اللهُ على بناتِ آدم ، فاغْتسِلي ، ثُم أهِلي بالحج [ ثُم حجي واصنعِي ما يصنع الحاج غَير أنْ لا تطُوفي بالبيتِ ولا تصلي : حم د ] (٤٨)**

---

(٤٧) پێشەوا (**النووي**) فەرموویەتی : " لەمەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە سوننەت ئەوەیە کە کەس زووتر نەڕوات بۆ مینا پێش ڕۆژی (**التروية**) ، پێشەوا (**مالك**) یش ئەوەی بە باشی دا نەناوە ، وە هەندێك لە پێشینان فەرموویانە هیچی تێدا نییە ، بەڵام بۆچوون و مەزهەبی ئێمە ئەوەیە کە پێچەوانەی سوننەتە .

(٤٨) دەڵێم ( **الألباني** ) : ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خوێندنەوەی قورئان لە لایەن ئافرەتی لە بێ نوێژیدا بوو ڕەوایە ، چونکە بە بێ گومان باشترین کردەوە لە کردەوەکانی حەج بریتییە لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ، هەموو کردەوەکانی حاجیانی بۆ حەڵاڵ کراوە جگە لە تەواف ، و نوێژ نەبێت ، جا ئەگەر قورئان خوێندنیشی لە سەر قەدەغە ببوایە ئەوا ئەوەشی بۆ ڕوون دەکرایەوە هەروەکو چۆن حوکمی نوێژ ی بۆ ئاشکرا کرا ، بەڵکو بگرە قورئان خوێندنەکە ئەولاتر بوو بۆی ڕوون بکرایەتەوە ، چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە لە لەسەر قەدەغەکردنی ئەو کردارە لە سەری ، و نەش کۆڕای زانایانی لە سەرە ، بە پێچەوانەی نوێژەکەی ، جا ئەگەر نەهی لێکردین لەوە ، و بێ دەنگ بوو لە خوێندنەوەکە ، بەڵگەیە لە سەر ڕەوایی

**فَفَعلْت : م نخ د ن طح هق حم ] . ( وفي رِوايةٍ : فَنسكْت الْمناسِك كُلهـا غَير أنها لم تطُف بِالبيتِ : حم ) .**

واتە : فەرمووی : لەو کاتەدا پێغەمبەری خـوا ﷺ ڕۆشـتە ژوورەوە بـۆ لای ( **عائشة** ) - رضي الله عنها - بینی وا دەگیرێ ، فەرمووی ئەوە چـیتە ؟ فەرمووی : چیمە کەوتوومەتە بێ نوێژیـەوە ، خەڵکەکـە هـەمووی ئیحرامـی کردۆتـەوە مـن نـەبێت نـە ئیحـرامم کردۆتـەوە ، و نـەش تـەوافم کـردووە ، ئێستاش خەڵکەکە دەڕۆن بۆ ئەنجامدانی حـەج ، ئـەویش فـەرمووی : ئەمـە شتێکە خوای پەروەردگار لە سەر کچانی ئادەم نووسیویەتی ، جا تۆ خـۆت بشوە ، و پاشان تەلبیەی حەج دابەستە ، و هەموو کردەوەکـانی حاجیـان ئەنجام بدە ، جگـە لـەوەی کـە تـەواف مەکـە ، و نوێـژیش ئـەنجام مـەدە ، دەفـەرمووێت : ئەوانـەم هـەموو ئـەنجام دان ، واتـە : هـەموو کردەوەکـانی حەجم ئەنجام دان ، جگە لەوەی کە تەوافی بە دەوری کەعبەدا نەکرد .

**٥٥ ـ وركِب [٤٩] رسولُ اللهِ ﷺ فَصلى بِها ( يعنِي : مِنى وفي رِوايـةٍ :**

---

خوێندنەوەکە بۆیان ، چونکە ئەو کردارە دواخستنی ڕوونکردنەوەیە لە کاتی پێویستی خۆی ، ئەمەش نابێت هەروەکو سەلمێنراوە لە ( **علم الأصول** ) دا ، ئەمەش ئاشـکرایە و ناشاردرێتەوە ، شوکر بۆ خوای پەروەردگار .

بـەڵام سـەبارەت بـە فـەرموودەی : " **لا يقـرأ القـرآن جنـب ولا حـائض** " ئـەوا فەرموودەیـەکی ( **ضعيف** ) ە ، وپێشـەوا ( **أحمد** ) فەرموویـەتی : ( **باطل** ) ە ، وە بـە شێوەیەکی تێر و تەسـەل لـە سـەری دواووم لـە " **إرواء الغليل** " ( **رقم : ١٩١** ) ، خـوای پەروەردگار تەواوکردنی ئاسان بکات .

[٤٩] لەم فەرموودەیەوە ئـەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کـە سـواری لـەو شـوێنانەدا

ـِنا : د ) الظهر والعصر والمغرب والعِشاءَ والفَجر .

واتە : وە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی تیادا کرد ـ واتە لە مینادا ـ یان نوێژی پێکردین ، نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا و بەیانی پێکردین .

٥٦ ـ ثُم مكَثَ قَلِيلاً حتى طَلَعتِ الشمس [٥٠] .

واتە : پاشان هەندێك مایەوە تاکو خۆر هەڵهات .

٥٧ ـ وأمر بِقُبةٍ [ لَه : د جا هق ] مِن شعرٍ ، عمِلَ لَه بِنمِرة [٥١] .

واتە : وە فرمانی کرد کە چادرێکی بۆ هەڵبدرێت ، کە لە تووك دروست کرابوو ، ئەوانیش لە نەمیرە بۆیان هەڵدا .

## ڕۆیشتن بۆ کێوی عەرەفە [ العرفات ] ، و دابەزین لەو شوێنەی کە پێی دەووترێت نەمیرە

٥٨ ـ فَسار رسولُ اللهِ ﷺ [٥٢] ولا تشك قُريش إلا أنه واقِـف عِنـد

---

باشترە لە پیادە ڕۆشتن ، هەروەکو چۆن لە زۆربەی ڕێگە و ڕێڕەوەکاندا باشترە لە پیادەڕەوی ، ئەمەش ووتەی ڕەوا ، و ڕاستە لە هەردوو شێوەکەدا لە لای پێشەوا (**النووي**) ، و بڕوانە پەراوێزی ژمارە ( ١٦ ) .

[٥٠] لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە سوننەت مانەوەیە بە شەو لە مینا ، و دەرنەچوون لە مینا تاکو ڕۆژهەڵاتن .

[٥١] بە ( **فتح** )ی پیتی ( **النون** ) ، و ( **كسر** ) ی ( **الميم** ) ، ( **ابن الأثير** ) دەفەرمێت : " ئەو شاخەیە کە حاجیەکان لە سەری دەوەستن ، و خەیمەکانیان لە سەر هەڵدەدەن ، لە کێوی عەرەفات " ، بەڵام نەمیرە لە عەرەفە ناژمێرێت .

[٥٢] هاوەڵانی لەم ڕێڕەوەی پێغەمبەردا ﷺ ، هەندێکیان تەلبیەی دەکردوو ،

**المشعر الحرامِ [ِبالمزدلِقةِ : د جا هق ] [ ويكُونُ منزلُه ثُم : م ] كما كانت قُريش تصنع ِفي الجاهِلِيةِ (٥٣) – فَأجاز رسولُ اللهِ ﷺ حتى أتى عرفَةَ فَوجد القُبةَ قَد ضرِبت لَه ِبنمِرة فَنزلَ ِبها (٥٤).**

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە ڕێ ، و قورەیشی‌یەکانیش گومانیـان لەوەدا نەبوو کە جێگە و مەنزڵگای لە موزدەلیفە مەشعەرول حـەرام دەبێـت ( کـە کێوێکـە لـە موزدەلیفـە پـێی دەووترێـت قـەزەح ) ، هـەروەکو چـۆن

---

هەندێکی تریان ﴿ الله أكبر ﴾ یان دەکرد ، هەروەکو لە فەرموودەی ( **أنس** ) دا هـاتووە ، لە ( **صحيح** ) ی ( **البخاري** ) ، و ( **مسلم** ) .

(٥٣) ئەمە ئـەوە دەگەیـەنێت کـە قـورەیش لـە سـەردەمی جاهلیەتـدا ، لـە (**المشعر الحرام**) دا ، دەوەستان کە شاخێکە لە ( **المزدلفة** ) ، و پێی دەووترێت (**القـزع**) ، بـەلام هـەموو هـۆز ، و قەبیلـەکانی تـر لـە ( **المزدلفـة** ) تـێ دەپـەڕین ، و لـە کێـوی عـەرەفات دەوەستان ، بۆیە هۆزی قورەیش گومانی وا بـوو کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ( **المشعر الحـرام** ) دەوەسـتێ ، لـە سـەر داب و نـەریتی ئـەوان ، لێی تێپـەڕ نابێـت ، کەچـی پێغەمبەری خوا ﷺ لێی تێپەڕی بۆ عەرەفات ، چونکە خوای پەروەردگار فەرمانی پـێ کردبوو ، بەو ئایەتانەی کە فەرموویەتی : ﴿ ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ ﴾ ( سورة البقرة : ١٩٩ ) . واتـە : زۆرینـەی عـەرەب ، جگـە لـە قـورەیش ، چـونکە قـورەیش لـە (**المزدلفة**) دەوەستان لە بەر ئەوەی بەشێك بوو لە حەرەم ، وە قورەیشـیش دەیـانووت : ئێمە ئەهل و خەڵکی حەرەمی خوای پەروەردگارین ، بۆیە لێی دەرناچین . (**النووي**) .

(٥٤) پێشـەوا ( **النـووي** ) فەرموویـەتی : ئەمـە ووتەیـە مـەجازە ، مەبەسـتیش لێی ئەوەیە کە نزیك بوویەوە لە کێوی عەرەفە ، چونکە بەو ووتەیەی ڕوونی کردۆتـەوە کـە فەرموویەتی : " فوجد القبة ضربت بنمرة ﻓ ﻝ ﺎ " ، وە لە پێشیشدا ئاماژەمان بـەوەدا کە ( **نمرة** ) لە عەرەفە ناژمێررێت .

قورەیش لـە پێشـدا لـە سـەردەمی نەفامیـدا ئـەنجامی دەدا ، بـەڵام کەچـی پێغەمبـەری خوا ﷺ ئەو شوێنەی بە جـێ هێشـت تـاکو گەشـتە عەرەفـە ، و بینی چادرەکەی لە نەمیرەدا هەڵدراوە ، و ئەویش ڕۆشتە ناوی .

**٥٩ ـ حتى إِذَا زاغَتِ الشمس ، أمر بِالْقَصواءِ ، فَرحِلَت له ، فـ [ ركِب حتى : د مج ] أتى بطْن الْوادِي[٥٥] .**

واتە : تاکو خۆر ئاوا بوو ، فەرمانی کرد بەوەی کە ووشـترەکەی ـ کـە ناوی ( **قَصواء** ) بوو ـ بۆ ئامادە بکرێت ، پاشان بۆی ئامادە کرا ، و ئەویش سوار بوو تاکو گەشتە ناوەڕاستی دۆڵی ( **عرنة** ) .

# ووتار خوێندنەوە لە کێوی عەرەفەدا

**٦٠ ـ فَخطَب الناس وقَالَ : ( إِن دِماءَكُم وأَموالَكُم حرام علَيكُم كَحرمةِ يومِكُم هذَا فِي شهرِكُم هذَا فِي بلَدِكُم هذَا ألا [ و: مج جا ] [ إِن : د مـي مج هق ] كُل شيءٍ مِن أَمرِ الْجاهِلِيةِ تحت قَدمي [ هـاتين : مـج جـا ]**

---

[٥٥] کە ئەویش دۆڵی ( **عُرَنة** )ەیە بـە : ( بضم العـین وفـتح الـراء ) . و لـە عەرەفاتیش ناژمێررێت ، نووي .

**موضوع ، ودِماءُ الجاهِلِيةِ موضوعةٌ ، وإن أولَ دمٍ أضع مِن دِمائنـا دم بـن ربيعةِ بن الحارثِ [ بن عبدِالمطلبِ : د هق ] - كانَ مسترضِعاً في بني سعدٍ فقتلته هذيلٌ - وربا الجاهِلِيةِ موضوع ، وأولُ رباً أضع رِبانا : ربا عباسِ بـن عبدِالمطلب ، فإنه موضوع كُله (٥٦) فاتقُوا اللهَ في النساءِ فإنكم أخذْتموهن بأمانـ [ ـة : د شا مج هق ] اللهِ (٥٧) واستحلَلتم فُروجهن بكلمةِ اللهِ (٥٨) و [ إن : د مي مج هق ] لكُم عليهن أنْ لا يوطِئْن فُرشكُم أحداً تكْرهونه (٥٩)**

---

(٥٦) بە واتای زیاد لە بنەمایەکەی دێ هەروەکو خوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ ﴾ ، مەبەسـتیش لـە ( **الوضع** ) بریتی‌یـە لـە : بەرپـەرچ دراو ، و پوچەڵ دەگەیەنێت .

(٥٧) ئەوەی تێدایە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ جـەختی لـە سـەر ئـەوە کـردووە کـە دەبێت مافی ئافرەتان ڕچاو بکرێت ، و تێیـدا وەسـێت بـە پیـاوان دەکرێـت کـە چـاویان لێیان بێت ، هەڵسوکەوت لە گەڵیاندا بە چـاکە بێـت ، و فەرموودەیـەکی زۆری ( **صحيح** ) یش هاتووە سەبارەت بەوەی کە چاودێری بکرێن ، مافەکانیانی تێدا ئاشکرا کراوە ، لە گەڵ هەڕەشە دان لە کەم و کوڕی لە مافەکانیان ، جا هەر کەسێك دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆیان بـا بڕوانێتـە : " الترغيب والترهيب : ٣ : ٧١ - ٧٤ ) ی ( **المنـذري** ) ، و" ريـاض الصالحين " ی ( **النووي** ) .

(٥٨) سەبارەت بە واتای ئەمە چوار ووتە هەیە پێشەوا ( **النووي** ) لە ( **شرح مسلم** ) دا باسی کردووە ، و فەرموویەتی : ووتەی هەڵبژاردە ، و ڕاست ئەوەیە کـە مەبەسـت لێی ئەم ئایەتەیە : ﴿ فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء ﴾ .

(٥٩) ووتەی هەڵبژاردە لە واژەی ئـەم بڕگەیـە بریتی‌یـە لـەوەی کـە بووترێـت : کـە نابێت خێزانەکانتان ڕێبدەن بە هیچ کەسێك کە ئێـوە ڕقتـان لێیانـە ، بـۆ ئـەوەی بێنـە ماڵەکانتان ، یان تیایدا دابنیشـن ، جـا ئـەو کەسـانەی کـە ڕێیـان پێـدەدرێت پیـاوێکی

**فَإِنْ فَعلْن ذَلكَ فَاضربوهن ضرباً غَير مبرحٍ (٦٠) ، ولَهن علَـيكُم رِزقُهـن وكِسوتهن بِالْمعروفِ و [ إِني : جا هق ] قَد تركْت فِيكُم ما لَن تضِلوا بعده إِنْ اعتصمتم بِهِ : كِتاب اللهِ (٦١) وأَنتم تسأَلُونَ ( وفِي لَفْظٍ : مسؤولُونَ : د**

---

نامەحرەم بێت ، یان ئافرەتێك ، یان هەر كەسێك بێت لـە مەحرەمـەكانی ئافرەتەكـە ، چـونكە نەهیەكـە هـەموو ئەوانـە دەگرێتـەوە ، هـەروەك پێشـەوا ( **النـووي** ) بـای لێـوە كردووە ، بۆ تەواوی ووتەكەشی بگەڕێرەوە بۆ ( **شرح مسلم** ) .

(٦٠) ( **الضرب المبرح** ) بریتی‌یە لە لێدانی توند و سـەخت ، واتەكەشـە ئەوەیـە : ئـەو لێدانەی كە ڕێتـان پێـدراوە لێـدانێكی نـە تونـد ، و نـە سـەختە ، منـیش دەڵـێم : ئـەم ڕێپێدانەش بابەتی ( **القوام** ) ێتی پیـاوان بـە سـەر ئافرەتانـەوە دەیگرێتـەوە هـەروەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ الرِّجَـالُ قَوَّامُونَ عَلَـى النِّسَـاء بِمَـا فَضَّلَ اللّـهُ بَعْضَـهُمْ عَلَـى بَعْـضٍ وَبِمَـا أَنفَقُـواْ مِنْ أَمْـوَالِهِمْ فَالصَّـالِحَاتُ قَانِتَـاتٌ حَافِظَـاتٌ لِّلْغَيْـبِ بِمَـا حَفِظَ اللّـهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴾ .

(٦١) **منیش دەڵێم :** ڕاستی فەرمووە پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمانانی ئێستا ـ بڕێكـی كەمیان نەبێت ـ لە كاتێكدا كە دەستیان نەگرتوە بە قورئانەكەی خـوای پـەروەردگار ، سوننەتەكانی پێغەمبەرەكەی ﷺ گومڕا بـوون و تووشـی زەلیلـی بـوون ، ئـەوەش لـە كاتی خیلاف جیاوازیدا ووتەی مرۆڤـ و بۆچونەكانیان كردۆتە بنەوایەك بۆ ئەوەی بـۆی بگەڕێنەوە ، و ئەوەش لە قورئان و سوننەت بگونجێ لە گەڵیدا وەریدەگرن ، و ئەوەش پێچەوانەی بێت ڕەتی دەكەنەوە ، تاكو گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی بێژەرێكیان دەڵێت : (( **كل آية أو كل حديث خالف المذهب يحمل علـى النسـخ** )) ، واتـە : هـەر ئایـەتێك یـان هـەر فەرمودەیـەك پێچـەوانەی مەزهـەبمان بێـت ئـەوا دەبێـت بووترێـت مەنسـوخە !!! ڕەحمەتی خوا لە مالك بێت كە فەرموویەتی : (( **ولا يصلح آخر هذه الأمة إلا بما صلح به أولها** )) ، واتە : كۆتایی ئەم ئوممەتە چاك نابێت ، بەوە نەبێت كە پێشەكەی پێ چاك بـووە

**مي مج جا هق ) عني فَما أنتم قَائِلُونَ ؟ قَالُوا : نشهد أنك قَد بلغت [رِسالاتِ ربك : جا ] ، وأديت ونصحت [ لأمتك وقَضيت الذِي عليـك : جـا ] ، فَقَالَ بِأَصبعِهِ السبابة يرفَعها إلى السماءِ وينكتها إلى الناس : اللهم اشهد اللهم اشهد ) .**

واتــە : پێغەمبــەری خــوا ﷺ ووتــاری بــۆ خەڵکەکــە خوێنــدەوە ، و فەرمووی : خـوێن و سـامان و داراییتـان لـە سـەرتان حـەرام و قەدەغەیـە ، وەکـو حـەرامێتی ئـەم ڕۆژەتـان ، لـەم مانگـەتان ، و لـەم وڵاتەتانـدا ، وە ئـەوەش بـزانن کـە هـەموو کردارێکـی سـەردەمی نـەفامی لـە ژێـر ئـەم دوو پێیەمدان ، وە ئەو خوێنانەش کە ڕشاون نابێت تۆڵەیان بکرێتەوە ، چـونکە لە سەر ئەنجام دەرانی کەووتووە ، و یەکـەم خـوێنێکیش لـە خۆێنـەکانکان هەڵبگیرێت خوێنی ( **ابنِ رَبِيْعَةَ بنِ الْحَارِثِ بنِ عَبْـدِالْمُطَّلِب** ) کـە ( **مُسْتَرْضِـعَ** ) بــووە لــە هــۆزی ( **سَــعْدٍ** ) ، و هــۆزی ( **هُــذَيْلٌ** ) کوشــتوویانە ، وە ئــەو سووخۆریەی سەردەمی نەفامی نەما ، و نابێت کەس داخوازی لە سەر بکات ، چونکە لە سەر ئەنجام دەرانی کەووتووە ، و یەکەم سـوویەکیش لـە سـەر بخرێت سووی ( **عَبَّاسِ بنِ عَبْدِ الْمُطَّلِب** ) ە ، کە بێ گومـان هـەمووی لەسـەر خەڵك کەوتوون ، وە لە خوا بترسن لە بابـەتی ئافرەتـدا ، چـونکە ئـەوانتان بردووتانن بە ئەمانەتی خـوای پـەروەردگار ، وە سـەرجێگەیی ئـەوانتان بـۆ حەڵاڵ کراوە بە ووشەی خوای پەروەردگار ، و ئەوەشـتان لـە سـەریانە کـە

---

، بۆیە پێویستە لە سەر موسڵمانان دەست بگرن بـە قورئانەکـەی پـەروەردگاریان ، و بیکەنە دادوەر لە هەموو بووارەکانی ژیانیـان ، و ووتـەی هـیچ کەسـێکی پـێش نەخـەن ڕۆژهەڵاتی بێت یان ڕۆژئاوایی .

ڕێنەدەن بە هیچ کەسێك کە ئێوە ڕقتان لێیانە ، بۆ ئەوەی بێنە ماڵـەکانتان ، یان تیایدا دابنیشن ، بۆیە ئەگەر ئـەوەیان ئـەنجام دا ئـەوا لێیـان بـدەن ، بـەڵام دەبێـت لێدانەکـە لێـدانێکی بریـندارکار نـەبێت ، ئـەوانیش ئـەوەیان لەسەرتانە کە بژێوی ڕۆژانە ، و پۆشاکیان بۆ بکەن بە پێی عورف و عادەت ، وە منیش ئەوەم تیاتاندا بەجێ هێشتووە کە ئەگەر دەسـتی پێـوە بگـرن هەرگیز دوای ئەو گومڕا نابن ، ئەویش : پەڕتوکەکەی خوای پەروەردگارە ، وە ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت سەبارەت بە مـن ، جـا ئێـوە چـی دەڵـێن ؟ فەرموویان : گەواهی ئەوە دەدەین کە تۆ پەیامەکەی پـەروەردگاری خۆتـت گەیاند ، و ئەدای کاری خۆتت کرد ، و ئامۆژگـاری خۆتـت بـە ئوممەتەکـەت ڕاگەیانـد ، ئەوەشـت کـە لـە سـەر بـوو ئـەنجامت دا ، ئـەویش پەنجـەی شایەتوومانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان ، و دای دەگـرد بـەرە ، و خەڵکەکـە و دەیفەرموو : خوایا تۆ شاهید بە لە سەر ئەو ووتەیەیان ، خوایـا تـۆ شـاهید بە لە سەر ئەو ووتەیەیان .

# کۆکردنەوەی دوو نوێژ
# لە کێوی عەرەفە ، و وەستان لە سەری

**٦١ ـ ثُم أذنَ [ بِلال : مي مج جا هق ] [ بِنِداءٍ واحِدٍ : مي ] .**

واتە : پاشان بیلال یەك بانگی دا .

**٦٢ ـ ثُم أقَام فَصَلَّى الظهر ، ثُم أقَام فَصلى العصر .**

واتە : پاشان بیلال قامەتی کرد و پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی نیوەڕۆی پێکردن ، و پاشان جارێکی تر بیلال قامەتی کردەوە و پێغەمبەری خواش ﷺ نوێژی عەصری پێکردن .

**٦٣ـ ولم يصل بينهما شيئاً .**

واتە : هیچ نوێژێکی لە نێوانیاندا ئەنجام نەدا .

**٦٤ـ ثُم ركِب رسولُ اللهِ ﷺ [ القَصواءَ : جا ] حتى أتى الموقِف ، فَجعلَ بطْن ناقتِهِ القَصواءِ إلى الصخراتِ (٦٢) ، وجعلَ حبلَ المشاةِ (٦٣) بين يديهِ ، واستقْبلَ القِبلةَ (٦٤) .**

---

(٦٢) هي صخرات مفترشات في أسفل جبل الرحمة وهو الجبل الذي بوسط أرض عرفات .

قال النووي : فهذا هو الموقف المستحب . وأما ما اشتهر بين العوام من الأغبياء بصعود الجبل وتوهمهم أنه لا يصح الوقوف إلا فيه فغلط .

واتە : ئەو بەردانە بریتی بوون لە چەند بەردێکی ڕاخراو لە خوارووی کێوی (ڕەحمە)وە کە بریتی‌یە لەو کێوەی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی زەوی عەرەفاتەوە

(**النووي**) فەرموویەتی : ئا ئەم جێگایە بریتی‌یە لەو شوێنەی کە سوننەتە تێیدا بوەوەستیت و جێگای ڕاوەستانە لە عەرەفە ، بەڵام ئەوەی کە بەناوبانگە لە نێوان خەڵکانێکی عەوام و کەودەن و گێلدا لە سەرکەوتنە سەر کێوی عەرەفە و خەیاڵی ئەوەی کە وەستان ڕاست و دروت نی‌یە ئیللا لەوێدا نەبێت هەڵە و غەڵەتە .

(٦٣) واتە : کۆمەڵەکەیان .

(٦٤) وجاء في غير حديث أنه ﷺ وقف يدعو رافعا يديه .

واتە : لە چەندین فەرموودەدا هاتووە کەوا پێغەمبەر ﷺ لە عەرەفەدا وەستاوە دوعای کردووە و پاڕاوەتەوە و دەستیشی بەرزکردووەتەوە .

ومن السنة أيضا التلبية في موقفه على عرفة خلافا لما ذكره شيخ الإسلام في منسكه ( ص ٣٨٣

واتــە : پاشـان پێغەمبــەری خـوا ﷺ سـواری ووشـترەکەی ـ کـە نـاوی (**قصواء**) بوو ـ بووەوە تاکو گەشتە عەرەفە ، و سـینگی ووشـترەکەی ـ کـە نـاوی (**قصـواء**) بـوو ـ لکانـد بـە بـەردێکی گـەورە ، و کۆمـەڵی حاجی‌یـە پیادەکانیش لە بەر دەستیدا بوون ، و ڕوویشی لە قیبلە کردبوو .

**٦٥ ـ فَلَم يزلْ واقِفاً حتى غَربتِ الشمس وذَهبتِ الصفْرةُ قَلِـيلاً حتـى غَاب القُرص (٦٥) .**

واتە : بەردەوام بوو لە سەر ڕاوەستانی ، تاکو خۆر بـەرەو ئـاوا بـوون بوو ، و زەردەی ڕۆژیش کەم بووەوە ، تاکو بازنەی خۆر دیار نەما .

**٦٦ ـ [ وقَالَ : وقَفْت ههنا وعرفَةُ كُلها موقِـف : د ن مي مج جا حـا حم ] .**

---

) فقد قال سعيد بن جبير : " كنا مع ابن عباس بعرفة فقال لي : يا سعيد ما لي لا أسمع الناس يلبون ؟ فقلت : يخافون من معاوية قال فخرج ابن عباس من فسطاطه فقال : لبيك اللهم لبيك . فإ م قد تركوا السنة من بغض علي رضي الله عنه " . أخرجه الحاكم ( ١ / ٤٦٤ - ٤٦٥ ) والبيهقي ( ٥ / ١١٣ ) من طريق ميسرة بن حبيب عن المنهال بن عمرو عنه . قال الحاكم : " صحيح على شرط الشيخين " ووافقـه الذهبي .

واتە : هەروەها (تەلبیە کردن لە کاتی وەستاندا لە عەرەفە) بەشێکە لە سوننەت .

ثم روى الطبراني في (**الأوسط** : ١ / ١١٥ / ٢) والحاكم من طريق أخرى عن ابن عباس أن رسول الله ﷺ وقف بعرفات فلما قال : لبيك اللهم لبيك قال : إنما الخير خير الآخرة . وسنده حسن وصـححه الحاكم ووافقه الذهبي .

وفي الباب عن ميمونة زوج النبي ﷺ من فعلها . أخرجه البيهقي .

(٦٥) پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـەم وەسـتانەیدا بـە ڕۆژوو نـەبوو ، چـونکە (**أم الفضـل**) گڵاسـێك ماسـتاوی بـۆ نـارد لـە کاتێکـدا وەسـتا بـوو بـە سـەر ووشـترەکەیەوە ، و ماستاوەکەی خواردەوە ، هەروەکو لە (**الصحيحين**) دا لێیەوە دەگێڕنەوە .

واتە : لێرەدا وەستاوم ، و هەموو عەرەفەش شوێنی وەستانە .

**٦٧ ـ وأردف أسامةَ [ بن زيدٍ : مج جا هق ] خلْفَه .**

واتـە : ( **أسـامة** )ەی کـوڕی ( **زيـد** ) يشـی رضي الله عنه لـە پشـتکەی خـۆی سوارکردبوو .

# دابەزین لە کێوی عەرەفە

**٦٨ ـ ودفَع رسولُ اللهِ ﷺ ( وفي روايةٍ : أفَاض وعليهِ السكينةُ : د ن مج )** (٦٦) **وقَد شنق** (٦٧) **لِلْقَصواءِ الزمام حتىٰ إن رأسها لَيصِيب مورِك** (٦٨) **رحلِـهِ ،**

---

(٦٦) کە بریتیـیە لە نەرم و نیانی ، و دڵنیایی ، پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی : ئەوەی تێدایە کە سوننەتە بە سەکینەو نەرم و نیانیـیەوە دابەزێ و کێوی عەرەفـە بـەجێ بهێنێـت ، وە چ کاتێك چۆڵیەکی دەست کەوت پەلە بکات هەروەکو لە فەرموودەکەی تردا هاتووە .

(٦٧) واتە : توند و تۆڵی کردبوو .

**ويقولُ بيدِهِ اليمنى [ هكذَا : وأشار بباطِن كفِهِ إلى السـماءِ : ن ] أيهـا النـاس السكِينةُ السكِينةُ .**

واتە : پاشـان پێغەمبـەری خـوا ﷺ ـ بـە سـەكينە و وەقارێكـەوە ـ لـە كێـوی عەرەفـە دابـەزی ، و ڕەشمـەی ووشـترەكەی تونـد كردبـوو ، بـە شێوەيەك سەری بەر سينگی دەكەوت ، و بە دەستی ڕاستيشی ئاماژەی بۆ خەڵكەكە دەكرد ـ بە شێوەيەك ناولەپەكانی دەستی ڕوو دەكرد لە ئاسمان ـ كە ئەی خەڵكينە بە سەكينە و وەقار بن ، بە سەكينە و وەقار بن .

**٦٩ ـ كُلما أتى حبلاً (٦٩) مِن الحِبال ، أرخى لها قَليلاً ، حتى تصعد (٧٠) .**

واتە : هەركە دەگەشت بە كۆمايەك لـەو كۆمـا لمـە گەورانـە ، هەنـدێك ڕەشمەكەی بۆ شل دەكرد ، بۆ ئەوەی بڕواتە سەرروە .

## كۆكردنەوەی دوو نوێژ لە موزدەليفە ، و مانەوەی شەو تێيدا

**٧٠ ـ حتى أتى المزدلِفَةَ فَصلى بِها [ فَجمع بـين : د جـا ] المغـرب والعِشاء بِأذَانٍ واحِدٍ وإقَامتين (٧١) .**

---

(٦٨) هو الموضع الذي يثني الراكب رجله عليه قدام واسطة الرحل إذا مل من الركوب .

(٦٩) في " النهاية " : " الحبل المستطيل من الرمل . وقيل : الضخم منه وجمعه حبال . وقيل : الحبـال في الرمل كالجبال في غير الرمل " .

(٧٠) پێغەمبەری خوا ﷺ لـەم ڕێكردنەيدا تەلبيـەی دەكـرد ، نەيـدەبڕی ، هـەروەكو لـە فەرموودەكەی ( **الفضل** ) ی كوڕی ( **العباس** ) دا لە ( **الصحيحين** ) دا هاتووە.

(٧١) ئەمەيە بۆچوونی ڕاست ، و ئەوەش كە لە هەندێك مەزهەبدا هاتووە كە يەك ئيقامە دەكات ، ئەوا پێچەوانەی سـوننەتە ، و ئەگـەر لـە هەنـدێك ڕێگـەوە هاتبێـت ئـەوا (**شـاذ**)ە ، هـەروەك چـۆن بانگدان هەر نەهاتووە لە خەندێ لە فەرموودەكاندا ، بڕوانە : (نصب الراية : ٣ / ٦٩ – ٧٠ ) .

واتــە : تــاکو گەشــتە موزدەلیفــە ، و نوێــژی مــەغریب و عیشــای تێدا کوکردنەوە بە بانگێك و دوو قامەت .

**٧١ـ ولَم يسبح (٧٢) بينهما شيئاً .**

واتە : **هیچ** نوێژی سوننەتیشی لە نێوانیاندا ئەنجام نەدا .

**٧٢ـ ثُم اضطَجع رسولُ اللهِ ﷺ حتى طَلَع الفَجر (٧٣) .**

واتە: پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ لەوێدا خەوت تاکو گزنگ (**واتە : الفجر**) دەرکەوت .

**٧٣ـ وصلى الفَجر ، حِين تبين لَه الفَجر ، بِأذَانٍ وإقَامة .**

واتــە : لــە کاتێکیشــدا کــە گزنگــی بــۆ ئاشــکرا بــوو ، نوێــژی بــەیانی بــە بــانگ و قامەتێك ئەنجام دا .

# وەستان لە مەشعەرولحەرام

# واتە لە کێوی ( قُزح ) لە موزدەلیفە

**٧٤ـ ثُم رکِب القَصواءَ حتى أتى المشعر الحرامِ (٧٤) [فَرقَى علَيـهِ : د**

---

(٧٢) واتە : **هیچ** نوێژێکی سوننەتی نەکردبوو .

(٧٣) پێشەوا ( **ابن القیم** ) ـ بە ڕەحمەت بێـت ـ فەرموویـەتی : (( ولم يحي تلك الليلة ، ولا صح عنه في إحياء ليلتي العيدين شيء )) ، واتە : پێغەمبەری خـوا ﷺ ئـەو شـەوەی زیندوو نەکردۆتەوە ، وە **هیچ** فەرموودەیەکیشی لێـوە نەسـەلمێنراوە کـە شـەوانی دوو جەژنەکەی زیندوو کردبێتەوە ، منیش دەڵێم : بەو شێوەیەیە کە ئـەو فەرموویـەتی ، و **هە**موو ئەو فەرموودانەشم لە ( **التعليق الغريب على الترغيب والترهيب** ) دا ئاشکرا کردووە .

(٧٤) مەبەست پیَی لێرەدا ( **قُـزَح** )ەحـە کـە ( بضم القاف وفتح الزاي وبحاء مهملة ) کە شاخێکی ناسراوە لە ( **المزدلفة** ) ، و ئـەم فەرموودەیـەش شـەرع زانانـە لـەوەی کـە (**المشعر الحرام**) بریتییە لە ( **قُزَح** ) ، و زۆرینەی ڕاڤەوانانی قورئان و ژیان نامە نـووس و

مج جا هق ].

واتە : پاشان پێغەمبەری خـوا ﷺ سـواری ووشـترەکەی بـووەوە ـ کـە نـاوی ( **قصـواء** ) بـوو ـ تـاکو گەشـتە مەشـعەرولحەرام ـ کـە کێـوی ( **قُـزَح** ) دەگرێتەوە لە موزدەلیفە دا ـ و بە سەریدا سەرکەت .

**٧٥ ـ فَاستقْبلَ الْقِبلَةَ ، فَدعاه [ وفِي لَفْظٍ : فَحمِد اللَّهَ : د مج جا هق ] وكَبره وهلَله ووحده .**

واتە : وە ڕوویکرد لە قیبلە و پاڕایەوە ، یان شـوکر و ستایشـی خـوای پەروەردگاری کـرد ، و ( **الله أكبر** ) و ( **لا إلــه إلا الله** ) و یـەکخوا پـەرسـتی خوای پەروەردگاری ڕاگەیاند .

**٧٦ ـ فَلَم يزلْ واقِفاً حتى أَسفَر جِداً .**

واتە: وە بەردەوام بوو لە سەر ڕاوەستانی تیایدا ، تاکو خۆر زۆر زەرد بوویەوە .

**٧٧ ـ ( وقَالَ : وقَفْت ههنا والْمزدلِفَةُ كُلُها موقِف : م د ن مج جا حم ) .**

واتە : لێرەدا وەستاوم ، و هەموو موزدەلیفەش شوێنی وەستانە .

## دابەزین لە موزدەلیفە بۆ ڕەجم کردن

**٧٨ ـ فَدفَع [ مِن جمعٍ : هق ] قَبلَ أَنْ تطْلُع الشمس [ وعلَيهِ السـكِينةُ : د ت هق حم ] (٧٥) .**

واتە : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ـ بە سـەکینە و وەقارێکـەوە ـ پـێش ئەوەی خۆر هەڵبێت ، لە موزدەلیفە دابەزی .

---

فەرموودەزانان لە سەر ئەوەن کە ( **المشعر الحرام** ) هەموو ( **المزدلفة** ) ەیە ( **نووي** ) .

(٧٥) وە پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام بوو لە سەر تەلبیەکەی ، و نەیبڕی .

**٧٩ ـ وأردف الفَضلَ بن عباسٍ(٧٦) ـ وكانَ رجلاً حسن الشعرِ أبيض وسيماً ـ .**

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ ( **فضل** ) ی کوڕی ( **عباس** ) ـ کە پیاوێکی پرچ جوانی سپیکەڵانەی ڕۆ گەش بوو ـ لە پشکەی خۆی سوار کردبوو .

**٨٠ ـ فلَما دفَع رسولُ اللهِ ﷺ مرت بِهِ ظُعن (٧٧) تجرين ، فطَفِق الفَضلُ ينظُر إليهن ، فوضع رسولُ اللهِ ﷺ يده على وجه الفَضل ، فَحولَ الفَضلُ وجهه إلى الشق الآخر ، فَحول رسولُ اللهِ ﷺ يده مِن الشق الآخر على وجهِ الفَضل يصرف وجهه مِن الشق الآخر ينظُر (٧٨) .**

---

(٧٦) لەم خاڵە ، و لە خاڵێکی پێشتر ( ژمارە : ٦٥ ) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە : ڕەوایە لە پشکە ، و بە سەر ئاژەڵەوە ئەگەر بتوانێت ، وە فەرموودەیەکی زۆریشی لە سەر هاتووە ، هەروەکو پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی .

(٧٧) بضم الظاء والعين ، ويجوز إسكان العين ، جمع ظعينة كسفينة و سفن ، وأصل الظعينة البعير الذي عليه امرأة ، ثم تسمي به الأحاديث كما قال ( **النووي** ) .

(٧٨) قلت : وهذه القصة هي غير التي رواها علي وابن عباس في نظر الفضل إلى المرأة الخثعمية من وجوه : منها : أن في حديثهما أنها كانت يوم النحر ، وهذه كانت صبح المزدلفة قبل إتيانه بطن محسر ، وفي حديث علي فائدة أخرى ، وهي التصريح بأن القصة وقعت في منى عند المنحر بعد رمي جمرة العقبة . كما رواه أحمد ( ١ / ٧٥ - ٧٦ ) وابنه في ( زوائده : ١ / ٧٦ و٨١ ) والملخص في ( الفوائد المنتقاة : ٩/ ٢٢٠ / ١ ) بسند حسن كما قال الحافظ وصححه الترمذي .

وفي ذلك رد صريح على من يدعي من المتقدمين والمتأخرين أن المرأة الخثعمية كانت محرمة ولذلك لم يأمرها النبي ﷺ بأن تغطي وجهها . يقولون ذلك لرد دلالة الحديث الصريحة على أن وجه المرأة ليس بعورة إذ لو كان عورة لأمرها بالتغطية ولو سلم أنها كانت محرمة فالإحرام لا يمنع من التغطية لا سيما في هذه الحالة التي كاد الشيطان أن يدخل بينها وبين الفضل وإنما يمنع من النقاب والبرقع ونحوه . فكيف وليس في الحديث أنها كانت محرمة ؟ فكيف وفيه أن القصة كانت بعد رمي الجمرة وعند المنحر كما سبق وفي هذه الحالة يحل لها كل شيء إلا النكاح كما يأتي فلو فرض أنه لا يجوز لها التغطية قبل ذلك فقد زال المانع وقد فصلت القول في ذلك في ( **حجاب المرأة المسلمة** ) لا

واتە : لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ دادەبەزی لە موزدەلیفە ، چەند ئافرەتێکی بە لادا تێپەڕ بوون ، ( **فضل** ) یش لەو کاتەدا سەیری دەکردن ، پێغەمبەری خواش ﷺ دەستی نا بە ڕووی ( **فضل** )ەوە ، ( **فضل** ) یش ڕووی وەرگێڕا بۆ لاکەی تر ، جارێکی تر و لە لاکەی ترەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی نایەوە بە ڕووی ( **فضل** )ەوە ڕووی وەردەگێڕا ، ئەویش ڕووی وەردەگێڕا و لە لاکەی ترەوە دەیڕوانی .

**٨١ ـ حتى أتى بطن محسرٍ(٧٩) فَحرك قَلِيلاً(٨٠)[وقَالَ: عليكُم السكِينةَ: مي] .**

واتە : تا گەشتە دۆڵی ( **محسـر** ) ـ کە شوێنێکە لە نێوان مینا موزدەلیفە ـ هەندێك ڕێکردنەوەکەی توند کردەوە ، و فەرمووی : بە سەکینە و وەقارەوە ڕێبکەن .

# ڕەجم کردنی گەورە

---

سيما في الطبعة الثانية وهي وشيكة الصدور إن شاء الله تعالى .

(٧٩) ( بضم الميم وفتح الحاء وكسر السين المشددة سمي بذلك ، لأن فيل أصحاب الفيل حسر فيه أي أعي وكلن قال ابن القيم : " و محسر برزخ بين منى ومزدلفة لا من هذه ولا من هذه " .

قلت : لكن في صحيح مسلم والنسائي عن الفضل بن عباس أن محسرا من منى .

(٨٠) واتە : ڕێکردنەوەکەی توند کردەوە ، هەروەکو لە جگە لەم فەرموودەیەدا هاتووە، پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی : سوننەتێکە لە سوننەتەکانی ڕێکردن ، لەو شوێنەدا ، پێشەوا ( **ابن القيم** ) یش فەرموویەتی : (( ئەمە عادەتی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ لەو شوێنانەی کە سزایی خوای پەروەردگار هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر دوژمنانی ، هەر ئەوەشی ئەنجام داوە لە ڕۆشتنی بە شوێنەوار ( **الحجر** ) ، و ( **ثمود** ) ، بە پۆشاکەکەی ڕوومەتی خۆی داپۆشیوە ، و ڕێکردنەکەی توند کردۆتەوە )) .

# ( رمي الجمرة الكبرى )

**٨٢ ـ ثُم سلَك الطريق الوسطى (٨١) الِتي تخرج [ ك : ن د مي مج جا هق ] على الجمرةِ الكُبرى ، حتى أتى الجمرةَ الِتي عِند الشجرة .**

واتە : پاشان ڕێگە ناوەڕاستینەی گرتە بەر كە سەر لە ( **الجمرة الكبرى** ) وە دەردەكات ، تاكو گەشتە ئەو بەردانەی كە كەوتوونەتە لای دارەكەوە .

**٨٣ ـ فَرماها [ ضحى : م نخ د ت طح جا فط هق حم ] بِسبع حصياتٍ (٨٢).**

واتە : و حەوت بەردی تێگرت .

**٨٤ ـ يكبر مع كُل حصاةٍ مِنها ، مِثْل حصى الْخذْفِ (٨٣) .**

---

(٨١) پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی : (( گرتنە بەری ئەم ڕێگەیە سوننەتە لە كاتی گەڕانەوە لە عەرەفات ، ڕێگەیەكە جگە لەو ڕێگەیەی كە لێوە ڕۆشتیوو بۆ عەرەفات )) .

(٨٢) وە لەو كاتەدا وازی لە هەموو جۆرە تەلبیەیەك هێنا ، هەروەكو لە فەرموودەكەی ( **فضل** ) و جگە لەویشدا هاتووە .

(٨٣) پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی : (( وهو نحو حبة الباقلاء وينبغي أن لا يكون أكبر ولا أصغر فإن كان أكبر أو أصغر أجزأه )) .

واتە : نزیكە لە ناوكە پاقلەیەكەوە ، وە پێویستە نە گەورەتر ، و نەش بچوكتر بێت ، بەڵام ئەگەر گەورەتر یان بچوكتر بوو ئەوا هەر دەبێت ، و لە سەری دەكەوێت .

وە لە ( **النهاية** ) دا هاتووە : (( الخذف هو رميك الحصاة أو نواة تأخذها بين سبابتيك وترمي بها )) .

واتە : ( **الحذف** ) : بریتییە لە فڕێدانت بۆ بەرد ، یان ناوكەیەك كە لە نێوان پەنجەی شایەتوومانت دەیگریت ، و فڕێی دەدەی .

**منیش دەڵێم :** وە سەبارەت بەم شێوازە لە هەندێك فەرموودەدا هاتووە لە زیاد لە هاوەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، لەوانەش ( **عبد الرحمن بن معاذ التميمي** ) كە

فەرموویـەتی: " **خطبنا رسول الله ﷺ ونحن** بمنى **قال : ففتحت** أسماعنا **حتى أن كنا لنسمع ما يقول ونحن** في **منازلنا . قال : فطفق يعلمنا مناسكنا حتى بلغ الجمار فقـال : بحصى الخذف ووضع أصبعيه السبابتين أحدهما على الأخرى** ... " تاكو کۆتایی فەرمودەکە .

( أخرجه أبو داود والنسائي وأحمد والبيهقي والسياق له بسند صحيح . وفي الباب عن حرملة بن عمرو في " أمالي المحاملي " ( ٥ / ١٢٠ / ١ ) " وفوائد الملخص " ( ٧ / ١٨٤ / ٢ ) وابن عباس في " طبقات ابن سعد " في " الطبقات " ( ٢ / ١٢٩ ) وهو عند مسلم في رواية له ( ٤ / ٧١ ) ) .

واتە : کە گەشتە باسی ڕەجم کردن : بـەردێکی هێنـا ، و پەنجـەکانی شـایەتومانی خستە سەر یەك ... .

بەڵام ئەبێت بزانین مەبەست لەم چۆنێتیە ، بریتی‌یە لە ڕوونکردنەوە زیـاتر ئاشـکرا کردنی ( **حصى الخذف** ) کە پێویستە پێی ڕەجم بکرێت ؟ یان مەبەست پێی فێرکردن ، و پێویستکردنی پابەند بوونە پێیەوە ، دور لە چۆنیەتەکانی تـر ؟ هـەر یـەك لـەو دووە جێی ئەگەرە ، بەڵام یەکەمیان ئاشکرا ترە ، تەنانەت پێشەوا ( **النـووي** ) جگـە لـەوەی باس نەکردووە ، بەڵام ( **ابن الهمـام** ) لـە ( **الفـتح** ) دا ئەگـەری دووەمـی باسـکردووە ، و بەرپەرچی داوەتەوە ، جەختی لە سەر ئەوە کردووە کە مەبەست لێی ئەگەری یەکەمـە ، لە سەر ئەمە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە چۆنێتی‌یەکی دیاریکراو لە سوننەتدا نـەهاتووە بۆ هاوێشتنی ئەو بەردانە ، و پێویست بێت پێوە پابەند ببین ، بۆیە هەر چۆنێتیەك کە کە بۆی ئاسان بێت .

لێرەشدا چەند بیرخستنەوەیەك هەیە :

**یەکەم :** ئەوەیە کە نابێت بەرد هاوێشتنەکە ڕۆژی جەژن بکرێت ، پێش حۆرهەڵاتن ، تەنانەت بۆ بێتوانا ، و ئافرەتانیش ، کە ڕێگەیان پێدەدرێت موزدەلیفـە بـەجێ بـێڵن دوای نیوەی شەو ، پێویسـتە لـە سـەریان چـاوەڕی بکـەن تـا خـۆر هەڵدێت ، پاشـان بەردەکانیان بهاوێژن .

لحديث ابن عباس ﷺ : " **أن النبي ﷺ قدم أهله وأمرهم أن لا يرموا** جمرة **العقبة** حتى **تطلع الشمس** " وهو حديث صحيح بمجموع طرقه وصححه الترمذي وابن حبان وحسنه الحـافظ في "

الفتح " ( ٣ / ٤٢٢ ) ، **ولا يصلح أن يعارض** بما في **البخاري أن** أسماء **بنت** أبي **بكر رمت الجمرة** ثم **صلت الصبح بعد وفاة** النبي ﷺ **لأنه ليس صريحا أ ا فعلت ذلك بإذن منه** ﷺ بخلاف ارتحالها **بعد نصف الليل** فقد **صرحت بأن** النبي ﷺ **أذن بذلك** للظعن فمن الجائز أ ا **فهمت مـن هـذا الإذن الإذن أيضا بالرمي** بليل ولم **يبلغها يه** ﷺ **الذي حفظه ابن عباس** رضي الله عنه **.**

**دووەم :** ئەوەیە کە ڕوخسەت پێدراوە بەرد هاوێشتنەکە (واتە **: الرمي** ) لەم ڕۆژەدا دوای نیوەڕۆش دەبێت تاکو شەو ، بۆیە هەرکەسێك تووشی مەشەقە بێت لە ئەنجام دانی لە چێشتەنگادا دەتوانێت لەو کاتانەدا ئەنجامی بدات .

والدليل حديث ابن عباس أيضا قال : " **كان** النبي ﷺ **يسأل يوم النحر** بمنى **فيقـول : لا حرج** فسأله **رجل** فقال **: حلقت قبل أن أذبح ؟ قال : اذبح ولا حرج قال : رميت بعـد مـا أمسيت . فقال : لا حرج " .** رواه البخاري . وغيره .

**وإلى هذا ذهب الشوكاني ومن قبله ابن حزم قال** في " **المحلى** " **:** " **إنما ى الـ**نبي ﷺ **عـن رميها ما لم تطلع الشمس من يوم النحر وأباح رميها بعد ذلك وإن أمسى وهذا يقع على الليـل والعشي معا " .**

**فاحفظ هذه الرخصة فإ ا تنجيك من الوقوع** في **ارتكاب ي الرسول** ﷺ **المتقدم عن الرمي قبل طلوع الشمس الذي يخالفه كثير ن الحجاج يزعم الضرورة .**

**سێیەم :** ئەوەیە کە کەسانی ئیحرام پۆش دوای هاوێشتنی ( **جمرة العقبة** ) هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ دەبێت جگە لە ئافرەت نەبێت ، با پرچیشیان نەتاشن .

لحديث عائشة رضي الله عنها : " **طيبت رسول الله** ﷺ **بيدي بذريرة لحجـة الـوداع للحل والإحرام** حين **أحرم** وحين **رمى** جمرة **العقبة يوم النحر قبل أن يطوف بالبيـت** " . رواه أحمد بسند صحيح على شرط الشيخين وأصله عندهما .

**و ذا قال عطاء ومالك وأبو ثور وأبو يوسف وهو رواية عن** أحمد **. قال ابـن قدامـة** في " المغني " **( ٣ / ٤٣٩ ) : " وهو الصحيح** - إن شاء الله تعالى - **" وإليه ذهب ابن حزم بل قال :** يحل **له ذلك** بمجرد **دخول وقت الرمي ولو** لم **يرم .**

**وأما اشتراط** الحلق **مع الرمي كما جاء** في **بعض** المذاهب **وغير واحد من كتاب** المناسـك

**فهو مع** مخالفته **لهذا الحديث الصحيح فليس فيه حديث يصلح للمعارضة أما حديث " إذا رميتم وحلقتم ـ زاد** في **رواية : وذبحتم فقد حل لكم كل شي إلا النساء " فهـو ضـعيف الإسـناد مضطرب** المتن **كما بينته** في **( الأحاديث الضعيفة : رقم ما بعد الألف ) .**

چوارەم : ئەوەیە کە بۆی هەیە بەردەکان کۆبکاتەوە لە هەرکوێ بێت ، هەروەکو شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی ، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شوێنێکی بۆ ئەوە دیاری نەکردووە .

وغاية ما جاء فيه حديث ابن عباس ( وفي رواية : الفضل بن عباس ) قـال : قـال لي رسول الله ﷺ غداة العقبة ( وفي رواية : غداة النحر وفي أخرى : غداة جمع ) وهـو علـى راحلته : " **هات القط** لي **فلقطت له حصيات** نحوا **من حصى الخذف فلما وضعتهن** في **يده قال : مثل هؤلاء ثلاث مرات ، وإياكم والغلو** في **الدين ،** فإنما **هلك من كـان قـبلكم بالغلو** في **الدين** " . أخرجه النسائي وابن ماجه وابن الجارود في " المنتقى " ( رقـم ٤٧٣ ) والسياق له وابن حبان في صحيحه والبيهقي وأحمد ( ١ / ٢١٥ ٣٤٧ ) بسند صحيح .

**فهذا مع كونه لا نص فيه على المكان فهو يشرع بأن الالتقاط كان عند** جمرة **العقبة علـى الرواية الثانية وكذا الأولى وعليها أكثر الرواة وكأن ابن قدامة لاحظ هذا** المعنى **فقال** في " المغني " **( ٣ / ٤٢٥ ) " وكان ذلك** بمنى " **.**

ئەوەش کە زۆر لە حاجیان ئەنجامی دەدەن لە کۆکردنەوەی بەدەکانیان لە (**المزدلفة**) ، و لە کاتی گەشتنیان پێی ، هەمووی پێچەوانەی سوننەتە ، لە گەڵ ئەو هەموو تەکلیفەی کە تێیدایە لە هەڵگرتنی بەردەکان بۆ هەموو ڕۆژەکانی .

وە ئەوەش بزانە کە هیچ ڕێگرێك نی یە لەوەی بە بەردێك ڕەجم ئەنجام بدەی کە پێشتر ڕەجمی پێکراوە ، چونکە هیچ فەرموودەیەك نەهاتووە کە ڕێگربێت لەوە ، ئەمەش بۆچوونی پێشەوا ( **الشافعي** ) ، و ( **ابن حزم** ) ـ بەڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ بە پێچەوانەی پێشەوا ( **ابن تيمية** ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

ثم في حديث الفضل بن عباس ـ رضي الله عنهما ـ أن من الغلو في الدين الرمي بحصـى أكبر من حصى الخذف وهو فوق الحمص ودون البندق فماذا يقال فما يفعله بعض الجهالـة

واتە : لە گەڵ هەموو بەردێکیدا ( **الله أكبر** ) ی دەکرد ، بەردەکانیش ئەوەندەی ناوکە پاقلەیەك دەبوون .

**٨٥ ـ [ قَـ : د هق ] رمى مِن بطْنِ الْوادِي [ وهو على راحِلتِهِ [ وهو : ن ] يقُولُ :ـلِتأخذُوا مناسِككُم [٨٤] فإني لا أدري لعلي لا أحج بعد حجتِي هذِهِ : م د ن هق حم سع ] [٨٥] .**

واتە : لە ناوجەرگەی دۆڵەکەوە ڕەجمەکانی دەکرد بە سەر ووشترەکەیەوە ، و دەیفەرموو : بۆ ئەوەی ئاداب ئەحکامەکانی حەجم لێوە وەرگرن ، چونکە من نازانم لەوانەیە دواى ئەم حەجەم حەجی تر نەکەم .

**٨٦ ـ [ قَالَ : ورمى بعد يومِ النحرِ [فِي سائِرِ أيامِ التشرِيقِ : حم][٨٦]**

---

من رميهم الجمرات بالنعال ؟ أصلح الله شأن المسلمين وعرفهم بسنة نبيهم الكريم ووفقهم للعمل ا إن أرادوا السعادة الحقة في الدنيا والأخرى .

[٨٤] ئەم لامە لامی ئەمرە ، واتە : ئاداب و کردارەکانی حەجم لێ وەرگرن ، هەروەکو لە ڕیوایەتی جگە لە ( **مسلم** ) دا هاتووە و ئەمە دەگەیەنێت : هذه الأمور التي أتيت ا في حجتي من الأقوال والأفعال والهيئات هي أمور الحج وصفته وهي مناسككم فخذوها عني واقبلوها واحفظوها واعملوا ا وعلموها الناس ، وهذا الحديث أصل عظيم في مناسك الحج وهو نحو قوله ﷺ في الصلاة : **" صلوا كما رأيتموني أصلي " . (نووي)** .

[٨٥] ئاماژەی بەوە تێدایە کە ماڵ ئاواییان لێ دەکات ، و پێیان ڕادەگەیەنێت کە مردنی پێغەمبەر ﷺ نزیك بووەتەوە ، لە گەڵ هاندانی ئەوەی کە شتەکانی لێوەرگرن ، هەلی ئەوەش بقۆزنەوە کە بابەتە ئایینی‌یەکانی لێوە فێربن تا لە گەڵیدان ، لە بەر ئەمەش بوو ناوی ئەم حەجەی نا ( **حجة الوداع** ) .

[٨٦] ئەو سێ ڕۆژە دەگرێتەوە کە دەکەونە دوا ڕۆژی جەژنەوە ، وە مەزهەبی زۆرینەی زانایانیش ئەوەیە کە نابێت لەم سێ ڕۆژەدا ڕەم بکرێت ، جگە لە کاتی دوای

ـإِذَا زالَتِ الشمس : م د ن ت مي مج طحا جا حا هق حم ] .

واتە : فەرمووی : وە لە دوای ڕۆژی قوربان ـ لە هەموو سێ ڕۆژەکەی دوای قوربان ـ کە خۆر ئاوا دەبوو ڕەجمەکانی دەکرد .

٨٧ ـ [ ولَقِيه سراقةَ رضي الله عنه وهو يرمِي جمرةَ الْعقَبةِ فَقَالَ : يا رســولَ اللهِ أَلَنا هذِهِ خاصةٌ ؟ قَالَ : لا بلْ لأَبد : خ م هق حم ] (٨٧) .

واتە : وە سوراقەی پێی گەیشت رضي الله عنه ـ لە کاتێکدا خـەریکی ڕەجمـی ( **جمرة العقبـة** ) ە بـوو ، و پێـی فـەموو : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئایـا ئەمـە تایبەتە بە ئێمە ؟ فەرمووی : نەخێر ، بەڵکو بۆ هەتا هەتایە .

## سەربڕینی قوربانییەکان و ئەنجامدانی سەرتاشین

٨٨ ـ ثُم انصرف إِلى الْمنحرِ فَنحر ثَلاثاً وستين [ بدنةً : مج ]ـ بِيدِهِ .

واتــە : پاشــان پێغەمبــەری خــوا ﷺ ڕۆشــت بــۆ شــوێنی ســەربڕینی

---

نیوەڕۆ نەبێت ، بۆیە دەبینین لە بەر ئەم فەرموودەیە پێشـەوا ( **النـووي** ) فەرموویـەتی : (( **واعلم أن رمي جمار أيام التشريق يشترط فيه ، الترتيب وهو أن يبدأ : بالجمرة الأولى التي تلي مسجد الخيف ، ثم الوسطى ، ثم جمرة العقبة ، ويستحب أن يقف عقب رمـي الأول عنـدها مستقبل القبلة زمانا طويلا يدعو ويذكر الله ، ويقف كذلك عند الثانية ، ولا يقف عند الثالثة ، ثبت معنى ذلك في صحيح البخاري من رواية ابن عمر** ـ رضي الله عنهما ـ **عـن الـنبي** ﷺ **، ويستحب هذا في كل يوم من الأيام الثلاثة ، والله أعلم** )) .

(٨٧) كذا في هذه الرواية وهي من طريق عطاء عن جابر وفي الرواية الأخرى المتقدمـة فقرة ( ٣٣ ) : " **أن سراقة قال ذلك وهو في أسفل المروة بعد فراغه** ﷺ **من السعي فالظاهر أنه سأل مرتين وكأنه للاستيثاق والتثبت والله أعلم** " . وانظر فتح الباري ( ٣ : ٤٨٠ ) .

قوربانییەکان ، و شەست و سێ ووشتری بە دەستی خۆی سەربڕین .

**٨٩ ـ ثُم أعطَى عِلِياً فَنحر ما غَبر [ يقُولُ : ما بقِي : د جا هق ] وأشركَه فِي هديِهِ .**

واتە : پاشان چەقۆکەی دا بە **علـي** رضي الله عنه ، و ئەوەی کە مابووەوە سەربڕین ، کردی بە شەریکی خۆی لە حەیوانی دیاری (الـهدي)یەکەیدا .

**٩٠ ـ ثُم أمر مِن كُل بدنةٍ بِبضعةٍ [٨٨] ، فَجعِلت فِي قِدرٍ ، فَطُبِخـت ، فَأكلا مِن لُحمِها ، وشربا مِن مرقِها .**

واتە : پاشان فەرمانی کرد کە لە هەموو ووشترێك پارچەك گۆشتی بۆ ببڕن ، و خرایە مەنجەڵێکەوە ( قازانێکەوە ) ، و کولێنرا ، و هەردووکیان لە گۆشتەکەیان خوارد ، و لە شلەکەشیان ( شۆرباکەشیان ) خواردەوە .

---

[٨٨] پێشەوا (**النـووي**) فەرموویەتی : (( " **البضعةُ ، بفتح الباء لا غير** " : بریتییە لە پارچە گۆشتێك ، وە لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سوننەتە لە گۆشتی سەربڕاو و قوربانی سوننەتیش بخورێت )) .

**منیش دەڵێم :** زانراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نیەتی عەمرە ، و حەجی لە گەڵ یەکدا بوو ( واتە : **القارن** ) ، هەروەها (**علي**) یش رضي الله عنه ، ئەوەش نیەتی وا بێت سەربڕاوی لە سەر واجبە ، لە سەر ئەم زانینە سەربڕاوەکانی پێغەمبەر ﷺ هەمووی سەربڕاوی سوننەت نەبوون ، بەڵکو تێدا هەبوو کە واجب بێت لە سەری ، فەرموودەکەش بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەدات کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو ووشترێك پارچە گۆشتێکی برد ، بۆیە تایبەتکردنی سوننەت بوونەکە بە سەربڕاوی سوننەتەوە ئاشکرا نییە ، بەڵکو (**صدیق حسن خان**) لە (**الروضة الندیة** : ١ : ٢٧٤ ) دیەدا دوای ئەوەی کە ووتەی پێشەوا (**النووي**) دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت : (( **والظاهر أنه لا فرق** بين **هـدي التطوع وغيره لقوله تعالى : " فكلوا منها** )) .

**٩١ ـ ( وفي رِوايةٍ قَالَ : نحر رسولُ اللهِ ﷺ عن نسائِهِ بقَرةً : م ) .**

واتە : لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە فەرمووی : کە پێغەمبەر خوا ﷺ مانگایەکی لە جیاتی خێزانەکانیسەربڕی .

**٩٢ ـ ( وفي أخرى قَالَ : فَنحرنا الْبعِير (وفي أخرى : نحر الْبعِير : حم) عن سبعةٍ والْبقَرةُ عن سبعةٍ : م نخ حم ) ( وفي رِوايةٍ خامِسةٍ عنه قَالَ : فَاشتركْنا فِي الْجزورِ سبعةٌ فَقَالَ له رجلٌ : أَرأَيت الْبقَرةَ أَيشترك ؟ فَقَالَ : ما هِي إِلا مِن الْبدن : نخ ) .**

واتە : وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە فەرمووی : ووشترەکانمان سەربڕی ، وە لە یەکێکی تردا : ووشتر سەردەبڕا بۆ حەوت کەس ، و مانگایەکیش بۆ حەوت کەس ، وە لە ڕیوایەتی پێنجەمدا لێیەوە هاتووە : کە هەر حەوت کەس لە ووشترێکدا هاوبەش دەبووین ، پیاوێك لێی پرسی : ئایا مانگاش هاوبەشی تێدا دەکرێت ؟ فەرمووی : مەگەر ئەویش لە ڕەشە ولاخ نییە .

**٩٣ ـ ( وفي رِوايةٍ : قَالَ جابر : كُنا لا نأْكُلُ مِن الْبدنِ إِلا ثَلاثَ مِنى ، فَأَرخص لَنا رسولُ اللهِ ﷺ قَالَ : ( كُلُوا وتزودوا ) : حم ) . [ قَالَ : فَأَكَلْنا وتزودنا : خ حم ] [ حتى بلَغنا بِها الْمدِينةَ ] (٨٩) .**

واتە : وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە : کە جابر فەرموویەتی : ئێمە لە سێ ڕۆژی مینا زیاتر لە قوربانییەکانمان نەدەخوارد ، پاشان پێغەمبەری خوا

---

(٨٩) دایکە عائیشە ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ پێغەمبەری خوای ﷺ پێشتر بە بۆنی میسك بۆنخۆش کردبوو ، ئەوەش لە پاش ڕەجمکردنی (**الجمرة العقبة**) لە ڕۆژی قورباندا ، هەروەك لە پێشدا باسکرا .

ﷺ ڕووخسەتی داین و فەرمووی : بخۆن و لێشی هەڵگرن ، فەرمووی : ئێمەش لێمان خوارد ، و لێشمان هەڵگرت هەتاکو گەشتینە مەدینەش .

## ئاسانکاری و لا بردنی قورسی ( الحرج ) لە سەر ئەو کەسەی کە شتێك لە کردارەکانی حەجی پێش خستووە ، یان دوای خستووە ، لە ڕۆژی قوربانیدا

**٩٤ ـ ( وفي رِوايةٍ : نحر رسولُ اللهِ ﷺ [ فَحلَق : حم ] [٩٠] .**

(٩٠) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە : سەرتاشین سوننەتە پاش سەربڕینی حەیوانی دیاری (الـ هدي) بێت ، و سەربڕینی حەیوانی دیاری (الـ ـ هدي)ش پاش

واتە : وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە : کە پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی کە حەیوانی دیاری (الـهدي)یەکانی سەربڕین ، سەری تەراش کرد .

**٩٥ ـ وجلس [ بِمنى يوم النحر : مج ] لِلناس ، فَما سئِلَ [ يومئِذٍ : مـج ] عن شيءٍ [ قُدم قَبلَ شيءٍ : مج ] إِلا قَالَ : ( لا حرج ، لا حرج )** [٩١] **، حتى جاءه رجل فقال : حلقت قبل أن أنحر ؟ قال : ( لا حرج ) .**

واتە : وە لە ڕۆژی قوربانـدا ، بۆ وەڵام دانـەوەی پرسیاری خەڵك لە

---

ڕەجم کردن دەبێت ، وە سوننەتیشە سەرتاش بەلای ڕاستەی سەرتاشراو دەست پێ بکات ، بە پێچەوانەی مەزهەبی حەنەفیەکان ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە (**أنس بن مالك**) دەگێڕێتەوە :" **أن رسول الله ﷺ أتى منـزله** بمنى **، ونحر ،** ثم **قال للحالق : خذ وأشار** إلى **جانبه الأيمن ،** ثم **الأيسر ،** ثم **جعل يعطيه الناس"** (رواه مسلم) .

وقد أنصف هنا المحقق ابن الهمام فقال في (**الفتح**) عقب هذا الحديث :

**" وهذا يفيد أن السنة** في **الحلق البداءة** بيمين **المحلوق ورأسه ، وهو خلاف ما ذكـر** في **المذهب ، وهذا الصواب "** .

[٩١] واتاکەشی ئەوەیە : ئەوەی لە سەرت ماوە ئەنجامی بدە ، ئەوەش کە ئەنجامت داون لە سەرت کەوتوون ، و هیچیشت لە سەر نی‌یە لە پێش و پاش خستنیان .

ئەوەش بزانە کە کردارەکانی ڕۆژی قوربان (**يوم النحر**) چوار شتن : ڕەجم کردنی (**جمرة العقبة**) ، و پاشان سەربڕینی حەیوانی دیاری (الـهدي) ، پاشان سەرتاشین ، و پاشان تەوافی (**الإفاضة**) ، سوننەتیش وایە کە بەم شێوەیە ئەنجام بدرێن یەك لە دوای یەك ، هەروەکو پێشتر لە سەروە باسکراوە ، جا ئەگەر پێچەوانەی ببێتەوە ، بە پێش خستنی هەندێکیان لە سەری هەندێکی تریان ، بۆی ڕەوایە و هیچ فیدیەیەکی لە سەر نی‌یە ، لە بەر ئەم فەرموودەیە و جگە لەمیش کە هەمان واتایان هەیە ، پێشەوا (**النووي**) فەرموویەتی : **((و ذا قال** جماعة **من السلف وهو مذهبنا))** .

واتە : هەندێك لە پێشین ئەم ووتەیەیان فەرمووە ، و مەزهەبی ئێمەشە .

مینادا دانیشت ، هیچ پرسیارێکی ـ لەو ڕۆژەدا ـ لێ نەکرا سەبارەت بە شتێك ، پێشخرا بێت لە شتێکی تر ئیللا دەیفەرموو : هیچی تێدا نییە ، هیچی تێدا نییە ، تاکو پیاوێك هات و پێی فەرمووی : سەرم تاشیوە پێش ئەوەی حەیوانی دیاری (الـ هدي) سەرببڕم ؟ فەرمووی : هیچی تێدا نییە .

**٩٦ـ ثُم جاءَ آخِر فَقالَ : حلقْت قَبلَ أنْ أرمِي ؟ قَالَ : لا حرج .**

واتە : پاشان یەکێك هات ووتی : سەرم تاشیوە پێش ئەوەی ڕەجم بکەم ، فەرمووی : هیچی تێدا نییە .

**٩٧ـ[ثُم جاءَه آخر فَقالَ: طُفْت قَبلَ أنْ أرمِي ؟ قالَ: لا حرج : مي حب].**

واتە : پاشان یەکێکیتر هاتە لای و ووتی : تەوافم کرد پێش ئەوەی ڕەجم بکەم ، ئەویش فەرمووی : هیچی تێدا نییە .

**٩٨ـ [ قَالَ آخر : طُفْت قَبلَ أنْ أذْبح قَالَ : ذبح ولا حرج : طح ] .**

واتە : یەکێکیتر ووتی : تەوافم کردووە پێش ئەوەی حەیوانی دیاری (الـ هدي) سەربـبڕم ، فەرمووی : سەربـبڕە هیچی تێدا نییە .

**٩٩ـ [ ثُم جاءَه آخر فَقالَ :.إني نحرت قَبلَ أنْ أرمِي ؟ قَالَ : [ ارمِ و : طي حم ] لا حرج : مي مج طح حب طي حم ] .**

واتە : پاشان یەکێکیتر هاتە لای و ووتی : من حەیوانی دیاری (الـ هدي)یەکەمم سەربڕیوە پێش ئەوەی ڕەجم بکەم ؟ فەرمووی : ڕەجمەکەت بکە ، هیچی تێدا نییە .

**١٠٠ـ[ثُم قَالَ النِبي ﷺ : قَد نحرت ههنا ومِنى كُلها منحر : حم مي م د جا هق].**

واتە : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : من ئەلێرەدا حەیوانی

دیاری (الـ ـهدي)یەکانم سەرم بڕیون ، بەڵام ئـەوە بـزانن کـە مینـا هـەمووی جێگەیە بۆ سەربڕینی قوربانی .

**١٠١ـ [ وكُل فِجاج مكة وطُريق منحر : د حم مج طش حا هق ] (٩٢) .**

---

(٩٢) ئـــەم فەرموودەیـــە ئـــەوەی تێدایـــە کـــە ئـــەتوانرێت حـــەیوانی دیـــاری (الـــ ـهدي)یـەکان لـە مەکەشـدا سـەربڕێن ، هـەروەکو چـۆن دەتوانرێـت لـە مینـادا سەربڕێت ، هرەوەکو پێشەوا (**البيهقي**) لە (**سنن البيهقي : ٥ / ٢٣٩**) دا و بـە (**سند صحيح**) لـە (**ابن عباس**) ەوە ـ ڕەزای خوا لە خۆیی و بابی بێت ـ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : " **إنما النحر بمكة ، وكان نزهت عن الدماء ، ومكة من** منى " كذا ، وفي رواية : **ومنى من مكة** ـ ولعلـها الصواب ـ . زاد في الرواية الأولى عن عطاء : " **أن ابن عباس كان ينحر بمكة ، وأن ابن عمـر لم يكن ينحر بمكة كان ينحر** بمنى " .

**منیش دەڵێم :** ئەگەر حاجیان ئـەم حوکمـە بـزانن ، و بەشـێکی زۆریـان لـە مەکـەدا حەیوانی دیاری (الـ ـهدي)یەکانیان سەربڕن ، ئەو کاتە کۆ بوونـەوەی حـەیوانی دیـاری (الـ ـهدي)یەکان لە مینا کـەم دەبـووەوە ، نـەدەکرا ژێـر خۆڵـەوە (**الطم في الـتراب**) بـۆ ئەوەی ئاووهەوا بۆگەن نەکات ، و خەڵکانێکی زۆر سودیان لە سـەربڕاوەکان دەبینـی ، و هەندێکیش لەو شتانە نەدەما کە بڕێکی زۆر لە حاجیان گلەیی لـێ دەکەن ، ئـەوەش جگە لە هۆکاری بێ ئاگایی و نەزانینی زۆرینەیان بە شەرع نەبێت هیچ هۆکارێکی تـری نییە ، لە گەڵ وازهێنانیان لە کارپێکردنی ، و بـەوەش کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ هـانی داوون لە چاکە ، بـۆ نمونـە دەبینیـت گیـان لەبـەری لاواز دەکـەن بـە حـەیوانی دیـاری (الـــ ـهدي) و قوربـانی ، و هـەوڵی سـەربڕینی قەڵـەوەکانیان نـادەن ، پاشـان دوای سەربڕینەکانیان بەجێی دێنن بێ ئەوەی پاکیـان بکـەن ، و پارچـە پارچـەیان بکـەن ، بۆیە دەبینیت کە هەژارانیش بەلای ئەو حەیوانە کراوانە بە دیاری و قوربانیانەدا تێپـەر ببن ، هیچێك نابینێـت کـە وای لێ بکـات سـوودیان لێ وەرگرێـت ، وە بـە بۆچـوونی مـن ئەگەر حاجیان ئەم خاڵانەی کە دێن ئەنجام بدەن، ئەوا بێگومان ئەو گلەییانە نامێنن :

واتە: هەموو کۆڵان و ڕێچکەکانی مەککەش هەر شوێنە بۆ سەربڕینی قوربانی.

١٠٢ـ [ فَانحروا مِن رِحالِكُم : م مج د هق ] .

واتە : بۆیە دەتوانن لە شوێنی مانەوەکانیشتان قوربانییەکانتان سەربڕن .

---

**یەکـەم :** زۆرینــەیان لــە مەکــەدا حــەیوانی دیــاری (الـــ ـهدي) و قوربانیــەکانیان سەرببڕن .

**دووەم :** قەڵەباڵەغی نەکەن لە سەربڕینی قوربانییەکانیان تەنها لە ڕۆژی قورباندا ، بەڵکو با لە سێ ڕۆژی دوای جەژن قوربانییەکانیان سەربڕن .

**سێیەك :** سەربڕینی قوربانی قەڵەو ، و پاککردنی ، و پارچەپارچەکردنی .

**چوارەم :** لێ خواردن ، و ئەگەر توانرا لێشی هەڵبگیرێت بۆ ڕۆژانی تـر ، هـەروەکو چـۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کارەی ئەنجام داوە ، هـەروەکو لـە خاڵـەکانی (**٩٠،٩٣**) دا باسـکرا ، باشترین ڕێباز و سوننەتیش ڕێباز وسوننەتی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ ، بێگومـان کۆتـایی ئـەم ئوممەتەش چاك نابێت ئیللا بەوە نەبێت کە سەرتایی ئەم ئوممەتەی پێ چاك بووە .

لە گەڵ ئەوەشدا چەندەها ئامراز و هۆکاری تر هەن کە لەم سەردەمەدا ڕەخسـاون : ئەگەر کاربەدەستان هەندێکی بەکار بێنن ئەوا زاڵ دەبن بە سەر ئـەو گرفتـە هـەر لـە بنەوادا ، یەکێك لە ئاسانترینیان : ئەوەیە کە لـە ڕۆژانـی جەژنـدا چـەند ئۆتۆمـۆبیلێکی گەورە کە ساردکەرەوەیەن تێدا بێـت تایبـەت بکـرێن بـۆ پاراسـتنی گۆشـتەکان ، و لـە میناشدا چەند کارمەندێکی تایبەت هەبن بۆ کۆکردنەوەی ئەو سەربڕا ، و قوربانییانەی کــە خاوەنــەکانیان وازیــان لێ هێنــاون ، و کەســانی تــریش هــەبن بــۆ پــاکردن ، و پارچەپارچە کردنیان ، پاشان بار بکرێن لەو ئۆتۆمبیلانەدا لـە هەمـەر چـوار ڕۆژەکـانی جەژن ، ببرێن و بسوڕێننەوە بە سەر لادێکانی نزیك و دەوروو بەری مەکەی پیرۆزدا ، و بارکراوەکانیان ـ کە گۆشتە ـ بەش بکەن لە هەموو ڕۆژێکدا بە سەر فەقیر و هەژاراندا ، بەوەش توانیمان ئەو گرفتە لە ناو بەرین ، جا وەڵامدەرێك دەبێت ؟

# ووتار و خوتبەی ڕۆژی قوربان

**١٠٣ـ [ وقَالَ جابر رضي الله عنه : خطبنا ﷺ يوم النحر فقَالَ : أي يومٍ أعظـم حرمةً ؟ فقَالُوا : يومنا هذَا قَالَ : فَأي شهرٍ أعظَم حرمةً ؟ قَالُوا : شهرنا قَالَ : أي بلَدٍ أعظَم حرمةً ؟ قَالُوا : بلَدنا هذَا قَالَ : فَإن دِماءَكُم وأموالَكُم علَـيكُم حرام كَحرمةِ يومِكُم هذَا فِي بلَدِكُم هذَا فِي شهرِكُم هذَا هلْ بلغت ؟ قَالُوا : نعم . قَالَ : اللهم اشهد : حم ] .**

واتـە : جـابر رضي الله عنه فـەرمووی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ڕۆژی جەژنـدا ووتــاری بــۆ خوێندینــەوە ، و فــەرمووی : چ ڕۆژێــك ڕێزدارتــرین ڕۆژە ؟ فەرموویان : ڕۆژی ئەمڕۆمان ، فەرمووی : ئەی چ مانگێك ڕێزدارترین مانگـە ؟ فەرموویان : ئەم مانگەیان ، فورمووی : ئەی چ وڵاتێك ڕێزدارترین وڵاتە ؟ فەرموویان : ئەم وڵاتەی ئێمە ، فەرمووی : جا بزانن کـە خـوێن و سـامان و داراییتان ، لە سەر یەکتر قەدەغە و حەرامە ، ئەبێ ڕیزیان لێ بگیرێت ، وەکو ڕێزگرتنـی ئـەم ڕۆژەتـان ، لـەم وڵات و مانگەتانـدا ، ئایـا پێتـانم گەیانـد ؟ فەرموویان : بەڵێ ، فەمووی : جا خوایا تۆ شاهید بە لە سەر ئەوە .

## ڕۆشتنەوە بۆ کەعبە

## بۆ ئەنجامدانی ( طواف الصدر ) :

**١٠٤ـ ثُم ركِب رسولُ اللهِ ﷺ فَأَفَاض إِلى الْبيتِ [ فَطَافُوا [٩٣] .**

واتە : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ سوار بوویەوە و ڕۆشتەوە بۆ کەعبـە

---

[٩٣] پاشان هەموو شتێکیان لە سەر حـەڵاڵ بـوو کـە پێشـتر لـە سـەریان قەدەغـە بووبوو ، هەروەکو لە ( **الصحيحين** ) دا هاتووە لە ( **عائشة** ) ، و ( **ابن عمر** ) ەوە رضي الله عنهم .

، و تەوافیان بە دەوردا کرد .

**١٠٥ ـ ولَم يطُوفُوا بين الصفَا والْمروة : د طح هق حم سع ]** [٩٤] **.**

(٩٤) كذا أطلق جابر رضي الله عنه .

وفصلت ذلك عائشة ـ رضي الله عنها ـ حيث قالت : " **فطاف الذين كانوا أهلوا بالعمرة بالبيت وبين الصفا والمروة** ثم **حلوا** ثم **طافوا طوافا آخر بعد أن رجعوا من** منى **وأما الذين** جمعوا **الحج والعمرة فإنما طافوا طوافا واحدا** " أخرجه الشيخان .

قال ابن القيم في ( **زاد المعاد** ) : فأما أن يقال : عائشة أثبتت ، وجابر نفى ، والمثبت مقدم على النافي ، أو يقال : مراد جابر من قرن مع النبي ﷺ وساق الهدي كأبي بكر وعمر وطلحة وعلي وذري اليسار فإنهم إنما سعوا سعيا واحدا وليس المراد به عموم الصحابة أو يعلل حديث عائشة بأن قولها : فطاف الخ ... في الحديث مدرج من قول هشام وهذه ثلاث طرق للناس في حديثها . والله أعلم . كذا في زاد المعاد .

قلت : والطريق الأخير منها ضعيف لأن تخطئة الثقة بدون حجة لا تجوز لا سيما إذا كان مثل هشام .

ثم استدركت فقلت : ليس في طريق الحديث هشام لأنه من رواية مالك عن ابن شهاب عن عروة بن الزبير عنها . فهذا إسناد غاية في الصحة فمن الخطأ والإدراج ؟

ثم وجدت شيخ الإسلام ابن تيمية قال في ( **مناسك الحج : ص ٣٨٥ ج ٢ من مجموعة الرسائل الكبرى** ) : " **وقد روى** في **حديث عائشة أنهم طافوا مرتين لكن هذه الزيادة قيل إنها من قول الزهري لا من قول عائشة** " .

والزهري جبل في الحفظ فكيف يخطأ بمجرد " قيل " ؟

وأزيد الآن في هذه الطبقة فأقول : فمن العجيب أن يعتمد على ذلك ابن تيمية فيرد به حديث عائشة فيقول : " وقد احتج بها - يعني الزيادة - بعضهم على أنه يستحب طوافان بالبيت وهذا ضعيف والأظهر ما في حديث جابر ويؤيده قوله : " **دخلت العمرة** في **الحج** إلى **يوم القيامة** " .

قلت : حديث عائشة صحيح لا شك فيه ، وما أعل به لا يساوي حكايته كما عرف ، **ومما يؤكد ذلك شيئان :**

**الأول :** أن له طريقا أخرى عنها في " الموطأ " ( رقم : ٢٢٣ ج ١ : ٤١٠ ) عن عبد الرحمن ابن القاسم عن أبيه به .

وهذا سند صحيح أيضا كالجبل ثبوتا .

**والآخر** أن له شاهدا صريحا صحيحا من حديث ابن عباس أنه سئل عن متعة الحج فقال :

واتە : و تەوافیان لە نێوان دوو کێوی سەفا ، و مەڕوەدا نەکرد .

**١٠٦ـ فَصلى بِمكة الظهر** (٩٥) **.**

واتە : وە نوێژی نیوەڕۆی لە مەککەدا کرد .

**١٠٧ــ فَأتى بني عبدِالمطلِب [ وهم : نخ مي مج جا هق ] يسقُونَ على زمزمٍ** (٩٦) **فَقالَ : انزعوا** (٩٧) **بني عبدِالمطلِب ، فَلولا أنْ يغلِبكُم النــاس**

---

" أهل المهاجرون والأنصار وأزواج النبي ﷺ في حجة الوداع فلما قدمنا مكة قال رســول الله ﷺ : " اجعلوا إهلالكم بالحج عمرة إلا من قلد الهدي " . طفنا بالبيت وبالصفا والمروة وأتينا النساء ولبسنا الثيــاب وقال : " من قلد الهدي فإنه لا يحل له حتى يبلغ الهدي محله ثم أمرنا عشية التروية أن ل بالحج فإذا فرغنا من المناسك جئنا فطفنا بالبيت وبالصفا والمروة فقد تم حجنا وعلينا الهدي . . . " الحديث .

أخرجه البخاري تعليقا مجزوما ورواه مسلم خارج صحيحه موصولا وكذا الإسماعيلي في مســتخرجه ومن طريقه البيهقي في سننه ( ٥ / ٢٣ ) وإسناده صحيح رجاله رجال الصحيح .

فهذا كله يؤكد بطلان دعوى الإدراج في حديث عائشة ـ رضـي الله عنهـا ـ ويؤيد أ ا حفظت ما لم يحفظ جابر رضي الله عنه ويدل على أن التمتع لا بد له من الطواف مرة أخرى بــين الصــفا والمــروة وفي حديث ابن عباس فائدة أخرى هامة جدا وهي أن من فعل ذلك فقد تم حجه ومفهومه أن من لم يفعل ذلك لم يتم حجه فهذا إن لم يدل على أنه ركن فلا أقل من أن يدل على الوجوب فكيف الاستحباب ؟

وأما تأييد شيخ الإسلام ما ذهب إليه من عدم المشروعية بقوله ﷺ : **" دخلت العمرة ... "** فلا يخفى ضعفه بعد ما ثبت الأمر به من النبي صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم .

(٩٥) كذا قاله جابر ، وقال ابن عمر : إنه صلى ﷺ الظهر بمنى كما في (**الصحيحين**) واختلفــوا في الترجيح ، وذهب بعضهم إلى الجمع بين القولين ، ولكن النفس لم تطمئن لشيء من ذلك فراجع : ( **شـرح مسلم للنووي**) ، و (**زاد المعاد**) ، و (**نيل الأوطار**) .

**تتمـة :** ثم رجع إلى منى فمكث ا أيام التشريق يرمي في كل يوم الجمرات الثلاث على الترتيب المتقدم عن النووي .

(٩٦) معناه يغرفون بالدلاء ويصبونه في الحياض ونحوها ويسبلونه للناس .

(٩٧) أي استقوا بالدلاء وانزعوها بالرشاء .

**على سِقَايتكُم ، لَنزعت معكُم** [٩٨] **.**

واتە : و هاتە لای نەوەکانی ( **عبدالمطلب** ) کە خەریکی ئاوی زەمزەمدان بوون بە خەڵك ، و پێی فەرموون : ئاو بدەن بە خەڵك ، لە بەر ئەوە نەبوایە خەڵکتان لە سەر کۆببێتەوە و قەڵەباڵەخ ببێت ، منیش لەگەڵتاندا ئـاوم دەدا بە خەڵك .

**١٠٨ـ فَناوَلُوه دلْواً ، فَشرب مِنه ] .**

واتـە : ئـەوانیش دۆڵکـە ئـاوێکی زەمزەمیـان پێـدا ، ئـەویش لێی خواردەوە.

# چیرۆك و بەسەرهاتی تەواوی

**﴿ عائشة ﴾** ـ رضي الله عنها ـ

**١٠٩ـ [ وقَالَ جابر رضي الله عنه : وإن عائِشةَ حاضت ، فَنسـكَت الْمناسِـك كُلها ، غَير أَنها لَم تطُف بِالْبيتِ : خ حم ] .**

واتە : جابر رضي الله عنه فەرمووی : دایکە ( **عائشة** ) ـ ڕەزای خـوای لێ بێـت ـ کەوتە بێ نوێژیەوە ، و بەو حاڵە هەموو کردار و ئادابەکانی حـەجی ئـەنجام

---

[٩٨] واتاکەشی ئەوەیە کە : ئەگەر لەوە نەترسایەم کە خەڵك بیروباوەڕی ئـەوەیان لەلا درووست بێت کە ئەو شـتە لـە کردارەکـانی حەجـە ، و قەڵـەباڵغی لەسـەر دروسـت بکەن ، بە شێوەیەك لەدەستی ئێوەی دەربکەن ئێوە دور بکەنەوە لە ئاو پێدان ، ئەوا منیش لە بەر زۆری پاداشتی ئەو کردارە لە گەڵتاندا ئاوم دەدا بە حاجیان (**النووي**) .

دا ، جگە لەوە نەبێت کە تەوافی نەکرد .

**١١٠ ـ [ قَالَ : حتى إِذَا طَهرت طَافَت بِالْكَعبةِ (٩٩) والصفَا والْمروة ثُم قَالَ : قَد حلَلْتِ مِن حجكِ وعمرتكِ جمِيعاً : م د ن هق حم ] .**

واتە : فەرمووی : تەوافی ئەنجام نەدا تاکو پاك بووەوە ، ئینجا کە پاك بووەوە تەوافی بە دەوری کەعبە ، و لە نێوان سەفا و مەروەدا ئەنجام دا ، پاشان فەرمووی : بەمە لە عومرە و حەجەکەشت پێکەوە بوویتەوە .

**١١١ ـ [ قَالَت : يا رسولَ اللهِ ﷺ أَتنطَلِقُونَ بِحجٍ وعمرةٍ وأَنطَلِق بِحج ؟ : خ حم ] (١٠٠) [ قَالَ : إِن لَكِ مِثْلُ ما لَهم : حم ] .**

واتە : ئەویش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێوە دەگەڕێنەوە بە حەج و عومرەیەك ، منیش تەنها بە حەجێك بگەڕێمەوە ؟ فەرمووی : تۆش هەمان پاداشتی ئەوانت هەیە .

**١١٢ ـ [ فَقَالَت : إِني أَجِد فِي نفْسِي أني لَم أَطُف بِالْبيتِ حتى حججت : م د ن طح هق حم ] .**

واتە : دایکە ( **عائشة** ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی : شتێکم لە دڵدا

---

(٩٩) واتە تەوافی (**الإفاضة والصدر**) پێشەوا (**الحافظ**) ( ٣ / ٤٨٠ ) فەرموویەتی :

**" وانفقت الروايات كلها على أ ا طافت طواف الإفاضة من يوم النحر " .**

واتە : هەموو ڕیوایەتەکان ڕێك کەوتوون لە سەر ئەوەی کە (**عائشة**) تەواف (**الإفاضة**) لە ڕۆژی قوربانىدا ەی ئەنجام دا .

(١٠٠) وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە ، فەرموویەتی : **" أيرجع الناس بأجرين وأرجع بأجر .." ( أخرجه مسلم من حديثها )** ، واتە : خەڵکی بە دوو پاداشت بگەڕێتەوە ، و من بەیەك پاداشت ... ؟!

درووست بووە کە تەوافم نەکردووە بە دەوری کەعبەدا تاکو حەجەکەم ئەنجام دا .

**١١٣ ـ [ قَالَ : وكَانَ رسولُ اللهِ ﷺ رجلاً سهلاً إذَا هويت الشيءَ تابعها عليهِ : م هق ] (١٠١) .**

واتە : وە فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی ئاسان بوو ، ئەگەر شتێکی بویستایە دڵی نەدەشکاند لە سەری .

**١١٤ ـ [ قَالَ : فَاذْهب بِها يا عبدالرحمن فَأعمِرها مِن التنعِيم .**

واتە : فەرمووی : ئەی ( **عبدالرحمن** ) بیبە لە ( **تنعيم** ) ەوە عومرەی پێبکە .

**١١٥ ـ [ فَاعتمرت بعد الْحج : خ حم ] [ ثُم أقْبلْت : حم ] وذَلِك لَيلَة الحَصبةِ : م ط هق حم ] (١٠٢) .**

---

(١٠١) واتاکەشی ئەوەیە کە : ئەگەر حەزی لە شتێك بۆ کەموکوڕی نەبوو لە ئایینـدا ـ وەك ئەوەی کە داوای عومرە بکات یان جگە لەو دڵی نەدەشکاند و وەڵامی ئەو داواکارییەی دەدایەوە ، هەروەها ئەوەشی تێدا دەردەکەوێت کە بە جوانی و چاکی هەڵسو کەوت بکرێت لە گەڵ خێزاندا ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ بەتایبەت لەو شتانەی کە لە گوێڕایەڵی فەرمانەکامی خوای پەروەردگارە (**النووي**).

(١٠٢) بە **( فتح الحاء وإسكان الصاد المهملة )** ، ئەو ڕۆژانەیە کە دوای سێ ڕۆژی دوای جەژن دێت ، ئەو ناوەی پێوە نراوە لە بەر ئەوەی حاجیان لە مینا دەرچوون ، و لە (**المحصب**) دابەزیون شەو تێیدا مانەوەتەوە (**النووي**) .

(**المحصب**) یش ئەو دۆڵەیە کە سەری لە (**الأبطح**) ی نێوان مەکە و میناوە دەردەچێت ، هەروەکو لە (**النهاية**) دا هاتووە .

ئەوەش بزانە (**جابر**) ﷺ لەگەڵ جوانی گێڕانەوەی بۆ چۆنێتی حەجی پێغەمبەر ﷺ باسی تەوافیماڵئاوایی (**طواف الوداع**) ی نەکردووە ، لە هەموو ئەو ڕیوایەتانەی کە من بەرچاوم کەوتوون ، بەڵام دایکە (**عائشة**) ـ رضي الله عنها ـ لەم بەسەرهاتەیدا دەیگێڕێتەوە کە دەفەرمووێت لە کۆتاییەکەیدا : " **فجئنا رسول الله ﷺ وهو في م له من جوف الليل فقال : هل**

واتە : عومرەی لە دوای حەج ئەنجام دا ، پاشان لە شەوی ( **الحصبة** ) دا گەڕایەوە .

**١١٦ ـ [ وقَالَ جابر : طَاف الرسولُ ﷺ بِالْبيتِ فِي حِجةِ الْــوداع (١٠٣) علَى راحِلَتِهِ يستلِم الْحجر بِمِحجنِهِ ، لأَنْ يراه الناس ولْيشرف ولْيسأَلُوه فَإِن الناس غَشوه : م د حم ] .**

واتە : وە جابر رضي الله عنه فەرمووی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە حـەجی مـاڵ ئاوایدا بە سەر ووشـترەکەیەوە تـەوافی دەکـرد ، و گاڵۆکەکـەی دەهێنـا بـە بەردە ڕەشەکەدا ، بۆ ئـەوەی خەڵکەکـە ببیـنن ، و ئاشـکرا بێـت ، وە بـۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکرێت ، چونکە خەڵکەکە ڕشابوونە سەری .

**١١٧ ـ [ وقَالَ (١٠٤) : رفَعت امرأَةٌ صبِياً لَها إِلَى رسول اللهِ ﷺ فَقَالَت : يــا رسولَ اللهِ أَلِهذَا حج ؟ قَالَ : نعم ، ولَكِ أَجر : ت مج هق ] (١٠٥) .**

---

**فرغت ؟ قلت : نعم فآذن** في **أصحابه بالرحيل فخرج فمر بالبيت فطاف به قبل صلاة الصبح** ثم **خــرج إلى المدينة "** ( أخرجه البخاري ومسلم والسياق له وأبو داود ) .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێکردنی هەندێك توند (**الرمل**) ی نەکردووە نە لەم تەوافـەدا ، و نەش لە تەواف (**الصدر**دا ) دا هەروەکو فەرموودەی (**عمر**) لە (**الصحيحين**) دا ئامـاژەی پێداوە .

(١٠٣) ليس في الحديث كما ترى تعيين هذا الطواف وقد سبق أن طواف القدوم كان ﷺ ماشيا فهذا محمول - ضرورة الجمع - إما على طواف الإفاضة وإما على طواف الوداع والله أعلم .

(١٠٤) جاء هذا الحديث عن ابن عباس أيضا وفي بعض طرقه التصريح بأن السؤال وقع في رجوعه من مكة إلى المدينة في موضع اسمه الروحاء ولذلك أوردته ههنا .

(١٠٥) أي بسبب حملها وتجنبها إياه ما يجتنبه المحرم وفعل ما يفعله المحرم . **قال النـووي : فيـه حجـة للشافعي ومالك وأحمد وجماهير العلماء أن حج الصبي منعقد صحيح يثاب عليه وإن كان لا** يجزيه **عـن**

واتە : وە فەرمووی : ئافرەتێك منداڵەکەی خۆی بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بەرزکردەوە ، و لێی پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئەمە حەجی بۆ هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، تۆش پاداشت دەدرێیتەوە .

ئەمە دوا شتە کە بەر چاووم کەوتبێت لە ﴿ **چۆنێتی حەجکردنی پێغەمبەر** ﷺ **بە و شێوەیەی کە جابر** رضي الله عنه **لێیەوە دەیگێڕێتەوە** ﴾ ، شوکر و ستایشیش بۆ خوای پەروەردگار بۆ سەرخستنی ، و داواکاریشم لێی زیاتر لە چاکەکانی خۆیم بەسەردا بڕێژێت ، ئەوەشم بە باش زانی ئەم پەرتۆکە بەوە کۆتایی بهێنم بە خستنە ڕووی پوختەی ئەو ئادابانەی حەج کە تێدا باسکراون ، بە تایبەت ئەوانەی کە زۆرگرنگن بۆ هەموو حاجیەك کە بیانزانێت ، و لە نزیکەوەش چاوی لێ بێت ، ئەوەش لە سەر پێشنیاری هەندێك برا ، خوای پەروەردگار پاداشتی خێریان بداتەوە .

**وە بۆ تێر و تەسەلی سوودەکان** : ئەوا من لێرەدا ئەو ئادابانەی تری حەج کە لە پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد لە تەعلیقەکەمدا دەخەمە ڕوو ، بۆ ئەوەی کورتەیەکی پوخت و تێر و تەسەل بێت – إن شاء الله تعالى - ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

**١ ـ الإحرام في إزار ورداء** (١٠٦) .

---

**حجة الإسلام بل يقع تطوعا إجماعا قال إلا فرقة شذت فقالت : يجزيه . ولم يلتفت العلماء لقولها . وقال أبو حنيفة لا يصح حجه قال أصحابه : وإنما فعلوه تمرينا له ليعتاده فيفعله .**

**قال النووي : وهذا الحديث يرد عليهم .**

(١٠٦) شێخی پایە بەرزی ئیسلام (**ابن تيمية**) في (**مناسك الحج**) دا فەرموویەتی : **(( والسـنة أن**

واتە : پۆشینی جلی ئیحرام کە لە دوو بەش پێك هاتووە ، بەشی یەکەمیان ناوك تاکو خواری ئەژنۆ ، کە پێی دەووترێت ( **الإزار** ) ، وە دووەمیان بەشی سەروەری لەش دادەپۆشێت جگە لە سەر و شانی ڕاست نەبێت ، کە پێی دەووترێت ( **الرداء** ) .

## ٢ ـ لبسهما ، والتطيب قبله .

واتە : لە بەر کردنی ئەو دوو پۆشاکە ، و خۆ بۆنخۆشکردن پێش لەبەرکردنیان .

## ٣ ـ الإحرام من الميقات .

واتە : پۆشینی جلی ئیحرام لەو جێگانەی کە بۆی دیاری کراون .

## ٤ ـ إحرام النفساء والحائض بعد الإغتسال .

واتە : پۆشینی جلی ئیحرام بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە زەیسانی و بێ نوێژیدان دوای خۆشوردنیان .

## ٥ ـ الإحرام بحج وعمرة (١٠٧) .

---

يحرم في **إزار ورداء سواء كانا** مخيطين **أو غير** مخيطين **باتفاق الأئمة ))** ، قال صديقنا مدرس المسجد النبوي الشيخ ( **عبد الرحمن الإفريقي** ) ـ رحمه الله ـ في كتابه ( **توضيح الحج والعمرة : ص ٤٤** ) : **(( ومعنى** مخيطين **أن تكون** في **الرداء والإزار خياطة عرضا أو طولا وقد غلط** في **هذا كثير من العوام يظنون أن المخيط الممنوع هو كل ثوب خيط سواء على صورة عضو الإنسان أم لا بل كونه** مخيطا **مطلقا وهذا ليس بصحيح بل المراد بالمخيط الذي ى عن لبسه هو ما كان على صورة عضو الإنسان كالقميص والفنيلة والجبة والصدرية والسراويل وكل ما على صفة الإنسان** محيط **بأعضائه لا** يجوز **للمحرم لبسه ولو بنسج وأما الرداء الموصل لقصره أو لضيقه أو خيط لوجود الشق فيه فهذا جائز ))** .

(١٠٧) شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) في ( **المناسك** ) : **(( ويستحب أن** يحرم **عقب صلاة : إما فرض ، وإما تطوع ، إن كان وقت تطوع** في **أحد القولين ، وفي الآخر**

واته : تەلبیه کردن دوای پۆشینی جلی ئیحرام به حەج و عومره .

**٦ ـ الحج راكبا .**

واته : ئەنجامدانی حەج به سواری‌یەوه .

**٧ ـ الحج بالنساء والصبيان .**

واته : بردنی خێزان و منداڵ له گەڵ خۆدا بۆ ئەنجامدانی حەج .

**٨ ـ التلبية بتلبية النبي ﷺ ورفع الصوت ا .**

واته : تەلبیەکردن و دابەستنی حەج هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی ، له گەڵ بەرزکردنەوەی دەنگ تیایدا .

**٩ ـ فسخ الحج من نواه مفردا أو قرن إليه عمرة ولم يسق الهدي .**

واته : گۆڕین و پچڕاندنی نیەتی حەج بۆ ئەو کەسەی که نیەتی حەجی هێناوه به تەنها ، یان نیەتی عومرەشی له گەڵ دا هێناوه ، ئەگەر حەیوانی دیاری (الـهدي) له گەڵ خۆدا نەبردووه .

**١٠ ـ طواف القدوم سبعة أشواط .**

واته : حەوت جار تەوافکردنی هاتن و دەست پێکردن .

**١١ ـ الاضطباع فيها .**

واته : پۆشینی جلی ئیحرام به شێوەیەك شانی ڕاستی تیایدا

---

**إن كان يصلي فرضا أحرم عقبه . وإلا فليس للإحرام صلاة تخصه ، هذا أرجح )).**

واته : سوننەته پاش نوێژێك ، فەرز بێت یان سوننەت ئیحرام ببەستێ ، ئەگەر کاتی سوننەت بێت له یەکێك له دوو ووتەکه ، لەوی تریاندا ئەگەر نوێژی فەرزی ئەنجام دەدا پاش ئەوه ئیحرام بپۆشێ ، ئەگینا ئیحرام پۆشین هیچ نوێژێکی تایبەتی نی‌یه ، ئەمەیه ووتەی هەڵبژاردە .

دەربخرێت ، ئەو شێوەیەش پێی دەووترێت ( **الاضطباع** ) .

**١٢ـ الرمل في الثلاثة الأولى منه .**

واتە : هەروەلە کردن لە سێ خولی یەکەمی تەوافکردن .

**١٣ـ التكبير عند الحجر .**

واتە : ﴿ الله أكبر ﴾ کردن لە لای بەردە ڕەشەکەدا .

**١٤ـ تقبيل الحجر ، أو استلام الركن اليماني في كل شوط .**

واتە : ماچکردنی بەردەڕەشەکە ، یان دەست پێوەدانی ڕوکنی یەمانی لە کۆتایی هەموو تەوافێك دا .

**١٥ـ صلاة ركعتين بعد الفراغ من الأشواط .**

واتە : کردنی دوو ڕکات نوێژ پاش لێبوونەوە لە ئەنجامدانی تەوافەکان .

**١٦ـ القراءة فيها بـ** ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ **و** ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ .

واتە : خوێندنەوەی : ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ و﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ تیایاندا.

**١٧ـ صلاتهما خلف المقام .**

واتە : ئەنجامدانی ئەو دوو ڕکاتە لە پشتی شوێنەوار و مەقامی (**إبراهيم** ) ەوە .

**١٨ـ الشرب من زمزم والصب منها على الرأس .**

واتە : خواردنەوەی ئاوی زەمزەم ، و کردنی هەندێکیش بە سەر سەردا .

**١٩ـ العود إلى استلام الحجر الأسود .**

واتە : گەڕانەوە بۆ دەست پێوەدانی بەردەڕەشەکە .

**٢٠ ـ الوقوف على الصفا مستقبل القبلة .**

واتە : وەستان ڕووەو قیبلە لە سەر کێوی سەفا .

**٢١ ـ ذكر الله عليها وتوحيده وتكبيره وتحميده و تهليله ثلاثا .**

واتە : زیکر کردنی خوای پەروەردگار لە سەر کێوی سەفا ، و ڕاگەیاندنی یەکخوا پەرستێتی ، و ( الله أكبر ) کردن و شوکر وستایش کردنی ، و ووتنی : ( لا إله إلا الله ) سێ جار .

**٢٢ ـ المشي بينها وبين المروة سبعا .**

واتە : ڕێکردن و تەوافکردن حەووت جار لە نێوان ئەم و کێوی مەروەدا .

**٢٣ ـ السعي بينهما في بطن الوادي في كل شوط .**

واتە : ڕێکردنی هەندێك تونتر لە نێوان ئەم دوو کێوەدا ، و بە ناو ئەو دۆڵەی کە لە نێوانیاندایە لە هەموو جارێك دا .

**٢٤ ـ الوقوف على المروة .**

واتە : وەستان لە سەر کێوی مەڕوە .

**٢٥ ـ الذكر عليها كما فعل على الصفا .**

واتە : زیکر کردنی خوای پەروەردگار لە سەر کێوی مەڕوە هەروەکو چۆن لە سەر کێوی سەفادا ئەنجامی دا .

**٢٦ ـ ختم السعي على المروة .**

واتە : کۆتایی هێنان بە تەواف و هاتووچۆکانی ـ لە نێوان دوو کێوی سەفا و مەروەدا ـ لە سەر مەڕوە .

**٢٧ ـ التحلل من الإحرام من التمتع أو القران الذي لم يسق الهدي ، بقص الشعر ولبس الثياب وغير ذلك .**

واتە : داکەندن و کردنەوەی جلی ئیحرام ، بۆ کەسێك کە تەلبیەیی بە عومرە کردبێت ، یان تەلبیەیی بە حەج و عومرە کردبێت لە گەڵ یەکدا ، بەمەرجی حەیوانی دیاری (الـهدي) لە گەڵ خۆیدا نەهێنابێت ، ئەوەش بە لێ بڕینی پرچ ، و پۆشینی پۆشاك ، و جگە لەوانەش .

**٢٨ـ تـحلل المـتمتع ، بقص الشعر لا الـحلق .**

واتە : داکەندن و کردنەوەی جلی ئیحرام ، بۆ کەسێك کە تەلبیەیی بە عومرە کردبێت ، بە لێ بڕینی پرچی ، نەك بە تاشینی .

**٢٩ـ الإهلال بالحج يوم التروية .**

واتە : تەلبیەکردن بە حەج لە ڕۆژی تەرویەدا .

**٣٠ـ الذهاب إلى منـى والبيات فيها .**

واتە : ڕۆشتن بۆ مینا ، و شەو مانەوە تیایدا .

**٣١ـ أداء صلاة الظهر وبقية الصلوات الخمس ا .**

واتە : ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ ، و نوێژەکانی تریش تیایدا .

**٣٢ـ التوجه منها بعد طلوع شمس يوم عرفة إلى عرفات .**

واتە : ڕۆشتن لە وێوە و دوای خۆرهەڵهاتنی ڕۆژی عەرەفە بۆ کێوی عەرەفە .

**٣٣ـ النـزول بنمرة عند عرفات .**

واتە : دابەزین و چوونە ( **نمرة** ) ، کە لە لای کێوی عەرەفەیە .

**٣٤ـ الجمع بين الظهر والعصر عندها جمع تقديم .**

واتە : کۆکردنەوەی دوو نوێژی نیوەڕۆ و عەسر لە ( **نمرة** ) بە پێش خستنی نوێژی عەسر بۆ لای نوێژی نیوەڕۆ .

**٣٥ـ الوقوف على عرفة مفطرا .**

واتە : چونە سەر کێوی عەرەفە وەستان لە سەری بێ ئەوەی بە ڕۆژوو بیت .

**٣٦ـ الخطبة في عرفة .**

واتە : ووتار خوێندنەوە لە کێوی عەرەفە .

**٣٧ـ استقبال القبلة رافعا يديه يدعو على عرفة .**

واتە : ڕووکردن لە قیبلە ، و دەست بەرزکردنەوە لە کاتی پاڕانەوە لە سەر کێوی عەرەفە .

**٣٨ـ التلبية على عرفة .**

واتە : تەلبیەکردن لە سەر کێوی عەرەفە .

**٣٩ـ الإفاضة من عرفة بعد الغروب ، وعليه السكينة .**

واتە : دابەزین لە کێوی عەرەفە دوای خۆرئاوا بوون ، بە سەکینە و وەقارەوە .

**٤٠ـ الجمع بين المغرب والعشاء جمع تأخير في المزدلفة .**

واتە : کۆکردنەوەی نوێژی مەغریب و عیشا ، بە دواخستنی نوێژی مەغریب بۆ کاتی نوێژی عیشا ، لە موزدەلیفەدا .

**٤١ـ الأذان فيه بإقامتين .**

واتە : ئەنجامدانی ئەو دوو نوێژە بە یەك بانگ و دوو قامەت .

**٤٢ـ ترك السنة بين الصلاتين .**

واتە : ئەنجام نەدانی نوێژی سوننەت لە نێوان ئەوو دوو نوێژەدا .

**٤٣ـ البيات بها بدون إحياء الليل .**

واتە : مانەوەی شەو تیایدا بێ زیندو کردنەوەی ئەو شەوە بە شەونوێژ .

**٤٤ ـ صلاة الفجر** حين تبين **الفجر .**

واتە : ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ئەو کاتەی کە گزنگی ڕاستگۆ ڕوون و ئاشکرا دەبێت .

**٤٥ ـ الوقوف على المشعر الحرام منها ، مستقبل القبلة داعيا ، حامـدا ، مكبرا ، مهللا ، حتى الإسفار جدا .**

واتە : وەستان لە سەر مەشعەرولحەرام ( **کێوی قـەزەح** ) ی موزدەلیفە بەوەستان ڕووە و قیبلە ، لە کاتی پاڕانەوە ، و کردنی شوکری خوای پەروەردگار ﴿ **الحمد** لله ﴾ ، و ﴿ الله **أكبر** ﴾ ، ووتنی ﴿ **لا إلـه إلا** الله ﴾ ، تاکو کاتی خۆرەزەردەیەکی درەنگ .

**٤٦ ـ الدفع منها قبل أن تطلع الشمس .**

واتە : دابەزین لە مەشعەرولحرام پێش هەڵاتنی خۆر .

**٤٧ ـ الإسراع قليلا** في **بطن محسر .**

واتە : هەندێك بەتوندی ڕێکردن لە دۆڵی ( **محسر** ) ـ کە شوێنێکە لە نێوان مینا موزدەلیفە ، و شوێنی لەناودانی سوپاو فیلەکانی ئەبرەهەیە کە ویستی کەعبە بڕوخێنێت ـ .

**٤٨ ـ الذهاب** إلى **الجمرة ، من طريق أخرى ،** غير **طريق الذهاب** إلى **عرفات .**

واتە : ڕۆشتن بۆ ڕەجم کردن ، لە ڕێگەیەکی تر ، جگە لە ڕێگەیەی ڕۆشتن بۆ کێوی عەرەفە .

**٤٩ ـ رمي الجمرة الكبرى يوم النحر من بطن الوادي بسبع حصيات ضحى .**

واتە : ڕەجمکردنی ( **الجمـرة الكـبرى** ) لە ڕۆژی قوربان ، و لە ناوجەرگەی دۆڵەکەوە بە حەوت بەرد ، و لە کاتی چێشتەنگا .

**٥٠ ـ الرمي بحصى الخذف .**

واتە : بەردەکانی ئەم ڕەجمکردنە ئەوەندەی ناوکە پاقلەیەك دەبوون .

